# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٨١٢ ▪ دووشەممە ١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢١

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## هەڵەیەکی گەورەیە بێتوو پرسی کورد بە هەڕەشە دابنرێ



– ڕاستە زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لەدژی ئەو دەسەڵاتەن، خۆپیشاندان دەکەن و بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم تێچووی قورسیش بۆ ئەو دژایەتییە دەدەن، بەڵام نیزامێکی سیاسی هەر بە نەفسی نارەزایەتی و خۆپیشاندان نارووخێ و ڕووخانی نیزامێکی سیاسی ئاڵترناتیڤی دەوێ.

– خەباتی سیاسی، جەماوەری، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، زمانی و دەرکەوتنی خەڵک بە بۆنەی سیاسی و مێژوویی گەورەترین ماتریالی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لەدژی کۆماری ئیسلامی.

– بە نەیارانی کۆماری ئیسلامیمان گوتووە ماف و داواکانمان بە دێموکراسییەک ناسپێرین لە داهاتوودا کە ئێمە بکەوینە کەمینە و ئاوان زۆرینە بن، ئێرانی داهاتوو دەبێ لە سەر بنەمای ڕێککەوتنی پێکهاتەکانی دروست بکرێتەوە.

– ئەوە مافی میللەتی کوردە کە بیر لە داهاتووی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە، بۆیەشە دەبینین کە بۆچوونێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران هەیە کە داوی دەوڵەتێکی کوردیی خۆی دەکا.

– کوردستانی ئێران بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە و ئەگەر ئێرانییەکان لەو دەرفەتە کەڵک وەرنەگرن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن.

**(تەواوی دیمانەکە لە لاپەڕەکانی ٢–٣دا بخوێنەوە.)**

## خالید عەزیزی:

# خواستی دەوڵەتی کوردی دەنگێکی بەهێزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



## بەڕێوەچوونی دەیەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین کۆبوونەوەی خۆیدا دوایین ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکە و بارودۆخی ئێران و کوردستان، پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و کۆمەڵە بابەتێکی نێوخۆیی و تەشکیلاتیی خستە بەر باس.

ڕۆژی دووشەممە، ٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی (٢٩ی نۆڤامبری ٢٠٢١ی ز)، دەیەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵیی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزب، جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسانی ناوەندەکانی حیزب، بەڕێوە چوو.

کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێ کرد و لە بڕگەی یەکەمی دەستووری کاری کۆبوونەوەکەدا بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی لەسەر بارودۆخی کوردستان، ئێران و پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان پێشکێش کرد کە ئەم لێکدانەوەیە بە هەڵسەنگاندن و ڕا و بۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکە دەوڵەمەندتر کرا.

لە لێکدانەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبدا بە ئاماژە بە تێپەڕینی نیزیک بە چوار مانگ لە دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی هاتبوو کە یەکدەستبوونی پتری دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا بووەتە هۆی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## ناوە کوردییەکان لە تاران بڤەیە

بە بڕیاری وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ڕێژیم بەکارهێنانی هەرچەشنە ناوێکی کوردی و ناوە خۆجێییەکانی دیکەی ئێران بۆ بەکارهێنان لە سەردەرانەی دوکان و تابلۆی شوێنە تیجاری و سینفییەکان لە پێتەختی ئێران قەدەغەیە. چالاکانی سیاسی و مافی مرۆڤ ئەو بڕیارەی وەزارەتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی بە شێوازی نوێی ئاپارتاید ناو دەبەن.

بەپێی ئەو بڕیارە ناوە خۆماڵی و «خۆجێی»یەکانی نەتەوەکانی ئێران تەنیا دەبێ لە ناوچەکانی خۆیاندا بەکار ببرێن و نابێ لە تاران کەلکیان لێ وەربگیرێ. پێشتر و لە سەردەمی ئەحمەدینژادیش‌دا وەزارەتی ئیرشاد بەکارهێنانی ناوە بیانییەکانی بۆ دوکان و شوێنە بازرگانییەکان، ناوی فیلم و کتێب و بەرهەمە هونەرییەکانیش قەدەغە کردبوو. بۆ نموونە بەهۆی ئەو بڕیارە سەیروسەمەرەیە تەهمینە میلانی ناچار بوو بۆ وەرگرتنی مۆڵەت، ناوی فیلمەکەی لە «پرەنسیپ» ڕا بکاتە «لە نێوان من و تۆدا یەکمان». بەڵام ئێستا دەوڵەتی «قازیی مەرگ» هەنگاوێکی دیکەش بەرەوپێش چووە و ناوە کوردی، تورکی، بەلووچی و عەرەبییەکانیشی لە پێتەخت‌دا قەدەغە کردووە و پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە سەردەرانە و ناوی هەموو شوێنەکان تەنیا دەبێ فارسی بێ. نادر مرادی، ڕەئیسی «ئەماکن»ی سەر بە هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم لە تاران دەڵێ چاودێری بەسەر جێبەجێ‌کردنی ئەو بڕیارە بەوان سپێردراوە و لەمەودوا ئیزنی چالاکی بە هیچ یەکەیەکی پیشەیی نادرێ بێتوو ناونیشانەکەی فارسی نەبێ، هەروەها ناوی ئەو دووکان و شوێنانەش دەسڕنەوە کە پێشتر بە زمانی فارسی وەرنەگیراون.

## هەموو ڕێگاکان ناگەنە ڤییەن

خولی حەوتەمی وتووێژەکانی ڤییەن بۆ بووژاندنەوەی بەرجام بەبێ گەیشتن بە ئەنجام کۆتایی هات. لەو خولەی دانوستانەکاندا شاندێکی کۆماری ئیسلامی نوێنەرایەتیی ڕێژیمی دەکرد کە لە کاتی ئیمزاکردنی بەرجامدا دژی ئەو ڕێککەوتنە بوو. شاندی نوێی ڕێژیم بۆ پاساودانی پاشەکشە و گۆڕینی ڕەفتاری ئێستایان ناوی وتووێژەکان بۆ بووژاندنەوەی بەرجامیان بۆ «سڕینەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا» گۆڕیوە.


ئەگەرچی نێوەرۆکی وتووێژەکانی ئەم دواییانە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە لە شوێنی ڕاگیرانی دانوستانەکان لە شەش مانگ پێش ئێستادا درێژە بە وتووێژەکان بدا و ئەمەش دژایەتی و نارەزایەتیی ترۆئیکای ئورووپایی لێ کەوتۆتەوە. ئانتونی بلینکەن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە وادیارە ئێران نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ بەرجام و ئەوانیش چیدی ڕێگە نادەن کۆماری ئیسلامی بە بیانووی درێژکردنەوەی وتووێژەکان، لە چالاکییە ئەتومییە هەستیارەکانی بەردەوام بێ. بلینکەن دەڵێ ئەمریکا ئامرازەکانی دیکەی دەرەوەی وتووێژەکان بۆ لەغاوکردنی ئێران دەکار دەکا. نەفتالی بنێت، سەرۆک‌وەزیرانی ئیسرائیلیش داوای لە یەک‌یەکی وڵاتانی بەشدار لە وتووێژەکانی ڤییەن کردووە کە لە بەرامبەر ئێراندا توند و شێلگیر بن و ڕێبەرانی ڕێژیم تێگەیەنن کە ناتوانن هاوکات لەگەڵ وتووێژەکان درێژە بە پیتاندنی ئورانیومیش بدەن! ئەو دەڵێ ئێران دەبێ باجی لادان و سەرەڕۆییەکانی خۆی بدات.




وڕێنەکانی خامنەیی کۆتاییان نایە
٤



مانیفێستی نوێی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران
٥



حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا
٧



هێما نەتەوەییەکان ڕەمز و نیشانی نیشتمانن
٨ – ٩



٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژێکی ساڵ و ئەرکێکی بەردەوام
١٠

دریژەی ڕاگەیاندراو

## بەڕێوەچوونی دەیەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

... بەرتەسکبوونەوەی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتری ئازادییەکانی خەڵک و کەڵەکەبوونی پتری قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. بەجۆرێک کە مودیرییەتی کۆمەڵگە لەلایەن حاکمییەتی سیاسیی ڕێژیمەوە، خۆی لە دەرگیرکردنی خەڵک لەگەڵ کێشە و قەیرانە نێوخۆییەکاندا دەبینێتەوە و لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا درێژکردنەوەی وتوویژەکانی بووژاندنەوەی بەرجام بە مەبەستی کڕینی کات و کەڵەوەکێشیی زیاتر بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی پتر بووە.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی بە تاوتوێی دۆخی دژواری ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک کە لە سۆنگەی مودیرییەتی ئیدئۆلۆژی و میلیتاریی ڕێژیم لە ئیدارەکردنی وڵاتدا پێکهاتووە، دنیابینیی و سیاسەتەکانی ڕێژیم و گەندەڵیی سیستماتیک و هەوسارپچڕاوی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی بە هۆکاری بنەڕەتیی دۆخی ئێستای وڵات زانی و ئەم ئاکامگیرییەی کرد کە کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە جەوهەری پێکهاتەکەی نە لە ئاستی نێوخۆی وڵاتدا توانای چارەسەری کێشە و قەیرانەکان و ئاوڕدانەوە و پێڕاگەیشتن بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەیە؛ نە بەهۆی بەردەوامیی لە سیاسەتی دەستێوەردان و قەیرانخولقێنیدا دەتوانێ متمانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە هاوکێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا دەستەبەر بکا.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی دواتر ئاوڕی لەوە دابۆوە کە ڕێژیم سەرەڕای ئەم دۆخە نالەبارە بەڵام لە سەرکوتی ماف و داواکانی خەڵک، لە زاڵکردنی کەشی ئەمنیەتیی پتر بەسەر کۆمەڵگە، لە سیاسەتی هەڵاواردنی سیستماتیکی خۆی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی خەڵکدا بەردەوام بووە. سەرکوتی توندوتیژ و خوێناویی خۆپیشاندانەکان لە چەند شار و پارێزگایەکی وڵات بە کەمی یان نەبوونی ئاو کە بەشی سەرەکیی ئەو قەیرانەش بۆ سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە مودیرییەتی کەرتی ئاو دەگەڕێتەوە، دەری دەخا کە حاکمییەتی سیاسیی کۆماری ئیسلامی هەروەک هەمیشە تەنیا زمانی سەرکوت دەناسێ.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی لە درێـژەدا بەربڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی کـۆمـاری ئیسلامی و نـەبـوونـی هـاوپـێـوەنـدی و یـەکـڕیـزیـی هێزە سیاسییەکانی بە بەشێک لە هۆکارەکانی مانەوەی پتری ڕێژیم لە دەسەڵات و کەمایەسییەکی گەورە لەپێناو دروستبوونی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دانا. لێکدانەوەیە بە تەکزکردن لەسەر خەسارەکانی پەرش‌وبڵاوی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری پێی لەسەر ئەوەی داگرت کە پێویستە هەوڵ و تێکۆشانەکان بەرەو ئەو ئاقارە بڕوا کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە عەقڵییەتی هەڵکردن لەگەڵ یەکتری و ڕێککەوتن و سازان لەسەر بنەما جەوهەرییەکان بەرەو بوون بە ئاڵترناتیڤی جێی متمانە بۆ لادانی کۆماری ئیسلامی هەنگاو بنێ. هەروەها بە ئاماژەدان بە ڕەوتی پەرەئەستێنی شوناس‌ویستی و بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی هەمیشەیی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بۆ وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی خەڵکی کورد ئەو ئاکامگیرییەی کرد کە بەهێزترکردنی بەرەی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی و ڕێکخستن و سازماندانی پتری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، ئەرکێکی هەنووکەییە کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و ناڕازییانی دیکەی ڕێژیم دەبێ پلانیان بۆی هەبێ. لەم بەشە لە لێکدانەوەکەی دەفتەری سیاسیدا هاتبوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە نێو بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و هەم لە بەرەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەوڵی بەکردەوەی بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و هاوپێوەندی لەگەڵ یەکتر داوە و باوەڕی نەگۆڕی ئەوە بووە کە یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن، بەردی بناغەی لادانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیدارەی ئێرانی داهاتوو بە مەبەستی چێکردنی ئازادی و بەرابەری بۆ هەمووان و دەستەبەری مافە نەتەوەیی و ئازادییەکانی خەڵکی کورد و پێکهاتەکانی دیکەی ئێرانە.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی بە ئاوڕدانەوە لە بەردەوامیی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات کە بەهۆی دۆخی کارەساتباری ئابووری و کۆی قەیرانەکانی دیکەی وڵات هەر جارە و لە شوێنێکی وڵاتدا سەر هەڵدەدەن، وێڕای بەرزنرخاندنی جمۆجۆڵ و بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان ئەو ئاکامگیرییەی کرد کە سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی پاشەکشەی بە بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی وڵات نەکردووە. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە درێژەدا هیوای خواست کە ئەم تێکۆشان و ناڕەزایەتییانە لە سایەی مودیرییەتی باشتر و یەکگرتوویی زیاترەوە بتوانن لە ئاستی سەراسەریدا چالنجێکی جدی بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکەن.

لێکدانەوەی دەفتەری سیاسی هەروەها بە تیشکخستنە بەردەوامیی تێکۆشانی سیاسی و جموجۆڵە فەرهەنگی و مەدەنییەکان لە کوردستان کە تێچووی زۆریشی بۆ چالاکانی ئەم بوارانە بووە، ئاستی بەرزی شعووری نەتەوەیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرز نرخاند و جارێکی دیکەیش پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە سەرخستنی بزووتنەوەی مافخوزانەی کورد لە ئێران پێویستیی پتری بە یەکڕیزی و هاوپێوەندیی بەکردەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و هاوپێوەندییان لەگەڵ بزووتنەوە مەدنییەکانی نێوخۆ هەیە

پرسی چەندی‌وچۆنیی وتوویژەکان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان تەوەرێکی دیکە باسەکانی دەیەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لەم پێوەندییەدا سەرەتا بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی یەکگرتنەوە، ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوتی وتوویژەکان بە کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دایەوە. دوای باسێکی دەوڵەمەند لەلایەن بەشدارانی کۆبوونەوەکە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دەفتەری سیاسیی ئەرکدار کرد تا لە هەوڵەکانی بۆ بەئاکامگەیاندنی ئەو پرۆسەیە بەردەوام بێ.

دەیەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە دوابەشی کاری خۆیدا چەند بابەتێکی دەروون‌تەشکیلاتی بۆ وەرگرتنی بڕیار و ڕاسپاردەی کۆمیتەی ناوەندی خستە بەر باس و بەمجۆرە پاش چەند کاتژمێر کاری چڕوبەردەوام کۆتایی بە ئەرکەکانی خۆی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠

# خالید عەزیزی: ئەوە مافی گەلی کوردە کە پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم و دیاریکردنی چارەنووسی سەربەخۆی خۆی ببات

دیمانە: عەلی لەیلاخ



**"ئێمە دەڵێین لەسەر ئەساسی بەشداری و هاوبەشی، لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵکردن هیچ لایەک نەخرێتە پەراوێزەوە و هەڵاواردن نەمێنێ و، ئێران بەیەکەوە ئیدارە بکەین. بە نەیارانی کۆماری ئیسلامیمان گوتووە ئەوە بە ڕێککەوتن و سازان دەکرێ. ئێمە ئەوە بە دێموکراسییەک ناسپێرین لە داهاتوودا کە ئێمە بکەوینە کەمینە و ئاوان زۆرینە بن. یەکەم لەسەر هێندێک ڕوکنی ئەساسی و قانوونی ڕێککەوتنێک دەکەین کە کەس هەڵینەوەشێنێتەوە. دوویەم، ئێمە با زۆر بە ڕاشکاوی بە هەموو لایەنەکان بڵێین بۆچوونێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران هەیە کە داوی دەوڵەتێکی کوردیی خۆی دەکا"**

**ئاماژە: سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین وتوویژی "کوردکاناڵ" لەگەڵ بەڕێزیاندا، سیاسەت و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەهەمبەر پرسە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی ئێستای ئێران و کوردستان شی کردەوە. "کوردستان" پوختەی ئەم وتووێژە بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە.**

***

**کاک خالید لەم ڕۆژانە دەیەمین کۆبوونەی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٧حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. شرۆڤەی بارودۆخی ئێران یەک لە بەرنامەکانی کاری ئەم کۆبوونەوەیە بووە. کۆمیتەی ناوەندی ئەو بارودۆخەی چۆن هەڵسەنگاند؟**

کۆمیتەی ناوەندی ڕای وابوو بۆوەی پێناسەیەکی ورد لە بارودۆخی ئێران بکرێ، دەبێ کۆمەڵێک فاکتۆر لە هاوکێشەکەدا بەشدار بکەی و بەپێی دەوری ئەو فاکتۆرانە بارودۆخی ئێستای وڵات هەڵسەنگێنی و بۆ داهاتوو پلان و بەرنامەمان هەبن. لە هەنگاوی یەکەمدا ئێمە تاوتوێی بارودۆخی دەسەڵاتمان کرد، دوای نیزیک لە ١١٥ ڕۆژ لە دەسبەکاربوونی ڕەییسی، دواتر ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر دەبنەوە و لە مێتۆد و شێوازی جۆراوجۆردا دەردەکەون. بەتایبەتی‌تر تاوتوێی دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەمیشە گوتومانە، شعووری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر پەرەدەستێنێ و ئێمە شانازیی بە خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمان دەکەین. ئەوانە تەوەری سەرەکیی لێکدانەوەی کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە ئەندامانی ڕێبەری ڕاوبۆچوونی خۆیانیان لەسەر دەربڕی و کۆبوونەوەکە کۆبەند و ئاکامگیریی لێ کرد و لەو پێوەندییەدا کۆمەڵە ڕاسپاردەیەک بە دەفتەری سیاسی درا.

**کابینەی ڕەییسی بە یەکدەستکردن و نیزامیکردنی پتری دەسەڵات وڵات بەرەو کوێ دەبا؟ ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە کوردییەکان لەو بارودۆخەدا چییە؟**

بە گشتی ئەوە سروشت و خەسڵەتی شۆڕشەکانە. کاتێک کە شۆڕش دەکرێ ئەو لایەنەی کە شۆڕش دەکا خەڵک ڕووی تێ‌دەکا. لە ئێراندا بەرەی خومەینی و شیعە و ئیسلامی شیعە، بەربڵاو چوونە پێشێ و خەڵکێکی زۆریان ڕەگەڵ خۆیان خست. دوایە بەرەبەرە خەڵکیان لێ تەکییەوە و هەوڵەکان بەردەوام بۆ ئەوە بوون کە بەناوی ئەو خەڵکانە کە شۆڕشیان کردووە، دەسەڵات یەکدەست‌تر دەکەن. کە کات تێ‌دەپەڕێ شۆڕش و عاتفە هەمووی تابیعی کەش‌وهەوایکە لەوێدا لێپرسینەوە و بەدواداچوون کەمە، ئەو کەسە کە دروشم دەدا تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕەپانەکە دەگرێتە دەست. بەڵام دوایە کاتێک کە دێتە سەر ئیدارەی وڵات، دەبێ وڵاتێک بەپێی هەموو پێویستییەکان بەڕێوە ببا و لێرەدا کێشەکان دەست پێ دەکەن. لەو ڕۆژەوە دەکرێ بڵێم ئاڵقەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لەدژی خەڵک هەر دێ و بەرتەسک دەبێتەوە. مووسەوی، ڕەفسنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی‌نیژاد و ڕووحانی دێن و دەڕۆن و هەموو ئەوانە کە سەرۆک‌کۆماری ئەو ڕێژیمە بوون، پاش ماوەیەک لەلایەن دەسەڵاتەوە کە خامنەیی ئاراستەکەی دیاری دەکا پرسیاریان لەسەر دروست دەبێ. ئیدی ئەمجارە ڕێبەری ڕێژیم بەو قەناعەتە گەیشت کە ئەو کێشانە لە کۆڵ خۆی کاتەوە، بەمجۆرە بە دەستنیشانکردنی ڕەئیسی، دەوڵەت و مەجلیس و ڕێبەری و ئۆرگانیزمەکانی دیکەی حکوومەت لە یەک بازنەدا جێیان گرت و دەکرێ بڵێی دەسەڵات پتر لە هەر کاتێک یەکدەست بووە. ئێستا ئیدی بەشێکی زۆر لەوانەی پێشتر لە ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیمیش بوون ڕەخنەی توندی لێ دەگرن و ڕۆژ بە ڕۆژ لە خەڵکانی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کەم دەبنەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ژمارەی دژبەرانی ئەم ڕێژیمە زیاتر دەبن.

**بێگومان یەکێک لە هۆکارەکانی درێژەکێشانی تەمەنی ئەو ڕێژیمە دەگەڕێتەوە سەر پەرش‌وبڵاویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کوردیشەوە. بەڕێزت هەموو کات چ ڕەخنەگرانە و چ بە پێشنیار باستان لە پێویستیی کارابوونی ئۆپۆزیسیۆن و بوونی بە بەدیل و ئاڵترناتیڤ کردووە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، باشترین ئاڵترناتیڤ بۆ کۆماری ئیسلامی چییە؟**

جارێ با ئەوە بڵێم ئەوەی لە سەردەمی ئێستادا پێی دەگوترێ سۆشیال مێدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەورێکی زۆریان هەیە لە تەبلیغات دژی کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامی دەیان ڕایەڵەی مێدیایی هەیە و پارەیەکی خەیاڵییشی لێ خەرج دەکا و ئەگەرچی هیچیشی بۆ خەڵکی ئێران نییە و هەموو بۆ مەرامە ئیدئۆلۆژییەکانی ڕێژیم و هەناردەی شۆڕشە، کەچی دەرەقەتی ئەو سۆشیال میدیا بەهێزەی ئۆپۆزیسیۆن نایە. لەنێوخۆی وڵاتیش ناڕەزایەتییەکان بەربەرین و جۆراوجۆرە و ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵک پتر دێتە مەیدان و شێوازی جەماوەری دەگرێتە خۆی. دەمەوێ بڵێم لە ئێستادا زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵک لەدژی ئەو دەسەڵاتەن، خۆپیشاندان دەکەن و بەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیم تێچووی قورسیش بۆ ئەو دژایەتییە دەدەن. ئەو دۆخە دەتوانێ چەندی زیاتریش بەو ڕەواڵە بڕواتە پێشێ، بەڵام نیزامێکی سیاسی هەر بە نەفسی ناڕەزایەتی و دژایەتی ناڕووخێ و ڕووخانی نیزامێکی سیاسی ئاڵترناتیڤی دەوێ. گرفتەکە لە ئێران ئەوە نییە کە خەڵک خەبات ناکەن بگرە خەڵک زۆرتر لە گۆڕەپانەکەدان و باجی زۆریش دەدەن، بەڵام کێشە لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنە. سروشتی کۆماری ئیسلامی ڕوونە و خۆی لە سەرکوت و زەبروزەنگ و کوشتوبڕدا دەبینێتەوە و هەر ئەو سیاسەتەش بە دژی خەڵک، خەڵکێکی زۆر لێ دەکا بە ئۆپۆزیسیۆن. بەڵام ئەو ئۆپۆزیسیۆنانە تا ئێستا نەیانتوانیوە ئاڵترناتیڤ و بەدیلێک بۆ جێگرەوەی ڕێژیم ساز بکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕای وایە کە ئێستا پتر لە هەموو کاتێک لە ئێراندا پێویست بەو ئاڵترناتیڤە هەیە. کۆمەڵگەی جیهانی وەک ئێمە سەیری کۆماری ئیسلامی ناکا، ئەوان خەڵکی ئێران نین و بەو پێیەش دژی کۆماری ئیسلامی نین. ئەوان ئێران لە بازنەی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسەتی کەلانی ئەمنییەتیی خۆیاندا هەڵدەسەنگێنن و بەوپێیە سیاسەتی خۆیانی لەگەڵ دەکەن. بۆ ئەوەش کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جۆری ڕوانینی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، دەبێ جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی لەنێو بەرەی دژبەرانی ئەم ڕێژیمەدا دروست بووبێ. بەڵام ئەم کەمایەسییە بە چی جێبەجێ دەبێ؟ بە لێک‌نیزیک‌بوونەوەی ئۆپۆزیسۆنی کۆماری ئیسلامی. کە باس لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش دەکەین پێم‌خۆشە پێداگری لەسەر ئەوە بکەمەوە کە لە ڕوانگەی ئێمەوە گەورەترین ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەنێو خۆی وڵات و لانیکەم دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتن. ئەو لانی کەمە، هەرچەند لە سۆشیاڵ مێدیای فارسیدا زۆر دەردەکەون، بەڵام بەداخەوە کەم و زۆر وەکوو ئۆپۆزیسیۆنێکی مێدیاییان لێ هاتووە. چار چییە، چار ئەوەیە لە قسە و گوفتار و کرداردا ڕوو بە خەڵکی ئێران، شتێک بڵێن و شتێک دیاری کەن کە هیوا و ئۆمید بۆ خەڵکی ئێران دروست بکا.

**لەو بەشەدا کە پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، کێشەی کورد هەر نەمانی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو چەندوچۆنیی ئەو مافە دێموکراتیک و نەتەوەییە کە دەبێ ئەوانیتر دانی پێدا بنێن. کەچی بەشی زۆری ئۆپۆزیسیۆن ئێستا هەمان شێوە ڕوانینیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی. گرفت چییە؟ ئایا لایەنە کوردییەکان نەیانتوانیوە لە ئاستی ئۆپۆزیسیۆندا مافەکانیان بچەسپێنن؟ تەنانەت جۆرێک شەرمێونی بە داواکاریی ئۆپۆزیسیۆنی کوردییەوە دیارە. بۆ وایە؟**

ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە دەرجەی یەکەم بە پانتایی پرسەکانی کوردستان و هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حیزبە کوردییەکاندا و، دوایەش ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبە ئێرانییەکاندا ئەوە سیاسەتمان بووە کە یارمەتی بە ڕێککەوتن و کۆدەنگی و لێکتێگەیشتنەکان بدەین. ئینسافەن حیزبی دێموکرات لەو بوارەدا بەرپرسانە جووڵاوەتەوە، بەتایبەتی لە قۆناغەکانی دوای شۆڕشی گەلانی ئێراندا، شەهید دوکتور قاسملوو، بەڕاستی ڕچەشکێن و کەسایەتیی دیاری ئەو مەیدانە بوو لە سیاسەت‌کردن و دیپلۆماسی و دانوستاندا. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بیرەوەرییەکی باشیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە، ئەو بیرەوەرییە باشە بەشێک بووە لە مێژوو و ئێمە دەتوانین وەبیریان بێنینەوە، بەڵام ناتوانین هەمیشە سیاسەتی پێ بکەین و سیاسەتی ئێمە دەبێ لەسەر بابەتەکانی ئەمڕۆ بێ. بەخۆشییەوە کوردستان لەدژی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەسەر خەتە. خەباتی سیاسی، جەماوەری، مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، زمانی و دەرکەوتنی خەڵک بە بۆنەی سیاسی و مێژوویی ئامادەییەکی زۆری لە کوردستان لە هەموو چین‌وتوێژەکان و لە هەموو بەشەکاندا دروست کردووە. ئەوە گەورەترین ماتریالی ئێمە و ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لەدژی کۆماری ئیسلامی و لە هەمان کاتدا کە ڕوو بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و خەڵکی نێوخۆی ئەو وڵاتە بڵێین کوردستان ئەوەیە بەو حیزبانەی هەیەتی و بەو خەڵکانەی لە پشت حیزبەکانن و بەو داخواز و مافانەی بۆی تێ‌دەکۆشن. کوردستان دەورووبەری ١٠ میلیۆن کەسە و ئەو خەڵکە مافخوازە ئەگەر بە مافەکانی نەگا، چ لەو حکوومەتەدا کە ئیحتمالی کەمە، و چ لە حکوومەتی داهاتوودا، خەبات و تێکۆشانی بەردەوام دەبێ. بۆیە کوردستان فاکتەرێکە کە دەبێ لە ئێرانی ئێستا و هەروەها دارشتنەوەی ئێراندا لەبەرچاو بگیردرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین کۆنگرەی خۆیدا ڕای وایە کە فێدرالیزم دەتوانێ چارەسەری مەسەلەی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بێ. ئێمە دەڵێین لەسەر ئەساسی

## خالید عەزیزی:

# بۆچوونی پان‌ئێرانیستی بەسەر عەقڵییەتی بەشێک لە ئۆپۆزیسیپنی ڕێژیمیشدا زاڵە

**ئێمە لە کۆنگرەی ١٦دا ڕامانگەیاندبوو، ئەگەر دەسەڵاتی ناوەند وەڵاممان نەداتەوە و بۆ داهاتووی ئێران ئامادەی ڕێککەوتن نەبن لەگەڵمان و، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆنەوە حاشا لە ماف و داخوازە ڕەواکانمان بکەن، کورد مافی خۆیەتی پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم ببا**

**پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە، وەک چۆن عێراق کوردستانی لەگەڵدا نەبێ دروست نابێتەوە، لە سووریەش هەر وا دەبێ، تورکیەش لە داهاتوودا هەر دەبێ بەرەو ئەوە بڕوا. بۆیە ئەگەر ئێرانییەکان لەو دەرفەتە کەڵک وەرنەگرن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن**

**ئاماژە: تۆڕی مێدیایی «ڕووداو» دوای بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕۆژی ٨ی سەرماوەز لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، ڕاوبۆچوونی بەڕێزیانی لەسەر کۆمەڵە بابەتێکی هەستیاری ئێستای ئێران پرسیوە. چەند تەوەرێکی گشتیی پرسیار و وەڵامەکان بەمجۆرە بوون:**

### بابەتی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی

یەکێک لە بەرنامەکانی دەستووری کاری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاستیدا خەسارناسییەکی دۆخی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو بەتایبەتی. لە باسەکاندا گوترا کە نەفسی ئۆپۆزیسیۆن بوون لەدژی جەمهووری ئیسلامی کە بەربڵاوە و زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکیشی لەگەڵدایە، بەس نییە. بۆیە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبێ ببێ بە ئاڵترناتیڤ و لەو پەیوەندییەدا حیزبی دێموکرات هەروەک ڕابردوو تێدەکۆشێ بە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ لایەنەکانی موخالیفی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات و هەروەها دیتنەوەی بەردەنگ لە نێوخۆی وڵاتدا ئاراستەی نارەزایەتییەکان و خەباتی کۆمەڵانی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی بەرەو دروستکردنی ئاڵترناتیڤ و بوون بە بەدیل لەدژی ئەو نیزامە بچێ. ئەگەر ئەو ئالترناتیڤە دروست ببێ،

ئادرەسێک پێک دێ و ئەو ئادرەسە دەتوانێ لەسەر یەکڕیزی یەکگرتوویی کاری پتر بکا و، لەئاکامدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ناوچەکەش هەست بەوە بکەن ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوا کێ جێی دەگرێتەوە.

### پرسی کورد و پێشنیارەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ئەوەی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی لە دهۆک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران، تورکیە و سووریە لەڕێگەی دانوستان و دیالۆگەوە هێنایە گۆڕێ باسێکی باش بوو. ئێمەش دەڵێین کە جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران دژی هیچ نەتەوەیەک نییە و بگرە دەرفەتێکی باشە بۆ سەقامگیربوونی دێموکراسی و مانەوەی ئێران لە داهاتوودا. هیوادارم ئەو داوا و ڕاسپاردەیەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ببیسترێ و کاری بۆ بکرێ، ئەگینا وەک باسم کرد ئەگەر دەیان ساڵیش حکوومەتە مەرکەزییەکان لەگەڵ کورد بەدوای ئەوەدا بڕۆن کە کێشەکە لە ڕێگای نیزامییەوە حەل بکەن، سەرکەوتوو نابن و دواجار هەر دەبێ بگەڕێنەوە سەر میزی وتوویژ و دانوستان. ڕوونە کە سروشتی پرسی کورد لەگەڵ حکوومەتە مەرکەزییەکانە و لە هەمان کاتیشدا ئەو لایەنانەی لە ئێران دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە، تووشی بۆچوونێکی پان‌ئێرانیستی بوون و ئەو بۆچوونانە بە سەر بیرکردنەوەی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنیشدا زاڵە. بۆیە ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامییشدا گرینگ ئەوەیە کێ و بە چ بیرکردنەوەیەک جێی دەگرێتەوە. ئەگەر قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بۆ حکوومەتێکی دیکە تێکەڵاو بێ لەگەڵ جۆرێک تەمرینی دێموکراسی، تەحەممولی یەکتر، جێکەوتنی فەرهەنگی حاوانەوە لەگەڵ یەکتری و لە ئاکامی ئەوەدا لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی کورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە هەیکەل و قانوونی ئەساسیی داهاتووی ئێران دابڕێژرێ، بەوە دەکرێ مانەوەی ئێران گەرەنتی بکرێ. بەڵام ئەوەش بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر. لە نێوخۆماندا یەکڕیزی کورد و لە دەرەوەی ئەو بازنەیەش ڕادەی تێگەیشتنی خەڵکانی غەیری کورد، دامەزراوە و حیزبە سیاسییە غەیرە کوردەکان کە چەندە لە قەزیەی ئێمە تێبگەن. ئێمە دیسان پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە پرسی کورد لەجیاتی هەڕەشە بە دەرفەتی ببینن و هیوادارم لایەنە ئێرانییەکان ئەو هەل و دەرفەتە لەکیس نەدەن. کێشەی ئێمە لەگەڵ تاران لە مەسیری دامەزراندنەوە و درووستکردنەوەی ئێران هەموو لایەکمان بە یەکەوە دەچێتە پێشێ و بۆیەشە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە حەوڵدایین تێگەیشتنی هاوبەشمان هەبێ، بۆ ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان کە کۆماری ئیسلامی ڕووخا، ئیدی ئەو وەختی بەسەر بۆشایی و بەتاڵایی و بە جۆرێک ئانارشیزمدا نەکەوین. کورد لە ئێستادا دەبێ سەرنجی لەسەر تاران بێ و لە تاران حزووری هەبێ، بۆ ئەوەی کە دەنگی خۆی بە کۆمەڵانی خەڵکی وڵات بگەیەنێ.

### دەوڵەتی ڕەئیسی و پرسی کورد

ئێمە هەمیشە گوتومانە کە پرسی کورد لە ئێران ڕێگاچارەی نیزامیی نییە، بەڵام ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ پرسی کورد هەمیشە میلیتاری بووە. لە ئێستاشدا کابینەی ڕەئیسی بە بەراوەرد لەگەڵ کابینەکانی پێشوو پتر ئەمنییەتی‌ترە و پتر بەرپرسان و فەرماندەکانی سپای لە پێکهاتەی دەوڵەت‌دا مەیدانیان دراوەتێ. کوردستانیش زیاتر لە پێشوو بە ڕوانگەی ئەمنییەتییەوە سەیر دەکرێ و هەتا ئێستا لەلایەن کابینەی ڕەئیسییەوە هیچ پەیامێکمان بۆ نەهاتووە کە بیانەوێ وتوویژ و دانوستانیان لەگەڵمان هەبن.

### ئێرانی سبەی و چارەنووسی پێکهاتەکان

ئەمن پێم‌وایە ڕۆژ بە ڕۆژ زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران پتر و باشتر لە مەسەلەی کورد تێدەگەن. گرینگیی مەسەلەی کورد لە پارچەکانی دیکە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سۆشیال میدیاوە زۆرتر چۆتە نێو ئێران و، پێم وایە بەشی زۆری خەڵکی ئێران دژی ئەو سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندن و گرتن و ئێعدامەن کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە دژی نەتەوەی کورد بەڕێوە دەچێ. تەنانەت زۆر لە لایەنە غەیرە کوردەکان لێرە و لەوێ شت دەڵێن و پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی کە هەمیشە تێدەکۆشێ حیزبە کوردییەکان و پرسی کورد بە دەسکیسی ئەمریکا و ئیسرائیل و عەرەبستان دابنێ، ڕوانگەی باشیان بۆ پرسی کورد هەیە. ئێستا هەمووان دەزانن کە پرسی کورد لە کوردستانی ئێران پرسی زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەسە و خەباتی جەماوەری و جموجۆڵە مەدەنی و تێگەیشتنی سیاسی و هەستی نەتەوایەتیی کورد لە ئێران بۆتە ئەمری واقع و لە داهاتووشدا ناکرێ حاشای لێ بکرێ. بۆیە بۆ جارێکی دیکە پێ لەسەر ئەوە دادەگرم کە چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ خەڵکەکانی غەیری کورد لە بەشەکانی دیکەی ئێران پتەوتر بکەن بۆوەی هەموو لایەکمان بەیەکەوە و لە ئێستاوە بتوانین بناغەی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ لە داهاتوودا دابمەزرێنین.

بەشداری و هاوبەشی، لێکتێگەیشتن و یەکتر قەبووڵکردن هیچ لایەک نەخرێتە پەراوێزەوە و هەڵاواردن نەمێنێ و، ئێران بەیەکەوە ئیدارە بکەین. بە نەیارانی کۆماری ئیسلامیمان گوتووە ئەوە بە ڕێککەوتن و سازان دەکرێ. ئێمە ئەوە بە دێموکراسییەک ناسپێرین لە داهاتوودا کە ئێمە بکەوینە کەمینە و ئاوان زۆرینە بن. یەکەم لەسەر هێندێک ڕوکنی ئەساسی و قانوونی ڕێککەوتنێک دەکەین کە کەس هەڵینەوەشێنێتەوە. دوویەم، ئێمە با زۆر بە ڕاشکاوی بە هەموو لایەنەکان بڵێین لە کوردستان بە خۆشییەوە کە تا ڕادەیەک زۆر خەڵک سیاسەتەکانی حیزب دێموکراتیان قەبووڵە، خەڵک لە کوردستان وەزاڵە هاتووە و ڕەخنە لە من دەگرن، ڕەخنە لە حیزبی دێموکرات دەگرن و دەڵێن ئێوە هەوڵ دەدەن بۆ خودموختاری وەڵامتان نادەنەوە، باسی فیدراڵیزم دەکەن وەڵامتان نادەنەوە، لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆر بە حەوسەلە دەچنە پێشێ کەچی دیسان جوابتان نادەنەوە، بۆیە ئەگەر هەروا بڕواتە پێشێ با بزانن کە بۆچوونێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران هەیە کە داوی دەوڵەتێکی کوردیی خۆی دەکا. دەڵێ وا دیارە ئێرانییەکان نایانەوێ بە هیچ جۆر لەگەڵ ئێمە بحاوێنەوە. جا ئەگەر وایە ئێمە ئەو هەمووە تێکۆشان و خەباتە دەکەین و هیچ دەرەنجامێکی نابێ، حەقی ئێمەیە، حەقی ئەو میللەتەیە بیر لە داهاتووی سەربەخۆی خۆی بکاتەوە. دیارە ئەوە سیاسەتی ئێستای ئێمە نییە، بەڵام دەمەوێ بڵێم بۆچوونێکی ئاوا هەیە و بەهێزیشە. ئێمە لە دیدارەکانی خۆماندا گوتومانە کە تابیعی ڕاسپاردە و پەسندکراوەکانی کۆنگرەکانی خۆمانین و ئەوەی لەگەڵ ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی لەسەری دواوین و گوتومانە کە بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی حیزب دەڕۆینە پێشێ. بەڵام لە کوردستانی ئێران ڕەنگبێ خەڵک لەو بۆچوونە ماندوو بووبێ، ماندووبوون نە بەو مانایە لە حیزبی دێموکرات نارازی بن، خەڵک حیزبی دێموکراتیان خۆش دەوێ، ئەو حیزبە حیزبێکە بەڕابردووە، ڕێبەرانێکی هەبووە لە پێناو ئەواندا خوێنیان داوە، بە هەزاران شەهیدیان بۆ مافەکانی گەل داوە، بەڵام خەڵک پێمان دەڵێن ئێوە لە تەعاموول لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا زیادە لە حەد بەحەوسەلە بوون. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە جموجۆڵێکی مافخوازانە و شوناس‌خوازیی نەتەوەییە کە هەمووی لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دایە. حیزبی دێموکرات لە بەرنامەی خۆیدا باسی دیاریکردنی مافی چارەنووسی کردووە، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی لێکدانەوەی ئەو مافە و بە خوێندنەوەی ڕەوشی دۆخ و مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە ئێستادا نیزامێکی فیدراڵ بەباش دەزانین. ئێمە لە کۆنگرەی ١٦دا ڕامانگەیاندبوو، ئەگەر وەڵاممان نەدەنەوە و بۆ داهاتووی ئێران ئامادەی ڕێککەوتن نەبن، بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسۆن حاشا لە ماف و داخوازە ڕەواکانمان بکەن، کورد مافی خۆیەتی پەنا بۆ ڕێفڕاندۆم ببا. ئەو نەتەوەیە دەیان ساڵە لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامە و هەموو مێتۆدێکی خەباتی تاقی کردۆتەوە و بەردەوام پێداگر بووە کە دەیەوێ بە ئاشتی و لە ڕێگەی دانوستانەوە مافەکانی دابین ببن، بەڵام کە هەر جواب نەبوو ئەو ناچارە ڕێگای دیکە بگرێتە بەر.

**کاک خالید حیزبی دێموکرات و پرسی کورد بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە یان هەڕەشە؟**

وەک گوتم کورد لە ئێران نیزیک بە هەشت دەیەیە بۆ دێموکراسی و ئازادی و مافەکانی خەبات دەکا. حیزبی دێموکراتیش حیزبێکی جەماوەرییە و هەموو چین و توێژەکانی تێدایە، هەموو زاراوە و ئایینەکانی تێدایە. ئێمە دەستمان ئاوالایە و جێگامان هەیە بۆ هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵ. مادام دەستمان ئاوالایە خەبات و تێکۆشانەکەشمان جۆراوجۆر و فرە ڕەهەندە و، ڕەهەندی ئەساسی و سەرەکیی ئێمە جووڵانەوەی نێوخۆی وڵاتە. نێوخۆی وڵات دەنگی بەرزە بەدژی کۆماری ئیسلامی و پشتیوانییەکی بەهێزە بۆ حیزبی دێموکرات، شوێنێکە پەیام دەدا بە جیهانی دەرەوەش کە ئەگەر بیر لە داهاتووی ئێران دەکەنەوە، بەبێ خوێندنەوەی کوردستان ئەم وڵاتە ئەمنییەت و ئاسایش بەخۆیەوە نابینێ. بەڵام وەک گوتت مەسەلەکە ئەوەیە کە کوردستان دەرفەتە یان هەڕەشە؟ کوردستان دەرفەتە و هەڕەشە نییە، بۆ؟ لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کە ڕێز لە مافی مرۆڤ و مەنشوورەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگرێ و باس لە پێویستیی پەرسەندنی دێموکراسی و، وەدیهاتنی بنەماکانی مافی ئینسان و کۆمەڵ دەکا؛ هەموو ویست و داخواز و مافەکانی ئێمە لەگەڵ پرەنسیپ و بایەخە جیهاندا‌گرەکان تەبان و لە یەک چوارچێوەدا جێ دەگرن. ئێمە بینیمان کە لە عێراق کوردستانی عێراق دەرفەت بوو بۆ دروستکردنەوەی ئەو وڵاتە، عێراق کوردستانی لەگەڵدا نەبێ دروست نابێتەوە. لە سووریەش هەر وا دەبێ، تورکیەش لە داهاتوودا هەر دەبێ بەرەو ئەوە بڕوا. بۆیە کوردستانی ئێران بۆ داهاتووی ئێران دەرفەتە و ئەگەر ئێرانییەکان لەو دەرفەتە کەڵک وەرنەگرن، هەڵەیەکی گەورە دەکەن.

**کاک خالید لەو ماوەیەدا دوو بابەتی گرینگ هەبوون. بەردەوامیی هەڕەشەکانی سپای پاسداران لە حیزبە کوردییەکان، هەروەها چەند ڕۆژ لەوە پێش سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسی چۆنیەتیی پرسی کوردی لەو وڵاتانەدا کرد کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. لێکدانەوەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

نیزامی کۆماری ئیسلامی بەشێکی سیاسەتی ئەوەیە هەڕەشە بکا، لە نێوخۆی وڵات و لە دەرەوە خەڵک بتۆقێنێ. لەهەمبەر حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد، ئەم هەڕەشانەشی عەمەلی کردووە. لە تیرۆری ڕێبەرانی شەهید و تیرۆری کادر و پێشمەرگەکانی دیکەمان ڕا بگرە تا دەگەینە ڕووداوەکەی شەوی یەڵدا و دواجار مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات. بەڵام ئەمری واقع دەری خستووە کە بە هەڕەشە و تیرۆر و سەرکوت جووڵانەوەی میلیی کورد لە ئێران بەچۆکدا نەهاتووە و، حیزبی دێموکراتیش بە خۆشییەوە لە مەیدانەکەدا بە بەهێزی ماوەتەوە. جا ئەگەر وایە زمانی هەڕەشە و ئێعدام و ئەشکەنجە کار لە ئێمە و حیزبی دێموکرات ناکا. ڕەنگە زیانمان پێ بگەیەنێ، بەڵام ئەو جووڵانەوەیە هێندە بەربەرینە هێندە جەماوەرییە، هێندە بەرحەقە کە بەردەوام دەچێتە پێشێ. ئەوەش کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو ماوەیەدا باسی کرد بۆچوونێکی زۆر باش و بەجێ بوو. کاک نێچیرڤان پێشووتریش هەر لەسەر خەت بووە و ئینسافەن بەو پرسەوە ماندوو بووە، لەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی قسەی کردووە و لەگەڵ ئێمەش وەکوو حیزبی دێموکرات قسەی کردووە، تەنانەت چەند ساڵ پێش دانیشتنێکیش بە نێوبژیوانیی کاک نێچیرڤان لەنێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیدا کرا. نیازی کاک نێچیروان ئەوەیە کە چارەسەری پرسی کورد هەر وتوویژ و دانوستانە. جا ئەمن دیسان دێمەوە سەر بابەتی دەرفەت و هەڕەشە و پرسی کورد کە باسم کرد و دەڵێم لە بەینی هەڕەشە و دەرفەتدا هەڕەشە نایباتەوە، ئەوە دەرفەتەکە دیباتەوە. ئەزموون و ڕابردووی ٤٠ ساڵی پێشوو دەری خستووە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێمەی پێ لەبەین ناچێ. پەیامی ئێمە لە سەردەمی شەهید دوکتور قاسملووی نەمرەوە کە هەمیشە بۆ ئەو بابەتە لەسەر خەت بووە، ئەوە بووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی بە ڕێگا چارەی نیزامی نییە، بەڵام بەرگری لەخۆی دەکا. ئەگەر هاتە سەر بەرگری و مقاوەمەت، بێگومان لە خۆپاراستن و بەرگریکردن لە خۆی تەنەخی ناکا. بۆیە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان پێ پەیامێکی باش بوو.

**کاک خالید پرسێکی گرینگی نێوخۆی ڕۆژهەڵات پێوەندیی بە کورد و ئازەرییەکانەوە هەیە. هەر جارناجارێکیش کێشە و گرفتێک لەو ناوچانەی کورد و ئازەری بەیەکەوە دەژین دروست دەبێ. خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات و قسەی ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

ئەوە بابەتێکی گرینگە و بە ئێمە و هەموو لایەک دەڵێ کە دەبێ بەدوای چارەسەری گونجاودا بگەڕێین. ڕوونە کە کورد و ئازەری بەدرێژایی مێژووی بوونیان لەو ناوچانە لە دراوسێیەتیی یەکتردا ژیاون و پێکهاتەی هێندێک لە شار و ناوچەکانیش وابووە کە لە هەردوو نەتەوەکەی تێدا بووە، ئەمە فاکتەرێکی سەرەکییە. فاکتۆری دوویەم ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئەو هاوکێشەیەی لە بەرژەوەندیی سیاسیی خۆیدا بەکاری هێناوە. فاکتەری دیکە سپای پاسدارانە کە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئەو پرسە دەکا و لەو ناوچانەی کە کورد و ئازەری پێکەوە دەژین، دەسەڵاتی موتڵەقی هەیە و دەبینی کە لە پارێزگای ورمێ و لەو ناوچە تایبەتانەدا ئەوە سپای پاسدارانە کە بە دەسەڵاتی میلیتارییەوە حکوومەت دەکەن بەسەر کورددا. بەڵام سیاسەتی ئێمە و چارەسەر. ئەمن بۆخۆم زۆر لە ناوچەی ورمێ و نەغەدە و شوێنەکانی دیکە بووم و هاوڕێی زۆرم لەنێو ئازەرییەکاندا هەیە. ڕێگاچارەکە ئەوەیە، ڕووناکبیران و ئێلیت و نوخبەکانی ئازەری و کورد بەوە بگەن لە گێژاوی ئەو هاوکێشەیەدا نەمێننەوە کە کۆماری ئیسلامی دروستی کردووە یان هێندێک لە پان تورکیزمەکان خوڵقاندوویانە. لە کاتی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە سەرەتاکاندا کورد و ئازەری هەماهەنگی و هاوکاریی زۆریان هەبوو. ئەمن خۆم ئەوکات خوێندکاری زانکۆ بووم و دۆستی ئازەریی زۆرم هەبوو. پێوەندییەکانی ئەو دوو نەتەوەیە زۆر خۆش بوو. پێشتر و لە سەردەمی کۆماری کوردستانیشدا، پێشەوا قازی محەممەد و پیشەوەری زۆر لەو کێشانەیان چارەسەر کرد. تەنانەت ڕێککەوتن و بەڵگەنامەی لەسەرە. جا ئەگەر وایە ڕێگاچارە هەیە بۆ چارەسەرکردنی، ڕێگاچارە لە نێوان تێکۆشەرانی ئازەری و کورد دایە. بۆیە هیوادارم بەتایبەت لە شاری ورمێ تێکۆشەرانی کورد و ئازەری، کە بەپەرۆشن بۆ داهاتووی ناوچەکە و هەردووک لا خۆی تێدا دەبیننەوە، پێوەندییەکانیان زۆر و باش و پتەو بن، بەیەکەوە کۆڕکۆمەڵی فەرهەنگی دروست بکەن و هەوڵەکان لەو پێناوەدا بێ کە لێکتێگەیشتنی باشتر و زیاتر لەنێوانیاندا هەبێ. هەم ئازەرییەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لە تەنیشت خۆیان بۆ ئیدارەی ئەو ناوچەیە کورد ببینن، هەم کوردەکان ئەوە قبووڵ بکەن کە لەگەڵ ئازەرییەکان ئەوێ ئیدارە بکەن.

ئەگەر ئازەرییەکان بەشوێن حەزف و سڕینەوەی کورددا بن، لە هەڵەدان. ئەگەر کوردەکانیش بە دوای حەزفی ئەواندا بن هەر هەڵە دەکەن بۆ؟ چونکی هەردوولا دەبێ قەبووڵی بکەن کە بوونیان لە تەنیشت یەکتری ئەمری واقعە. نابێ بهێڵن کە سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ کە بە دوای مەرامی سیاسیی خۆیانەوەن، کێشەکانیان لێ قووڵتر بکاتەوە و، لاشم وایە کە چارەسەری یەکجاری کار و ئیرادە و بڕیاری هاوبەشی هەردوولا بەیەکەوەیە.

**کاک خالید وەک دواپرسیار، پرسیاری هەمیشەیی خەڵک دەکەمەوە کە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەیشتە کوێ؟**

لەڕاستیدا ئەگەر قەبووڵی بکەین کە لێکدابڕان و لەت‌بوونی حیزبی دێموکرات ئاکامی تووڕەبوون و پێکەوە کارنەکردن لەگەڵ یەکتری بووە، بەڵام وەسەریەککەوتنەوە و بوون بە یەک حیزب ئاکامی بیرکردنەوە، عەقڵانییەت، زەرووڕەت و زاڵبوونی مەنتیقە. لەو هاوکێشەیەدا زۆر فاکتۆر هەن کە دەبێ قسەی لەسەر بکەین، لێک حاڵی بین، متمانە دروست بکەین، نیازپاکیی هەردوولا بۆ یەکتری دەرخرابێ؛ دوایە لە تەنیشت ئەوانە بۆ بە مەیدانی کردنی ئەو عەقڵییەتە، لەسەر ئەوانە قسە بکەی کە ئیدارەی هاوبەشی ئەو حیزبە لە داهاتوودا چۆن دەبێ. لە ئاکامی سەنگ و سووکیی هەمووی ئەوانەدا دەبێ بڵێین کە حیزبی دێموکرات حیزبێکی جەماوەرییە، هەزاران کادر و پێشمەرگەی هەیە، دەیان هەزار ئەندامی هەیە، دەیان دامەزراوی جۆراوجۆری هەیە، تێکەڵکردنەوە و یەکخستنەوەی ئەوانە حەوسەلە و پشوودرێژی دەوێ. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە، هەوڵمان داوە، لەژێر ڕووناکایی بە هەست بە بەرپرسیارێتیی حیزبی و، لە چوارچێوەی پانتاییەکی گەورە کە بۆ زەرووڕەت و پێویستیی خەباتی نەتەوەی کورد دەگەڕێتەوە، ئەو پرۆسەیە جێبەجێ بکەین. بۆیە ئێمە لە ڕاستیدا هەم نەرمیی زۆرمان نیشان داوە و هەم هەوڵمان داوە لێکتێگەیشتنەکانمان ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر ببن. بەڵام سروشتی دانوستان وایە، لە دانوستان لەسەر خاڵەکان قسە دەکەی، چ عەمەلی دەبێ، چ عەمەلی نابێ، ڕەنگە تۆ قۆناغێک ئاوا بڕۆیە پێشێ. دوایە لە جەریانی دانوستاندا، شتێک بێتە پێشێ و شتێک سەرنجی ڕانەکێشابێتی و وا بکا برێک بگەڕێیتەوە دوایە و دیسان بچیتە پێشەوە. مەبەستم ئەوەیە هەوراز و نشێوی دەبێ. من بە ئاکامی هەوڵەکانمان گەشبینم و خۆشبینیەکەم لەوە سەرچاوە دەگرێ کە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر یەکگرتوویی‌خوازن و زۆر داوای یەکگرتنەوە دەکەن کە داوایەکی پیرۆزە و ئێمەش لەو پێوەندییەدا هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین. لەو بارەیەوە چاوەڕوانیم لە خەڵک ئەوەیە کە یارمەتیمان بدەن، چاوەڕوانیم لە ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو لا ئەوەیە کە وەپێش ڕووداوەکان و وەپێش بڕیارەکان نەکەون. بەخۆشییەوە هەیئەتەکانمان ماندوویی‌نەناسانە لەسەر ئەو ئەرکە بەردەوامن.

**سپاس کە کاتتان بۆ ئەو وتوویژە دانا.**

ئێوەش ماندوو نەبن.

# ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە لەسەر کۆچی دوایی سەید قادر ئەحمەدی




ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ١٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٣ی دێسامبری٢٠٢١ی زایینی، زۆر بەداخەوە پێشمەرگە و کادری دڵسۆز و تێکۆشەری حیزبەکەمان کاک سەید قادر ئەحمەدی بەهۆی نەخۆشی و بەساڵاداچووندا ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاک سەید قادر ئەحمەدی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە گوندی قایبەردی ناوچەی بانە لە بنەماڵەیەکی دیار و نیشتمانپەروەر چاوی بە ژیان هەڵێنا؛ لەو سەردەمدا کە ئاستی خوێندواری زۆر لە خوارێ بووە نرایە بەر خوێندن و توانیی تا پۆلی ٧ درێژە بە خوێندن بدا. بەدوای ئەودا لەگەڵ بنەماڵەکەی ملی نایە بەر کاری وەرزێڕی و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ دەرد و ئازارەکانی ژیان و نابەرابەرییەکانی ڕۆژگار.

دەورانی لاوەتیی سەید قادر، هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژانی سەردەمی دامەزران و ڕووخانی کۆماری کوردستان، دوو ڕووداوی خۆش و ناخۆش کە کاریگەریی قووڵی لەسەر بیر و هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرانەی دانا. هەر ئەوەش وایکرد کە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا ببێتە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەو کاتەوە بەڕەسمی و بەردەوامی هاتە نێو کاروانی خەباتی پڕ لە فیداکاری و قوربانیدان و بەڵێنی دا بەوپەڕی دڵسۆزی و ئەمانەتدارییەوە ئەرک و ڕاسپاردەکانی حیزب جێبەجێ بکا.

لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پەهلەوی زۆر چالاکانە بەشداریی کرد و لەگەڵ ئاشکرابوونی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی وێڕای کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی بنەماڵەکەی بووە پێشمەرگە و لە کومیتەی شارستانی بانە سازمان درا. سەید قادر و وەک پێشمەرگەیەکی فیداکار و هەڵسوور لە بەشێکی زۆری کار و چالاکیی ناوچەی بانەدا بەشداری کرد و چەندین ئەرک و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری وەک بەشی قەزایی و گومرک و کاروباری کۆمەڵایەتی بەڕێوە برد. پاشان لە بەردەوامیی ژیانی پێشمەرگانەیدا وەک کادرێکی بەوەج لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵایەتی، نەخۆشخانە، ئاسایشگا و کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی ئەرک و بەرپرسایەتیی وەرگرت.

نەمر سەید قادر لەماوەی ژیانی پێشمەرگایەتیی لە ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٧٠ی هەتاوی چەند جار بریندار بوو و چاوێکیشی لەدەست دا، هەروەها نەوەیەکی بە ناوی "سەعدوڵڵا ڕەحیمی" کە پێشمەرگە بوو، لە هاوینی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی شەهید بوو و، ئێستاکەش کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتدا خەبات دەکەن. هاوڕێ سەید قادر ئەحمەدی کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەی بوو ، ژیانی دەربەدەری و سەختییەکانی خەبات هەنگاوی پێ شل نەکرد و ماندوویی‌نەناسانە درێژەی بە ئەرکە پیرۆزەکانی دا و بەشی هەرە زۆری تەمەنی لە ڕێگای خەبات بۆ ئازادی و سەربەستیی گەلەکەی تەرخان کرد.

بەبۆنەی کۆچی دوایی هاورێی تێکۆشەر و ئەمەگناس کاک سەید قادر ئەحمەدی سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان ئاراستەی هاوسەنگەرانی، بنەماڵە خەباتگێڕەکەی، خاتوو ئامینە و کوڕ و کچەکانی و خزمان و ناسیاوانی لە ناوچە و شاری بانە دەکەین و بەشداری خەم و پەژارەیانین.

سڵاو لە ڕوحی پاکی و یاد و خزمەتەکانی لە دڵی مێژوودا بە زیندوویی دەمێننەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی پێشمەرگە**

# دیدار نوێنەری حیزب لە هەولێر و وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان

ڕۆژی یەکشەممە، ١٤ی سەرماوەز شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرەستی کاک ئامانج زیبایی، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر لەگەڵ بەرێز عەبدوڵڵای حاجی مەحموود، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان دیداریان کرد.

لەو دیدارەدا وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان تیشکی خستە سەر پرسە گرینگەکانی ئەم وەزارەتە و چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ زیاتر ناساندنی کەیسەکانی ژێنۆسایدی گەلی کورد و دابینکردنی خزمەتگوزاری شایان بۆ کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و ئەنفالکراوان.

لەو دیدارەدا چەند مژارێکی پێوەندیدار بە پرسی کۆمەڵکوژییەکانی کورد لە ئێران خرانە بەر باس.



# وڕێنەکانی خامنەیی کۆتاییان نایە


کەماڵ حەسەنپوور

بەرهەمهێنانی زانست شتێکە بە وتاردان و فەرمانی ڕێبەری هیچ وڵاتێک جێبەجێ نابێ. بۆ گەشەی زانستی هێندێک بەستێن پێویستن کە ئەگەر ئەو بەستێنانە لە ئارادا نەبن، گەشە و پێشکەوتنی زانستیی وڵات تەنیا تراویلکەیەکە کە ڕەنگبێ ڕێبەری خۆشخەیاڵ لە مێشکی خۆیدا بیبین. بێجگە لەوە گەشەی زانست لە وڵاتێک، ئەگەر لە خەیاڵپڵاو تێپەڕ بێ و بەستێنی گونجاوی لە هەموو بوارێکدا بۆ دابین بکرێ، شتێکە و ئەوە کە زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە ببێتە زمانی زانست، شتێکی بەتەواوی جیاوازە کە لە توانایی زمانێکی وەک فارسی بەدەرە.

ڕێبەرانی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە کۆنەوە بێ وەئەوستۆگرتنی بەرپرسیاری و بێ‌ئەوەی خۆیان بەرانبەر بە سیاسەتەکانیان وەڵامدەر بزانن، دەستیان لە هەموو کاروباری وڵات وەرداوە، تەنانەت لەو بوارانەدا کە هیچ پسپۆڕییەکیان تیایدا نەبووە.

کولتووری دیکتاتۆرخولقێنی خۆرهەڵاتی، لوتکەی دەسەڵاتی لە وڵاتی ئێران، هەر وەک وڵاتانی دیکەی ئەو بەشەی دنیا، کردۆتە کەسێک کە خۆی بە سیمبولی ژیریی بێ‌خەوش بزانێ، بۆیە زۆر جار شتی ئەوتۆیان لێ دەبیستی کە لە ڕوانگەی ئەقڵانییەوە سەیر و سەمەرە دێنە بەرچاو.



ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەر، سەید عەلی خامنەیی لە چاوپێکەوتن لەگەڵ "لاوانی نوخبە و خاوەن بەهرەی بەرزی زانستی"دا گوتی: "دەبێ بە شێوەیەک بجووڵێینەوە کە لە داهاتوویەکی ماقووڵدا، ئێران ببێتە سەرچاوەی زانستی جیهانی و هەموو کەس بۆ دەستپێڕاگەیشتن بە نوێترین دەسکەوتە زانستییەکان، ناچار بێ فێری زمانی فارسی بێ و ..."(١) هەر لەو چاوپێکەتنەدا خامنەیی گوتی: "دەبێ کەلێنی زانستیی وڵات دەگەڵ دنیا" پڕ بکرێتەوە و "شارستانییەتی نوێی ئیسلامی" دروست بکرێ.

لە ڕابردووشدا ڕێبەرێکی دیکەی ئێرانی باسی دروستکردنی شارستانییەتی دەکرد، ئەویش حەمە ڕەزا شا بوو کە گوێی خەڵکی بە "بردنی وڵات بەرەو دەروازەکانی شارستانییەتی مەزن" کەڕ کردبوو. ئەو کاتیش ئاکامەکەی بووە لاساییکردنەوەی ڕووکەشیانەی وڵاتانی پێشکەوتوو و لە باشترین دۆخدا، ئێران پیشەسازیی مۆنتاژی چەند بەرهەمی هاوردەی وڵات کرد.

بۆ گەشەکردنی زانستیی وڵاتێک بەرنامەیەکی درێژخایەن و هێندێک پێشمەرج پێویستن. وای دادەنێین کە بەرنامەیەکی درێژخایەن و جیددی لە ئێران دارێژراوە، با بزانین پێشمەرجەکان لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا چەندە ئامادە کراون:

### ١- سیستمی پەروەردە و فێرکردن

بێگومان بێتوو وڵاتێک بیەوێ لە بواری زانستەوە گەشە بکا دەبێ قوتابخانە و زانکۆ بە چۆنایەتیی باش لە سەرانسەری وڵاتدا دروست بکا تا قوتابیان بتوانن تیایاندا پەروەردە ببن. لە ماوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامیدا ئەو مەرجە گرینگە هەمیشە پاشگوێ خراوە، بە شێوەیەک کە بە گوتەی کاربەدەستانی خودی ئەو ڕێژیمە هەنووکە ٪٣٠ ی قوتابخانەکانی وڵات لە لایەن خەڵکی خێرخوازەوە دروست کراون.(٢) بێجگە لەوە ٪١٩،٥ لە قوتابخانەکانی وڵات پێویستە بڕۆخێندرێن و لەسەرڕا دروست بکرێنەوە.(٣) بە گوتەی وەزیری پێشووی پەروەردە و فێر کردن، عەلی ئەسغەر فانی، ئێران بەسەر ٧٥٠ ناوچەی فێرکاریدا دابەش کراوە کە لە لێکۆڵینەوەی خۆیاندا کاتێک بە لەبەرچاو گرتنی ١٤ پێناسەی دیاریکراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردە و فێر کردن هەڵیان سەنگاندووە، ١٥٠ ناوچە لە کۆتایی لیستە دان و لە ڕوانگەی فێرکردنەوە گیرۆدەی نەهامەتین.(٤) جا باسی ئەو هەموو بە ناو قوتابخانەش لەو ناوچە هەژارانەی کە زۆربەیان لە پارێزگاکانی سیستان و بەلوچستان، ئیلام، ئەهواز، خوراسانی باکووری، کوردستان و ورمێ، واتە ناوچەکانی شوێنی کەمینە نەتەوەکانی ئێران هەڵکەوتوون ناکەین کە هێندێکیان کەپرن، بەشێکیان کانێکسن و هێندێکیش کەلاوەن کە ناوی قوتابخانەیان لێ ناون.

### ٢- حاملاندنی کۆڕی مامۆستایانی لێهاتوو و خۆشبژیو

بێگومان بۆ پەروەردەکردنی قوتابیان بێجگە لە شوێنی شیاو بۆ خوێندن و خۆپێگەیاندن، حاملاندنی چینی مامۆستایانی قوتابخانە و زانکۆکانیش پێویستە. دیارە بێجگە لە حاملاندنی ئەو توێژە، ئەوە ئەرکی دەوڵەتە کە ژیانی خۆشبژیوانەی ئەوانیش دابین بکا. بەداخەوە ئەوەی ئێمە لە سەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شاهیدی بووین، پێچەوانەی ئەو چاوڕوانییانە بووە. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ناڕەزایەتی دەربڕینی چینی مامۆستایانی قوتابخانەکان بۆتە دیاردەیەکی گەلێک باو و ڕۆژانە.(٥) سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا نە تەنیا نەبۆتە هۆی چوونە سەری ئاستی ئابووریی مامۆستایان، بەڵکوو ئەو پێگە و ڕێزەی کە ئەو چینە شیاویەتی لەجیاتی بەرز بوونەوە، دابەزیوە. گەلۆ ئەوە سووکایەتی بە چینی مامۆستا نییە کە کەسێک وەک بەربژێری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی دەناسێندرێ کە هیچ ڕابردوویەکی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵاتدا نەبووە؟(٧)

### ٣- پێگەیاندنی قوتابی کونجۆڵ و پرسیارکەر

پێگەیاندنی قوتابیی کونجۆڵ و پرسیارکەر و بوێر یەکێکی دیکە لە پێویستییەکانی گەشەی زانستیی هەر وڵاتێکە. بڵێی سیستەمی داپلۆسێنەری کۆماری ئیسلامی مەجالی گەشەی ئەو جۆرە قوتابییانە بڕەخسێنێ؟ ئەوەی تا ئێستا دیتوومانە بەپێچەوانە بووە. قوتابییان لە سەرەتاوە فێر دەکرێن پرسیار نەکەن، کونجکۆڵ نەبن و هەستی بوێرییان بە هەموو شێوەیەک سەرکوت دەکەن. بە گشتی لە شوێنێک کە سیستەمێکی ئایینی دەسەڵاتی بەدەستەوە بێ، مرۆڤ نابێ گومانی لەبارەی زۆر شتدا هەبێ چونکە مەرجی ئیمان، پرسیار نەکردنە. ئەوە لە کاتێکدایە کە مەرجی زانست ئەوەیە کە گومان لە هەموو شتێک بکەی، تاقی بکەیەوە و بەگوێرەی ئاکامی توێژینەوە و تاقیکردنەوەکان بگەیە ئەنجامگیری. سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی، سیستەمێکی لەڕادەبەدەر ناکاریگەرە و بوونی گەندەڵی، بەرتیلخۆری و تەرخانکردنی بەشێکی بەرچاو لە کورسییەکانی زانکۆکان بۆ بنەماڵەکانی کوژراوەکانی ڕێژیم و بە ناو جانبازان، بۆتە هۆی ئەوە کە زۆر جار قوتابیی نەزان کورسییەکان پڕ بکەنەوە و ئەوانەی ژیر و لێهاتوون بەڵام لە چوارچێوەی تەسکی دیاریکراوی ڕێژیمدا جێگایان نابێتەوە، واز لە خوێندن بێنن. جێگای خۆیەتی ئاماژە بە لێدوانی وەزیری نوێی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی، یوسف نوری بکەین کە ڕایگەیاندووە ئامانجی ناوبراو ئەوەیە کە قوتابخانەکان ببنە ناوەندی پێگەیاندنی "سولەیمانی"یەکان، کە مەبەست قاسم سولەیمانی گەورە تیرۆریستی ڕێژیمە کە لە هێرشێکی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکایی لە بەغدا کوژرا. تا جێیەک کە من بزانم ناوبراو بە هەموو شتێک ناوبانگی هەبووبێ بە زانستوانێکی سەرکەوتوو ناوبانگێکی نەبوو. لە وتەی ئەو وەزیرە تازەیە ئەوەش دەردەکەوێ کە ئامانجی سەرەکیی قوتابخانان کوڕانن و کچان بە هەموو شێوەیەک پەراوێز دەخرێن.

### ٣- قەیرانی "پایان‌نامە"کان

دیاردەیەکی دیکە کە لە کۆماری ئیسلامیدا زۆر باوە و ڕەنگبێ پێوەندی ڕاستەخۆی بە شێوەی دەسەڵاتداریی کاربەدەستانەوە هەبێ، واتە گەندەڵی، بەرتیلخۆری و فێڵ کردن، کڕین و فرۆشتنی بەناو "پایان نامە"یە کە بە شێوەی بەربڵاو لە ئێران دەبیندرێ.(٧) باسی ئەوەش ناکەین کە زۆربەی دەسەڵاتدارانی پلەبەرزی وڵات، بڕوانامەکانیان یان ساختەیە، یان بە شێوەی گوماناوی وەریانگرتوون. ئەو دوو دیاردەیە لانی کەم لە سەردەمی پاشایەتیدا شتێکی نەناسراو بوون. تۆ بڵێی کەلێنی زانستیی وڵات دەگەڵ دنیای پێشکەوتوو بە ساختەکاری و گەندەڵی پڕ بکرێتەوە؟

لە شوێنێک کە لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە و لە زمانی دامەزرێنەری ئەو سیستەمە، واتە خومەینی، داکەوت کە ئەوەی گرینگە ئەرکدارییە (تعهد) نەوەک پسپۆڕیی (تخصص)، کەسانی پسپۆڕ ئەگەر بەرانبەر بە ڕێژیم ئەرکدار نەبووبن نەتەنیا پاشگوێ خراون بەڵکو زۆر جاریش ڕاوەدوو نراون. نموونەی کەسانی زانا کە لە لایەن ڕێژیمەوە زیندانی کراون دەکرێ ئاماژە بە ئومید کەوکەبی، عەلی یونسی و ئەمیر حوسێن مورادی بکەین کە بێتوو ئەوانە لە وڵاتێکی دیکە بایەن، بێگومان باشترین بەستێنیان بۆ گەشە کردن و پێگەیشتنیان تەرخان دەکرا.(٨) کەم نین لاوی کورد کە خوێندنی باڵایان تەواو کردووە بەڵام لەبەر سیستەمی شێوە ئاپارتایدی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای بڕوانامەی باڵا، ناچار کراون خەریکی کار لە بازاڕی ئازاد یان تەنانەت کۆڵبەری بن. کار گەیشتۆتە جێگایەک کە ئێستا تەنانەت پسپۆڕە ئەرکدارەکانیش بێتوو دەرفەتیان بۆ بگونجێ وڵات جێ‌دەهێڵن. بەگوێرەی ئامار، هەنووکە ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە ڕاکردنی مێشکەکان گەلێک بەربڵاوە و هەر کەس بۆی بلوێ هەول دەدا وڵات جێ بهێڵێ.(٩)

### ٤- گەلۆ زمانی فارسی دەتوانێ جێگای زمانی ئینگلیزی بگرێتەوە؟

هەنووکە زمانی ئینگلیزی پلەی یەکەمی وەک زمانی زانستیی دنیا بەدەستەوەیە و زۆربەی هەرە زۆری نووسراوە زانستییەکانی دنیا بەو زمانە بڵاو دەبنەوە.(١٠) هەڵبەت ئەوە هەمیشە وا نەبووە، لە سەدەکانی نێوەڕاستدا زمانی لاتین زمانی زانست بووە، سەردەمێک زمانی یونانی و سەردەمێکیش زمانی عەرەبی. بەڵام هیچکام لەو زمانانە بە فەرمانی دەسەڵاتداری وڵاتێک ئەو پلەیان وەدەست نەهێناوە، بەڵکوو چەند فاکتەری جۆراجۆر کاریگەرییان هەبووە.

ئەوەی کە خامنەیی لە وتارەکەیدا باسی پێویستی فێربوونی زمانی فارسی لە لایەن خەڵکی دنیا لە داهاتوودا بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانستی سەردەم دەکا هیچ پێوەندییەکی بە لێکدانەوەیکی زانستییانە و بێ لایەنانەوە نییە و تەنیا دەرخەری بیری شۆڤینیستی ناوبراوە، دەنا زمانێکی سەقەتی وەک فارسی کە پتر لە ٪٤٠ ی وشەی عەرەبین و بەشێکیشی وشەی قەرزکراوی زمانەکانی دیکەن، هەرگیز توانایی بنکۆڵکردنی پێگەی زمانی ئینگلیزیی وەک زمانی زانستی نییە.

چاوەڕوانی گەشەی زانستی لە سیستەمێکی وەک کۆماری ئیسلامیدا لە تراویلکە زیاتر نییە کە ئەویش ئاکامی وڕێنە بێ کۆتاییەکانی سەید عەلی خامنەییە.

***

١- https://www.peykeiran.com/Content.aspx?ID=237956
٢- https://www.dana.ir/1782732
٣- https://www.dana.ir/1709214
٤- http://www.asrislam.com/fa/news/22343
٥- https://ara.tv/cq5qe
٦- http://mehrnews.com/xVWvx
٧- http://mshrgh.ir/1154815
٨- https://www.radiofarda.com/a/amnesty-letter-unjustly-detained-students-harshly-beaten/31573898.html
٩- https://ir.voanews.com/a/iran-brain-drain/6318453.html
١٠- https://www.theatlantic.com/science/archive/2015/08/english-universal-language-science-research/400919

# مانیفێستی نوێی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران

**هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە بە هاندانی خوێندکاران بۆ دوورکەوتنەوە لە سیاسەت، پێداگریی لەسەر گرنگیی پێشکەوتنی زانستی، سەرقاڵکردنی خوێندکاران بە بابەتی ڕواڵەتی، و لە کاتی پێویست بە بەپادگان کردن و گرتنەبەری ستراتێژیی ترس و تۆقاندن دەقی سیاسی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ شتی دیکە بگۆڕێ**



مەنسوور پیرۆتی

دامەزراوەی زانکۆ لە ئێران دامەزراوەیەکی بەربڵاوە و زانکۆ و خوێندکار وەکو دووانەی سەرەکیی ئەم دامەزراوەیە مەیدان و پوتانسییەلی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی گرنگن. کاتێک خوێندکار وەکوو تاکێکی بەوزە، ئارمانگەرا، و هەڵگری ئەندیشە لە دامەزراوەیەکی خاوەن پرێستیژ وەکو زانکۆ، بەپێی جیهانبینیی تایبەتی خۆی یان لە درێژەی پاڕادایمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا گرنگی بە پرسێک دەدا و بە چالاکیی جۆراوجۆر، جەماوەر لە دەوری ئەم پرسە کۆ دەکاتەوە و بنچاخی گۆڕانکارییەک بنیات دەنێت. بەشێک لەو چالاکییانە کە نێوەڕۆکی سیاسی یان کۆمەڵگە–تەوەریان هەیە و ڕوویان لە دەسەڵاتی سیاسیی زاڵە و زیاتریش لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا کەمپەینیان بۆ دەکرێ دواجار فۆڕمپێدەری بزووتنەوەی خوێندکارین.

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئێران لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی بزووتنەوەیەکی ئاوێتە لەگەڵ سیاسەت بووە و گرنگی بە پرسەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگەی مەدەنی، مافی هاووڵاتیبوون، مافی نەتەوەیی، دێموکراسی و ئازادی داوە. بەبێ ئەوەی چاوی لە دەسەڵات بێ، بۆشایی نەبوون یان لاوازیی حیزبە سیاسییەکانی لە فەزای سیاسیی داخراوی ئێراندا پڕ کردۆتەوە، دژی سەرەڕۆیی دەسەڵاتی حاکم هەڵوێستی گرتووە، و لە چەند قۆناغی هەستیاری مێژووییشدا ئاوردووی شۆڕش بووە و تەنانەت چەخماخەی بزووتنەوەی چەکدارییشی لێداوە.

وەکو پرەنسیپێکی سەرەکی، ئاراستەی سیاسی بزووتنەوەی خوێندکاری ڕووی لە گەشەی سیاسییە؛ بەشێوەیەک کە ڕەنگە بە نەهادینەبوونی دێموکراسی، ئەستاندنی مافەکان و جێگیربوونی سیستمێکی حیزبی پلۆراڵ هەر لە سیاسەتوەرزی دابماڵدرێ. بەڵام لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران بوون و ئەکتی بزووتنەوەیەکی خوێندکاری زۆر گرنگە. لەکاتێکدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئاست دابینکردنی ئاسایش و خۆشبژێوی و گشت پرسەکانی ژیانی خەڵک داماو و دەستەمۆیە، شەقام تەواو ناڕازییە و بەدوای گۆڕانکاری لە دەرەوەی ساختاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و ڕێژیم لە بەرامبەر شۆڕشی دیجیتاڵ کە کۆنترۆڵکردنی زانیاریی مەحاڵ کردووە، مافی بڵاوکردنەوەی زانیاری تاکڕەهەندی و پڕۆپاگاندای درۆیینەی لێ ئەستێندراوەتەوە؛ بزووتنەوەی خوێندکاری ئەگەر بێدەنگیش نەکرابێ، دەڵێی بێدەنگیی هەڵبژاردووە یان بە جۆرێک کەوتۆتە بەر وەرچەرخانێکی مێژوویی و تەمی دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی لێ نیشتووە.

ئەم بێدەنگییە هەڕەمەکی و لەپڕرا نەبووە. کۆماری ئیسلامی بە گشتی و نیهادی "ویلایەتی فەقیه" بەتایبەتی لە زانکۆکان لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەئەسپایی لە ڕێگای گۆڕانکاری دامەزراوەیی، حەزفی مامۆستایانی سکۆلار، گۆڕینی نێوەڕۆکی کتێبە دەرسییەکان، بێبایەخ نیشاندانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان یان بە ئیسلامیزەکردنیان هەوڵی داوە پێگەی زانکۆ لە گۆڕانکارییەکان لاواز بکا. لەم دوو ساڵەی دواییشدا بە هاندان بۆ دوورکەوتنەوە لە سیاسەت، پێداگریی لەسەر گرنگی پێشکەوتنی زانستی، سەرقاڵکردنی خوێندکاران بە بابەتی ڕواڵەتی، و لە کاتی پێویست بە بەپادگان کردن و گرتنەبەری ستراتێژیی ترس و تۆقاندن لەشوێن ئەوە بووە کە دەقی سیاسی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ شتی دیکە بگۆڕێ.

فاکتەرێکی بێدەنگکەری دیکە گلۆبالیزاسیۆن و زەبری تێکنۆلۆژی بووە. ئەگەر پێشووتر چالاکانی خوێندکاری مکوڕانە داوای تریبونی ئازاد و ڕێگەپێدان بە خۆپێشاندانی مەدەنیانەیان دەکرد، ئێستا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ گوتاری هاوبەش و حزووری کردەوەیی، دوور لە سانسۆری کلاسیک لێدوان دەدەن و بابەت بڵاو دەکەنەوە. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جێگایان بە ئەنجومەنە ئیسلامییەکان، ڕێکخراوە سەربەخۆکانی خوێندکاری، کانوونە فەرهەنگی و هونەرییەکان، شوڕای پیشەیی و بڵاوکراوە خوێندکارییەکان لێژ کردووە و بەستێنیان بۆ جۆرێک لۆمپەنیسم خۆش کردووە کە لەبری دیالۆگ و ڕاگۆڕینەوە خەریکی پەرتەوازەکردن و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتیی پاڵپشتیکاری بزووتنەوەی خوێندکارییە. بەڵام ئەمانە تێکڕا دەرەنجامگەلێکی نەگۆڕ و دوگم نین و بە مانای مەرگی سیاسەت لەنێو بزووتنەوەی خوێندکاری نایەن، بەڵکو زیاتر لە کۆتایی قۆناغێکی سیاسی و وەرچەرخان بەرەو قۆناغێکی دیکە دەچن. ئەم قۆناغە کە ئاوێتەی ڕادیکالیزمی خوێندکارییە، داوای ڕیفۆڕمی ساختاری و گۆڕانکاری بنچینەیی دەکا. واتا بزووتنەوەی خوێندکاری لە ڕیفۆڕمخوازی حکومەتی و دەوڵەت–تەوەر ماندوو بووە، و ئەو ئاراستەیە چیتر سەرنجی ڕاناکێشێ. هەرچەند داواکاری بۆ گۆڕانکاری بنچینەیی شتێکی نوێ لەنێو بزووتنەوەی خوێندکاری نییە و هەمیشە کەم تا زۆر ئاوێتەی ئاکسیۆنی خوێندکار بووە، بەڵام لە قۆناغی نوێدا پاش ڕووداوەکانی بەفرانباری ٩٦ زیاتر هەستی پێ دەکرێ. ئەو کات زۆرێک لە زانکۆکانی ئێران بە پشتیوانی لە شەقام و مافی قوربانیانی فڕۆکەی بە مووشەکپێکراو لە لایەن سپای پاسدارانەوە، بۆ بەرپەرچدانەوەی "درۆی سیستماتیک"ی کۆماری ئیسلامی ڕێپێوانیان کرد و دەنگیان بەدژی دیکتاتۆڕی هەڵبڕی. لە زانکۆی کوردستان بڕیارنامەی خوێندکاری دەرکرا و لێبڕاوانە مانیفێستی نوێی بزووتنەوەی خوێندکاری ڕاگەیەندرا و بوێرانە بەگوێی ئیستبدادی حاکم دادرا کە "لە دۆخی ئارایی ماندووین و هەنگاو بۆ گۆڕانکاری بنچینەیی هەڵدێنینەوە". ئەم مانیفێستە بە هاودەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاران، ژنان و مامۆستایانی ناڕازی لە ڕووداوە خوێناوییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ و پاش ئەوە لە خۆپێشاندانی کرێکاران و دەنگەهەڵبرینەکانی خەڵک بەدژی دۆخی نالەباری ئابووری، قووڵایی ستراتێژیکی گۆڕانخوازی شۆڕشگێڕانەی پەرە پێداوە.



شایەتێکی دیکە بۆ ئەم وەرچەرخانە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆمارییە. ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ٩٦ بزووتنەوەی خوێندکاری بە پارێزەوە ویست و داواکانی ڕوو بە دەسەڵاتی حاکم خستەڕوو، لە دوایین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماردا، بە بێدەنگی بە تەنیشتیدا تێپەڕی و تەنیا بە وەبیرهێنانەوەی چارەنووسی دەسەڵاتە سەرەڕۆ و تۆتالیتارییەکان هۆشداری بە دەسەڵاتی زاڵ دا. تەواو مەهەندیسیکرانی هەڵبژاردنەکان و یەکدەستکردنی دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکانی ١٤٠٠، ئەگەر بۆ خامنەیی و بازنەی بەرتەسکی دەوروبەری، بەشێک لە پڕۆژەیەکی گەورەتر، واتا ئیسلامیزەکردنی زۆرەملی و سەرتاسەری بە ئامانجی گەیشتن بە "کۆمەڵگەی ئیسلامی ئارمانی" بوو، بۆ لایەنە سیاسی و دامەزراوە مەدەنییەکان و یەک لەوان بزووتنەوەی خوێندکاری مەرگی کۆمارییەت و تێپەڕین لە سندووقەکانی دەنگدان بوو. بە سەرنجدان بەوە کە حکومەت و کۆمەڵگەی ئێران تەواو لێکدابڕاون و زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران ئارمانەکانی ڕێژیمیان قبووڵ نییە، دەستەبەرکردنی هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئارمانی کە بە گومانی خۆیان یۆتۆپیای شۆڕشی ئیسلامییە و تا ئێستا وەدی نەهاتووە، پێویستیی بە ئاوەڵاترکردنی زیاتری دەستی سپا و بەسیج لە شەقامەکان، و دەستبەسەرداگرتنی دامەزراوە مەدەنییە ناڕازییەکانی ئێرانە. بە هەر ڕادەیەک کە میلیتاریزم پەرە بستێنێ و تێکگیران لە شەقامەکان بەرفراوانتر بێ، بزووتنەوەی خوێندکاری زیاتر ڕادیکاڵبوونی خۆی دەخاتەڕوو.

لە کاتێکدا بەرەو پیری ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی خوێندکار لە ئێران دەڕۆین کە بە بەراورد بە ساڵانی ڕابردوو بزووتنەوەی خوێندکاری پەرتەوازەییەکی ناسروشتیی پێوە دیارە. دەرچوون لەو پەرتەوازەییە پێویستی بە:

یەکەم– سەربەخۆیی بزووتنەوەی خوێندکاری لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی دەسەڵاتی زاڵە. وەکو پرەنسیپێکی بنەڕەتی ئەگەر دامەزراوە خوێندکارییەکان گوێڕایەڵی حیزبە سیاسییەکان یان دەسەڵاتی زاڵ بن، پرێستیژی خۆیان لە نێو خوێندکاران لە درێژماوەدا لەدەست دەدەن. سەربەخۆیی لە بڕیاردان گرتنەبەری ئاڕاستەی سیاسی خاڵی هەرە سەرەکی بۆ بەردەوامی و کاریگەریدانانی بزووتنەوەی خوێندکارییە.

دووەم– مانیفێستی بزووتنەوەی خوێندکاری دەبێ تێکەڵاوێک لە داواکاری پیشەیی و سیاسی بێ. بزووتنەوەی خوێندکاری پێشەنگی خەباتی مۆدێرنیتەیە، و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە فۆرموڵەکردنی داواکارییەکانی کۆمەڵگەیەکی گۆڕانخواز. ڕاستە خوێندکاران دەنگی بەرزی ناو ناڕەزایەتییە سیاسییەکانن، بەڵام ئەگەر بزووتنەوەی خوێندکاری نەتوانێ هەڵگری ویستە پیشەییەکان بێ، ڕەنگە ببێتە گروپێکی سیاسی جیابۆوە لە بەدەنەی بزووتنەوەی خوێندکاری. خستنەڕووی هاوکاتی داواکارییە سیاسییەکان و ویستە پیشەییەکان وادەکا کە بەدەنەی خوێندکاری و بزووتنەوەی خوێندکاری لێک دوور نەکەونەوە و یەکانگیر دەرکەون.

سێیەم– فاکتەرێکی دیکە کە دەتوانێ خاڵی بەهێز یان لاوازی بزووتنەوەی خوێندکاری بێ، ئاستی هاوکاری و هەماهەنگی دامەزراوە خوێندکارییەکان لەگەڵ یەکدییە. ئەگەر بزاڤە خوێندکارییەکان لە زانکۆ جیاوازەکان بتوانن پلاتفۆڕمێک بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری خوێندکاری پێکبهێنن، هێز و پاڵپشتی جەماوەرییان زیاتر دەبێ و هەنگاوەکانیشیان شوێندانەرتر دەبن.

چوارەم– بزووتنەوەی خوێندکاری بەهۆی ڕەوانبوون، لاوبوون و ڕادیکالیزمەکەی مەترسیی پێشکەوتن لە جەماوەری خوێندکاری و توودەی کۆمەڵگەی لەسەرە. ئەمە زۆر گرنگە کە بزووتنەوەی خوێندکاری وێڕای دژایەتی دەسەڵات لە کۆمەڵگەیەکەی دوور نەکەویتەوە، و هاوخەباتی بزووتنەوە نەتەوەییە شوناسخواز و مافخوازەکان، بزووتنەوەی ژنان و کرێکاران و مامۆستایان بێ و لەنێو بزووتنەوەی سەرتاسەریدا حزووری کاریگەری هەبێت. بەپێچەوانە ڕەنگە ئیزۆلە و گۆشەگیر ببێت.

پێنجەم– لەسەرووی هەموو ئەوانەش پێویستە ڕوانینی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش بەرامبەر بە بزووتنەوەی خوێندکاری گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بزووتنەوەی خوێندکاری دەرفەتێک بۆ حیزبە سیاسییەکان نییە. هێزێکی ڕزگاریدەریش نییە و ناکرێ چاوەڕوانی ڕێبەرایەتیکردنی شۆڕشی لێ بکرێ. تەنانەت ئەگەر بە جۆرێک ڕۆڵی ئاوانگاردیسمیشی پێ درابێ، پێویستە ئەم ڕۆڵەی لێ بستێندرێتەوە. بزووتنەوەی خوێندکاری بەدرێژایی مێژوو لە مەودای نێوان ئیستبداد–دێموکراسی چالاک بووە و وتە مێژووییەکەی نەهادینەبوونی ئازادی سیاسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. ئەگەر لە ئاراستەی سیاسی خۆی دوور کەویتەوە یان بۆ پرسی حیزبی ئەرکدار بکرێ دەکەویتە نێو سیکلی فێرۆی توندڕەوی و پاسیڤبوون؛ و دواجار بنکە جەماوەرییەکەی لەدەست دەدا. دواجار ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە سیاسییەکان پێویستە پوتانسییەلی بزووتنەوەی خوێندکاری بە فەرمی بناسن و وەکوو هاوبەش قبووڵی بکەن، و بەو پێیە بەربڵاوترین پشتگیری ئۆپۆزیسیۆنی بۆ دابین بکەن.

***

## ناوەندی هاوکاری:
## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەرکێکی مێژوویی و ئینسانی بۆ هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە

٢٥ نۆڤامبری هەموو ساڵێک بۆنەیەک بۆ ڕیزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی بێوچانی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پێشێلکردنی مافەکانیان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە یەکسانیی ڕەگەزی لە نێوان مرۆڤەکاندایە. ئەو ڕێکەوتە لە ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو بۆنەیەکی جیهانی بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاری کرا.

بابەتی توندوتیژی دژ بە ژنان مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و لە وڵاتانی جیهاندا پرسێکی گشتگیرە کە بەپێی هەلومەرجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی و هتد ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێ، و بەو پێیە بەرەنگاربوونەوەشی ئەرکێکی مێژوویی و ئینسانی بۆ هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران و وڵاتانی دیکەی زاڵ بە سەر کوردستاندا بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی سیستمە سیاسییەکان، یاساکان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و کولتووری کۆمەڵگەکانە کە مخابن ئاگایانە یان نائاگایانە چۆتە نێو بیرکردنەوەی تاکەکانیش و زۆر جار لە هەڵسوکەوتی تاکەکان لە بنەماڵە و کۆمەڵگە و لە پرۆسەی بەڕێوەبردنی وڵاتیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

سەرباری پاشخانێکی مێژوویی دوورودرێژی پڕ لە نەهامەتی بۆ ژنان لە ئێران و کوردستاندا، هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی وەک باری سەر باری هەموو دەردانیش، ژیان و چارەنووسی ژنانی خستە بەردەم سێ کوچکەی یاسای کۆنەپەرەستانە، نەریتی دواکەوتووانە و ئایینی بەئیدئۆلۆژیکراوی حکوومەت و ژنان لەو ماوەیەدا قوربانییەکی زۆریان لە خەبات و بەرەوڕووبوونەوەی ئەو سیستمە دژەمرۆییەدا داوە.

ئەو سیستمە سیاسییەی کە ئێستا وەکوو وەیشوومەیەک باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، هەم میراتگری کۆمەڵێک داب و نەریتی پیاوسالارانەیە کە لە خۆیدا دژ بە ویستی ڕەوا و ئەمڕۆیی ژنانی یەکسانیخواز کار دەکا و هەم بۆ خۆی بەرهەمهێنەری کولتوور و عەقڵیەتێکی ئیدئۆلۆژیکە کە ژن لەو کولتوورەدا خاوەنی هیچ مافێک و هەڵگری هیچ بایەخێکی مرۆیی نییە و تەنیا وەکوو ئامراز و کاڵا و کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردن بە پیاوان و دەزگای بەرهەمهێنانی حەشیمەتێکی گوێڕایەڵ بۆ بەردەوامی و مانەوەی سیستم چاوی لێ دەکرێ.

لە دیارییەکانی ئەو سیستم و کولتوورە دواکەوتووە بۆ ژنان دەتوانین ئاماژە بۆ هەڵاواردنی جێگیرکراو لە یاساکانی ژیانی هاوژینی، میرات، یاسای فرەژنی، سیغە و هاوشێوەکانی و یاساکانی دیکەی تایبەت بە پێگەی ژن لە بنەماڵە و ژیانی هاوبەشدا، قەساس و حەد و تەعزیر و خوێنبایی، ڕەواییدان بە قەتڵی ناموسی، دەستدرێژی و ئازاردانی سێکسی لە شەقام و زیندانەکان و ئیداراتی حکوومەتی و هەموو بوار و قوژبنەکانی ژیان لە ئاستی گشتی و تایبەتی کۆمەڵگەدا، بەردبارانکردن، سەرکوتکارییەکانی گەشتی ئیرشاد، کەڵکاژۆ وەرگرتن لە ژنان بۆ مەبەستی سیاسی، حیجابی زۆرەملی و بەربەست دانان بۆ بەشداریی چالاکانە و ئازادی ژنان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بکەین کە کارتێکەرییەکانی لەسەر ژنان دەتوانین لە دووتوێی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و کارەساتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ژنان وەکوو تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان، خۆکوژی و خەمۆکیدا ببینین کە بەشێکی زۆر کەم لەو ڕاستییانە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە وەها کۆمەڵگە و سیستمێکدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئەرکێکی زۆر قورسیان بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان لە ئەستۆیە و لەگەڵ هەڕەشە و گوشاری سیستمی سیاسی و توێژی کۆنەپارێز و دواکەوتووی کۆمەڵگە بەرەوڕوو دەبنەوە کە چاوی بە دیتنی پێناسەیەکی نوێ و مرۆڤسالارانە بۆ پێگەی ژن و پێکهێنانی هاوسەنگییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ژن و پیاودا هەڵنایە.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی خەباتکاری ئێران و بە تایبەت کوردستان بوێرانە بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان ڕاوەستاون و تێچووی قورسی ئەو خەباتە هەرگیز نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە داوا ڕەواکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا خەباتی ژنان بۆ لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی مافەکانیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بۆتە بەشێکی دانەبڕاو و پێشەنگی خەباتی هەموو چین و توێژە ماف پێشێلکراوەکان بۆ بەچۆکداهێنان و ڕووخاندنی سیستمی سەرەڕۆ و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی.

لە ٢٥ی نۆڤامبری ئەمساڵدا، ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای شەرمەزارکردنی هەرجۆرە هەنگاو، یاسا، نەریت، بیرکردنەوە یان کردارێکی تاکەکەسی یان سیستماتیک کە شکۆ و پێگە و کەرامەتی مرۆیی ژنان بکاتە ئامانج، یان هەڕەشە لە تەناهیی دەروونی و جەستەییان بکا، پشتیوانیی خۆمان لە هەموو داوا ڕەواکانی ژنان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر و ژیانێکی مرۆیی کە لە ڕاستیدا داواکاری و ویستی هەموومانە، دەردەبڕین.

لەو پێوەندییەدا بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین کە لە هەر گۆڕەپانێکی خەباتە ڕەواکەماندا و لە هەر تریبوونێکەوە کە لە بەردەستماندا بێ، دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی هاواری مافخوازانەی ژنانی ئازاردیتووی وڵاتەکەمان و خەباتی ئەوان بۆ دابینبوونی ماف و داخوازییەکانیان و گەیشتن بە ژیانێکی ئاسوودە و دوور لە ئازار و هەڕەشە بە بەشێکی دانەبڕاو لە خەبات و ئەرکی شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەی خۆمان دەزانین.

سڵاو لە ژنانی مافخواز و خەباتگێڕی وڵاتەکەمان و سەرکەوتوو بێت خەبات بۆ یەکسانیی ڕەگەزی و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٥ی نۆڤامبری ٢٠٢١ی زایینی**
**٤ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# یەکیەتیی ژنان: یەکسانی و دادپەروەری لە کۆمەڵگە لە گرەوی دابینبوونی ماف و ئەرکەکان بۆ هەمووانە




**(پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان)**

ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ١٩٩١ی زایینی بە زۆرینەی دەنگ، ڕۆژی ٢٥ ی نۆڤامبری هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کردووە، بە دروشمی "نا بۆ توندوتیژی دژی ژنان". لەو پێوەندییەدا ساڵانە بە چالاکیی جۆراوجۆر و پێکهێنانی کۆڕو کۆبونەوە سەبارەت بە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە ئەو یادە دەکرێتەوە. ئەو ڕۆژە بەهۆی ڕووداوی مێژوویی ئەشکەنجە و ئێعدامی خوشکانی میرابال لە وڵاتی دۆمینیکەن و هەوڵی خەمخۆرانی بواری ژنان بووە هۆکاری دەستنیشانکردنی ڕۆژێک بۆ پێداگریی زیاتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. ئەگەرچی پرسی ژنان و ئاریشەکانیان، تاوەکوو ئێستا وێڕای ساڵانێک خەباتی جۆراوجۆر لە وڵاتانی جیاوازدا هێشتا بەتەواوی چارەسەر نەکراوە، بەڵام بەپێی کۆمەڵێک هۆکاری وەک هەڵکەوتوویی جوغرافیایی و دەسەڵاتی حاکم لەو وڵاتەدا و داب و نەریتەکان، شێواز و ڕێژەی ئەو توندوتیژییانە دەگۆڕدرێ.

هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتییەوە توندوتیژی هەبووە، بەڵام توندوتیژی دژ بە ژنان نموونەی بەرچاوی ئەو توندوتیژییانەیە کە لەو وڵاتانەی کە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستییان هەیە و یاساکانیان بە سیستمی دیکتاتۆری داڕێژراوە و تێکەڵ بە ئایین کراوە و دێموکراسی بوونی نییە؛ ئەو دیاردەیە دەگاتە لوتکە.

لەو پێوەندییەدا ئێران نموونەی بەرچاوە کە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی دەسەڵاتداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا توندوتیژی بەشێکی جیانەکراوەی ئەو ڕێژیمەیە و هەم بە سیستەمە سیاسییەکەی و هەم بە یاسا دژە ژنەکانی کە لەسەر بنەمای ئایین لە بەرژەوەندیی خۆی دایڕشتوون.

ئەگەر چاوێک بە یاساکانی ئێراندا بخشێنین، هەڵاواردنی ڕەگەزی لە بەند بە بەندی یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا هەیە و سیاسەتی جیاکردنەوەی قوتابخانە و زانکۆکان، پشتگیری لە قەتڵە ناموسییەکان و نایەکسانی لە نێوان ژن و پیاو، فرەژنی و سیغە و دەیان پێشێلکاریی دیکە کە لە ئێران هۆکاری پەرەپێدانی توندوتیژییەکانن و هەر دێ و ژنان زیاتر لە چوارچێوەی حکومەت و کۆمەڵگەش بێدەسەڵاتتر دەکا.

توندوتیژی و دواهاتەکانی کاریگەری لەسەر کەسایەتیی ژن و منداڵ و دواتر کۆمەڵگە دادەنێ و دەبێتە کۆسپێک بۆ بەرەپێشچوونی ئەو وڵاتە. ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە ئێتر هەموومان دەزانین کە مرۆڤایەتی پێویستی بە هێز و توانای هەموو تاکەکان و بەتایبەتی ژنان هەیە، تا کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دادپەروەر و بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازییەک دابمەزرێ .

هەروەک دەبینرێ پاش زیاتر لە دوو دەیە لە دەرچوونی ئەو بڕیارە، لەگەڵ پێشکەوتن و مۆدێرنیتەبوونی جیهان جۆر و شێوازی تری توندوتیژی دێتە گۆڕێ، هەربۆیە لە ئێستادا ژنان بەوپەڕی بێبەزەییەوە لەلایەن دەسەڵات و خەڵک و تەنانەت کۆمەڵگەش توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێ. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو بەربەست و کۆت و بەندانە کە بۆ کەلەپچەکردنی ژنان دانراوە، دەبێ ژنان وێڕای توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە هەموو بوارە فەرهەنگی و کولتووری و ئابوری و سیاسی و .... بتوانن چالاکانە بەشدار بن و ببنە پێشەنگی مرۆڤایەتی.

لەبەر ئەوەی لە ئێران، هیچ یاسا و ڕێسا و ناوەندێک بۆ پشتگیری و هۆشیار کردنەوەی ژنان بوونی نییە، ئەرکی هەموو تاکەکانە بە ژن و پیاوەوە هەوڵ بۆ دانانی یاسایەکی دادپەروەرانە و پەروەردەیەکی دروست بدەن و بە وشیارکردنەوە و پێدانی زانیاری بە هەموو چین وتوێژەکان و بەتایبەتی ژنان هەوڵی کەمڕەنگکردنەوەی توندوتیژییەکان بدەن. لەکۆمەڵگەدا کاتێک یەکسانی و دادپەروەری دێتە دی کە ماف و ئەرکەکان تێیدا بۆ هەموو تاکەکان بەبێ جیاوازیی ڕەگەزی یەکسان بن.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێی وایە یەکگرتوویی و هەماهەنگی ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنی، دەتوانێ باشترین خزمەت بە چارەسەرکردنی ئەو پرسە بکا. سەرکەوێ خەباتی ڕەوای ژنان، لەدژ زوڵم و زۆرداری.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٥ی نوامبری ٢٠٢١ی زایینی**

# هەڵوێستەیەک لە سەر نێوەڕۆکی کتێبی: «زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو»



قادر وریا

**ئاماژە:** "زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو"، کتێبێکە لە نووسینی پرۆفیسۆر د.جەعفەر شێخولئیسلامی. عەبدولخالق یەعقووبی لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی. ساڵی ٢٠١٨، لە هەولێر لە لایەن ئەکادیمیای کوردی، چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و کوردی. لە ڕاستیدا توێژەر لێکۆڵینەوەکەی ساڵی ٢٠١١ بە زمانی ئینگلیزی بۆ ژمارەیەکی تایبەت بە زمانی کوردیی گۆڤاری زانستی نێونەتەوەیی کۆمەڵناسیی زمان(IJSL) نووسیوە. وەرگێڕاوی کوردییەکەی لە ٢٠١٨ وێڕای ئینگلیسییەکە، لە توێی کتێبێکی ١٢٠ لاپەڕیدا بڵاو بووەتەوە.

**نێوئاخنی کتێبەکە لەم بابەتانە پێک هاتووە:**

– پێشەکیی نووسەر و پوختەی لێکۆڵینەوەکە
– بابەتە تیۆریکەکان
– زمانی کوردی لە ئێران
–سیاسەتی زمانیی ئێران: ڕەزاشا ١٩٤١-١٩٢٥، محەمەد ڕەزاشا ١٩٤١-١٩٧٩، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩وە، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە میدیا، پەروەردە




– مژار و ئەنجام.

**هەڵوێستەیەک لە سەر پێشەکیی نووسەر بۆ وەرگێڕاوی کوردیی توێژینەوەکە:**

لە پێشەکیی کتێبەکەدا، توێژەر ئاماژە بە هێندێک ئاڵوگۆڕی هەر چەند بچووک بەڵام ئەرێنی لە ئێران لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا دەکا، وەک کرانەوەی خولێکی بەکالۆریای زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ٢٠١٥ لە زانکۆی کوردستان و پێشوازیی ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران بۆ بەشداری لەم خولەدا. لە درێژەی ئەو باسەدا و بە سەرنجدان بەو ڕاستییە کە چاوەڕوان ناکرێ ڕێژیمی ئێران مل بۆ داوای خوێندن بە زمانی کوردی کەچ بکا، توێژەر کۆمەڵێک پێشنیاری خستووەتە بەر سەرنجی هۆگران و دڵسۆزانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. د.جەعفەر ئەوەندە دەرفەتەش (کرانەوەی جاروبارەی خولی بەکالۆریای زمان و ئەدەبی کوردی، یا خوێندنی چەند یەکەیەکی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە ئاستی ناوەندی و زانکۆدا) بە گرنگ دەزانێ: "ڕەنگە چارە هەر ئەوە بێ کە ئەوەندەی دەکرێ جارێ زمانی کوردی بچێتە نێو فێرگە و زانکۆکانەوە. واتە ڕەنگە ئەمە هەنگاوێکی بەسوود بێ کە جارێ لانی کەم بوونی زمانەکە وەکوو وانەیەک، یا چەند وانە، بۆ نموونە وانەیەک لەسەر ڕێزمان و بابەتە زمانییەکانی کوردی و وانەیەکیش لەسەر ئەدەبی کوردی) لە فێرگەکانی کوردستان بگوترێتەوە. بەو مەرجەی کە ئەو وانانە دڵسۆزانە ولێزانانە بگوترێنەوە، دەتوانن هەم ئاستی زمانەکە ببەنەسەر و هەم لە لای ئاخێوەرانی زمانەکەشەوە خۆشەویستتری بکەن." (لاپەڕی ١٣)

خۆشەویستتر کردنی زمانەکە لای ئاخێوەرانی بە تایبەتی منداڵانی ئەو نەتەوەیەی کە لە خوێندن بە زمانی خۆیان بێبەش کراون، هەر وەها دروستکردنی ئەو باوەڕە کە زمانەکەی ئەوانیش هیچی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە و دەتوانێ زمانی پەروەردە و فێرکردن بێت، لەو خاڵانەن کە توێژەر وەبیر ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان دێنێتەوە. هاوکات پێویستە نوخبەی نەتەوەی باڵادەستیش دیالۆگی لەگەڵ بکرێ و تێبگەیەندرێ کە خوێندنی نەتەوە نافارسەکان، نەک هەر شتێکی خراپ نییە بەڵکوو لە زۆر بارەوە بە قازانجە. بە تایبەتی بۆ پتەوکردنی یەکگرتوویی وڵات و پێکەوەمانەوەی بەئاشتیی پێکهاتە جیاواز و جۆراوجۆرەکانیان. "دەمڕاستەکانی زمانی باڵادەست پێیان وایە کە دانی مافی زمانی دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی وڵاتێک. نازانن کە دانی مافی زمانی بە باسکەکان و کاتالۆنەکان لە سپانیا و، بە کۆبەکییەکان لە کەنەدا، بە وێلزییەکان لە ئینگلیستان، جووڵانەوەی جیاوازیخوازیی لەنێو ئەو کەمینانەدا نەک بەهێز نەکردووە، بەڵکوو کزی کردووە." (لاپەڕی١٤ )

زیندوو ڕاگرتنی پرسی داوای خوێندن بە زمانی دایک لە ئێران بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک (٢١ی فێوریە) و بەشداریی چالاکانەی چالاکانی کولتووریی سێ نەتەوەی تورک (ئازەری)، کورد و بەلووچ کە نووسەری کتێبی "زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو"، ئاماژەی پێ کردووە، گۆڕانێکی جێگەی هیوایە. "ئەمە بۆ خۆی زۆر باشە. لە لایەکەوە بابەتەکە لەنێو خودی ئاخێوەرانی زمانە کەم دەسەڵاتەکانەوە، وەکوو کوردی و ئازەری، بە زەقیی سەرهەڵدەداتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، نووسەر و ڕووناکبیرانی فارس دێنە نێو گفتوگۆکان و لەسەر بابەتەکە گفتوگۆ دەکەن. واتە، بۆنەکە بۆ لە ئارادا هێشتنەوەی بابەتەکە و درێژەدانی گوتارەکە کاریگەرە." (لاپەڕی ١٥)

خاڵێکی جێگەی سەرنج کە توێژەر لەم پێشەکییەدا ڕوونی دەکاتەوە، نیگەرانی و خراپحاڵیبوونی فارسزمانەکان و لایەنگرانی زاڵبوون و باڵادەستیی زمانی فارسی لە ئێران لە ئاکامەکانی پەروەردە و خوێندنی چەند زمانە لە ئێراندایە." دەستڕاگەیشتن بە زمانی یەکەم بۆ هەموو مەبەستەکان مافێکی ئینسانییە. هەروەها دەستڕاگەیشتن بە زمانی "نەتەوەیی" و هاوبەشی وڵاتێکیش مافێکی ئینسانی و زمانییە. ئەمە بەو واتایەیە کە دەستڕاگەیشتن بە مافی زمانی زگماکی یان یەکەم، نابێ بە واتای دوورەپەرێزی لە زمانی وڵاتێک بێ، وەکوو زمانی فارسی لە ئێران. بێبەشکردنی منداڵی کورد لە زمانی فارسی بێبەشکردنیانە لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتێکدا کە فارسی زاڵە." (لاپەرەکانی ١٧و١٨)

لە کۆتایی ئەم پێشەکییەدا، پرسیارێک وروووژێندراوە. وڵامێک کە توێژەر بەو پرسیارەی داوەتەوە، یارمەتیدەرە بۆ ئەو کەسانەی خەریکی نووسین و توێژینەوە لەبارەی سیاسەت و پلانی زمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانن. پرسیارەکە ئەمەیە: "ئایا هەر ئەوە کە لە وڵاتێکی وەکوو ئێران خوێندن بە زمانی کوردی ڕێگا بدرێ، هەموو شت ڕاست و دروست دەردەچێ؟" توێژەر دوای ئاماژە بەو هەمووە چەرمەسەری و قوربانیدانەی کورد لەپێناوی زمانەکەی، وریایی دەدا ئەگەر ڕۆژێک دەرووەیەکی نەختێک ڕووناک بۆ خوێندنی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە بکرێتەوە، پێویستە لە سەرەتاوە هەنگاوەکان شێلگیرانە و بە زانیارییەوە هەڵبگیرێن. لەم بارەیەوە دەڵێ: "بۆ ئەوە کە سیستەمێکی سەرکەوتوو بۆ خوێندن بە زمانی دایک بێتە ئاراوە، پێویستە زۆر لایەن وەکوو ئەکتەرەکان (منداڵ، بنەماڵە، جڤات، نەتەوە، وڵات و هتد)، پرۆگرامەکان، یاساکان و بوارە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لەبەرچاو بگیرێن." (لاپەڕی ١٩) توێژەر بۆ هەر یەک لەم ئەکتەرانە کۆمەڵێک بیرۆکە و ئەرکی خستووەتە ڕوو کە پێویستە لە ئەگەری هاتنە کایەی دەرفەتێکی ئەوتۆدا، جێبەجێی بکەن و بخرێنە چوارچێوەی بەرنامە و پلانیان.

**لەبارەی کرۆک و نێوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوە لە سەرەتادا لە دەلاقەیەکی تیۆریکەوە دەڕوانێتە جۆری گەڵاڵەبوونی سیاسەتی زمانی لە ئێران. نێوەڕۆکی سیاسەتی زمانی لە ئێران، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە بە پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ لە ئێران و ئەو ئایدۆلۆژی و ناسیۆنالیزمەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنیات نراوە. دەوڵەت نەتەوەی ئێرانیش کە لە سەدەی بیستەمدا سەری هەڵدا "وەک زۆربەی دەوڵەت-نەتەوەکانی ئەو سەدەیە، پڕۆژەگەلی نەتەوەچێکەریی خۆیان لە پڕۆژە گەلی وڵاتانی ئەورووپییەوە وەرگرت بە تایبەتی فەرەنسە، لە بەر ئەوەی فەرەنسە وەک یەک لە یەکەم پڕۆژەگەلی نەتەوەچێکەری سەرکەوتووی مودێرن لە قەڵەم دەدرێ کە تێیدا پڕۆسەی یەکپارچەسازی بە "هێوری و بێ گیروگرفت" چووەتە پێشێ."(لاپەڕی ٣١)

لە سەدەی بیستەم، زمانەکانی کاتالان و باسک لە ماوەی دەسەڵاتی فرانکۆ لە ئیسپانیا قەدەغە کران، و کوردی لە تورکیە بۆ ماوەی نزیکەی سەدەیەک ڕێپێنەدراو بوو. ئێرانیش زمانگەلی کەمینەکانی قەدەغە کرد، یەک لەوان کوردی، لانیکەم لە ماوەی دەسەڵاتداریی ڕەزاشادا، ١٩٢٥- ١٩٤١" ( لاپەڕی ٣٢).

لە چوارچێوەی ئەو باسە تیورییەدا، ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێک لە زمانەوانە بە ناوبانگەکان لە بارەی سیاسەتی تاکزمانی و ئامانجەکانی، هەروەها ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە و سیاسەتی زمانیی بەکارهاتوو لەو سیستەمە لە جێگیرکردنی ئایدۆلۆژی سیستەمی سیاسیی وڵاتدا دەخوێنینەوە. بۆ نموونە ئەم بۆچوونەی "سکۆتناب کانگاس": " لە وڵاتێکی فرەزماندا، داسەپاندنی یەک زمان بە سەر تەواوی خەڵکدا و بە قیمەتی وەپەراوێز خستنی زمانەکانیتر بە واتای شەرعییەتدانە بە دەسەڵاتێکی سیاسیی تایبەت، شێوازێکی دیاریکراوی چاوەدێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، و ڕێگایەکی ئایدۆلۆجیکی بە کۆمەڵاتیکردنی جەماوەر کە دەبێتە هۆی ملکەچکردنیان بۆ، کەموزۆر، تاکە یەک شێوازی تێڕوانین، تێگەیشتن، و شرۆڤەکردنی جیهان، تاکە یەک شێوازی تێڕوانین لە خۆیان و ئەوانیتر، و هەر بۆیە پێملبوون بە ناسنامەیەکی یەکسان و هاوبەش، واتە ناسنامەی گرووپی باڵادەست ] و خاوەن دەسەڵاتی سیاسی [ . یەک لە شێوازە کاریگەرەکانی تواندنەوە و یەکدەستکردنەوە" پەروەردەی ڕەسمی بووە." (لاپەڕی ٣٤)

توێژەر، بەشێکی سەرەکیی توێژینەوەکەی بۆ باس لە سیاسەتی زمانی لە ئێران لە دوو سەردەمی جیاوازدا تەرخان کردووە. سەردەمی ڕێژیمی شایەتی و دەسەڵاتدارێتیی ڕەزا شا و دواتر کوڕەکەی. هەروەها سیاسەتی زمانی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە نەک هەر بە گۆڕانی دەسەڵاتداران، تەنانەت بە گۆڕانی ڕێژیمە سیاسییەکانیش، جەوهەری سیاسەتی سەرکوتکەرانەی تاکزمانی لە ئێران نەگۆڕاوە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە لە نێوان سیاسەتی زمانی لەو دوو سەردەمە سیاسییە جیاوازەدا، هیچ جیاوازییەک پێک نەهاتوە. بۆ وێنە حەمەڕەزاشا "هەر چەند تواندنەوەی زاڵمانەی کەمینەکانی، بە کوردیشەوە کەم کردەوە، بەڵام فارساندن وەک سیاسەتی سەرەکیی حکوومەتی ناوەندی و دامودەزگا خۆجێیی و ناوچەییەکان مایەوە، هەر لە دامودەزگای سەربازییەوە بگرە تا دەگاتە پەروەردە." (لاپەڕی٤٢)

لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی حەمە ڕەزاشا،

درێژە بۆ لاپەڕەی ١٠

# حیزبی دێموکراتی کوردستان و پرسی ژن لە کۆمەڵگەدا

خەج مەعزووری

ئەو پێناسە و پێوانەیەی کە لە مافی مرۆڤ بەتایبەت مافی ژن دەکرێ و لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و دێمۆکراتیک و خەڵکیدا وەبەر چاو دەگیرێن، هەر ئەو پێناسەیە بۆ حیزبێکی پێشکەوتوو، خاوەن مێژوو و ڕەسەنیش دروستە. هەمیشە ڕادەی پێشکەوتوویی حیزبێک یا ڕێکخراوێک ئەگەر لە سیاسەتی ڕاست و دروست و ڕاشکاوانەیدا بەرانبەر کێشە و مەسەلەکانی نێوخۆیی و درەوەی هەڵدەسەنگێندرێ، ئەو پێشکەوتووییە هەر بەو ڕادەیە بەڵکوو زۆرتریش بە ڕوانگە و بۆچوونی ئەوان بەرانبەر بە پاراستنی مافی مرۆڤ و پرسی ژن بەستراوەتەوە. لە ڕاستیدا ئەو حیزب و ڕێکخراوانە چەندە لەسەر دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لابردنی نایەکسانی لە کۆمەڵدا پێداگر و سوور بووبن، دەتوانین بڵێین ئەوەندەش پێشکەوتوون.

زانایەک دەڵێ: "ڕادەی ئازادی لە هەر کۆمەڵێکدا بەستراوەتەوە بە ڕادەی ئازادیی ژنان لەو کۆمەڵەدا" بەو واتایە لە هەر کۆمەڵگەیەک و بنەماڵەیەک و هەر دامودەزگایەک کە ئازادی لە ژنان بەربەست کرا و وەبەر چاو نەگیرا، ئەو کۆمەڵگەیە تا بینەقاقا لە دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و فەرهەنگیدایە. بۆیەشە حیزبی دێمۆکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە باوەڕی وا بووە لە کۆمەڵگەیەکدا ژنانی ئازاد و لە کاروباری وڵاتدا بەشدار نەبن و ڕۆڵی ئەکتیو نەگێڕن، ئەو کۆمەڵگەیە گەشە ناکا و بە هیچ بارێکدا سەرکەوتوو نابێ.

٧٦ ساڵ لەوە پێش لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوونی ژن لە مەیدانی کار و تێکۆشاندا هەست پێ کراوە، بۆیە سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەدی نەمر لە فەزای دواکەوتووی کۆمەڵی کوردەواری بە بافتی دەرەبەگایەتیی ئەوکات، یەکێک لە کارە گرینگەکانی ئەوە بوو ژنان بانگهێشتی گۆڕەپانی کار و چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکا. ئەو کار و کردەوەیەی پێشەوا قازی نەریت و نۆرمێکی پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵی کوردەواری و بەتایبەت بۆ ژنان وەک میراتێکی پڕ بایەخ ماوەتەوە. پاش ٧٦ ساڵ ژنان شانازی بەوە دەکەن کە نرخیان لێ نراوە و بە هێند وەرگیراون. هەروەها ٤٣ ساڵ لەوە پێش ئەو ڕێچکە ئینسانییە وەبەرچاو گیرایەوە و لە کۆنگرەی ٤ی حیزبدا دەبینین کە کاریزمایەکی دیکەی کورد (نەمر دوکتور قاسملوو) ژن لە بیر ناکا و کەسایەتی دەدا بە ژن و لە کۆنگرەدا دوو ژن بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵدەبژێردرێ.

وەک باس کرا پرسی ژن لە کوردستان هەر لە سەرەتاوە لە حیزبی دێموکراتدا وەک مەسەلەکانی دیکەی پێوەندیدار بە گەلی کورد لە بەرنامەی حیزبدا ڕەنگی داوەتەوە و، لە ڕاستیدا بە هەڵکەوت نییە کە لە بەرنامە و پێڕەو حیزبی دێموکراتدا هاتووە کە: "ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێراندا مافی وەک یەکیان هەیە"، "هەموو دانیشتووانی کوردستان بە ژن و پیاوەوە هەروەک دانیشتووانی هەموو ناوچەکانی ئێران بەبێ هیچ جیاوازیی جینسی، قەومی، ڕەگەزی لە مافی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی وەک یەک کەڵک وەردەگرن"، "هەموو منداڵانی کوردستان بە کچ و کوڕ دەبێ تا ١٥ ساڵی بخوێنن" و "ژن و پیاو لە کۆمەڵ و لەنێو ماڵدا بەرانبەرن و لە بەرانبەر کاری وەک یەکدا مووچەی وەک یەک وەردەگرن" و... . وەک دەبینین حیزبی دێمۆکرات بەڕوونی بیروباوەڕی خۆی بەرانبەر بە یەکسانیی ژن و پیاو لە بنەماڵە و لە کۆمەڵدا دەربڕیوە و لە بەرنامەی خۆیدا هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە بەیاننامەی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی سەر بەم بەیاننامەیەدا هاتوون تێدا وەبەر چاو گرتووە. ئەو باوەڕەشی لە زۆر بواردا بەجێ گەیاندووە و بێجگە لەوەش دژی گشت ئەو دیاردە دزێو و ناحەزانەی کۆمەڵی کوردەواری بووە کە ژنی لە دواکەوتوویی و نەهامەتیدا هێشتۆتەوە. لەو پێوەندییەشدا ئاماژە بە نموونەیەکی بەرچاو دەکەین:

بە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران و ئاشکرابوونەوەی حیزبی دێموکرات و دەستپێکردنەوەی کار و چالاکیی تەشکیلاتی حیزبی لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا، بەرانبەر هێندێک کێشە و دیاردە بە تایبەت کێشەکانی پێوەندیدار بە پرسی ژن کە ببوون بە گرفتێکی جێدی وچارەسەرنەکراو و بەرۆکی ژنانی گرتبوو، هەڵوێست گیرا و لەلایەن ڕێبەریی حیزبەوە بۆ کەمڕەنگکردنەوەیان گەلێک هەنگاوی گرینگ و بە نرخ هەڵگیرا، وەک: قەدەغەکردنی ژن بە ژنە، گەورە بە بچووک، بە بەرخوێندان، بنەتوو و... . هەروەها بۆ خاشەبڕکردنی ئەو دیاردانە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە بەربەست دانرا و ئەو کەسانە سزایان بو دیاری کرا کە دەست بۆ ئەم کردەوانە دەبەن. هەر ئەوکات کە پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات بۆ چالاکیی تەشکیلاتی و کاری تەبلیغی هاتوچۆی گوندەکانیان دەکرد، یەکێک لە ئەرکەکانیان لە تەبلیغاتدا ئەوە بوو کە لەدژی دیاردە دزێو و باوەکانی نێو کۆمەڵی کوردەواری کە زیانی بە کەسایەتیی ژن دەگەیاند قسە بکەن و لەقاویان بدەن و لەو بوارەدا وشیاری، زانیاری و ڕوونکردنەوە بدەنە خەڵک. مخابن تەمەن و مەودای مانەوەی بەئاشکرای ڕێکخراوەکانی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچە ڕزگارکراوەکداندا کەم بوو و نەکرا بەو جۆرەی کە پێویستە بۆ سرینەوەی ئەو دیاردانە و سەرخستنی پرسی ژنان هەوڵ بدا، بە فتوا دژی ئینسانییەکەی خومەینی شەڕ بە سەر حیزبدا سەپا، بەڵام حیزبی دێموکرات سەرباری ئەوەش دەستی لە سەر دەست دانەنا و قەت لە ئاست مافی مرۆڤ و پرسی ژن و ئەو ناحەقی و نایەکسانیەی کە لە کۆمەڵی کوردەواری بەرامبەریاندا ڕەوا دەبینرا، خەمسارد نەبوو. حیزبی دێمۆکرات بیری لەوە کردەوە کە چارەیەک بۆ ئەم پرسە بدۆزێتەوە کە لە کوردستان کەس نەتوانێ بە ویستی خۆی بڕیاری نابەجێ و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانی بدا و بە کەیفی خۆی بەسەر ژنانیدا بسەپێنێ. بۆیە لەلایەن حیزبەوە گەڵاڵەیەک بە ناوی"قانوونی سزادانی گشتی" لە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی بە پەسەند گەیشت و لەلایەن بەڕێوەبەریی حیزبەوە خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە سەرەتای ئەم گەڵالەیە دا هاتووە:

"ئەم قانوونە لە کوردستانی ئێران بەڕێوە دەچێ و هێزی پێشمەرگە بەڕێوەبردنی ئەم قانوونە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ و لە مەتەرێزی شەرەف و پیاوەتییەوە بۆ دامەزراندنی نیزامێکی ئینسانی تێدەکۆشێ. ئەم قانوونە بریتییە لە ٨٩ بەند کە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پەسند کراوە و لە کوردستاندا بەڕێوە دەبرێ."

کاتی خۆی لەسەر بڕیاری حیزب پێشمەرگە ئەرکی خۆی بەرامبەر قانوونەکانی گەڵاڵەی سزادانی گشتی کە ٢٤ بەندی ژنانی هەڵەکار و ستەملێکراوی دەگرتەوە، لە ناوچەکانی کوردستان بەوپەڕی هەست بە بەرپرسایەتییەوە بەڕێوە برد کە ئێستاش پاش چوار دەیە شوێنەوارە پێشکەوتووەکانی ئەم یاسایە دیارن کە ژنانی کورد دەبێ شانازیی پێوە بکەن.

بەڵگە یاساییەکان نیشانیان داوە تا ئەو کاتەی پێشمەرگە دەسەڵاتی تەواوی بە سەر ناوچەکانی کوردستاندا هەبووە بەندەکانی یاسای سزادانی گشتی لەژێر چاوەدێریی حیزبی دێمۆکراتەوە لەلایەن خەڵکەوە وەبەرچاو گیراوە و کەم کەس لەو یاسایە سەرپێچی کردوە و بەئاشکرا ستەم بە ژن ڕەوا بینراوە.




# هاواری بەحەقی مامۆستایان


ڕەزا محەممەدئەمینی

لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە ئێران، ڕۆژی پێنجشەممە، یازدەی سەرماوەزیش لە زیاتر لە شێست شاری ئێران و کوردستان مامۆستایان کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان بەڕێوە چوو. لە پارێزگاکانی تاران و ئەلبورز مامۆستایان لەبەردەم مجلیسی شووڕای ئیسلامی و لە شارەکانی دیکەش مامۆستایان لە بەردەم ئیدارەی فێرکردن و بارهێنان کۆ بوونەوە. داخوازیی مامۆستایان و خانەنشینکراوەکان بریتی بوو لە پلەبەندیی مامۆستایان و هاوسەنگکردنی مووچەی مانگانەی خانەنشینکراوەکان، یەکسانکردنی مووچەی مانگانەیان لەگەڵ کارمەندەکانی دیکەی دەوڵەت و چەند داوایەکی دیکەی وەک ئازادکردنی چالاکانی فەرهەنگیی بەندکراو لە بەندیخانەکاندا.

بێگومان ئەمە یەکەمجار و کۆتا جار نییە و نابێ کە مامۆستایان و خانەنشینکراوەکانی ئێران دێنە سەر شەقامەکان و داوای مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن. هەرچەند لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێ کە ویستی مامۆستایان پیشەییە و خوازیاری سەرەتاییترین مافەکانی خۆیانن، بەڵام لە ناخی دروشمەکان لە هەموو کۆبوونەوەکاندا دەردەکەوت کە ئەوە تەنیا ویستێکی پیشەیی نییە مامۆستایان داوای دەکەن، بەڵکوو ویستێکە کە هەموو بوارەکانی ژیان و کۆمەڵگە دەگرێتەوە. ئەوان لەو شێوە ژیانە (ژانە) وەزاڵە هاتوون و خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتین، هەربۆیەش تەنیا چەند ڕۆژ دوای سەرکوتی خۆپێشاندانی خوێناویی شاری ئیسفەهان چاونەترسانە هاتنە سەر شەقامەکان. ئەوەی زۆر گرینگە و ڕێژیمی بەتەواوی هەراسان کردووە ئەو یەکگرتووییە سەرانسەرییە کە ڕێکخراوی پیشەیی مامۆستایان توانیویەتی پێکی بێنێ!

هەر چەند لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا ئەو توێژە زەحمەتکێش و هەژارە چەندین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتییان لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران پێکهێناوە، بەڵام هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی بۆ وەڵامدانەوە بە داواکانیان و کەمکردنەوەی ئازارەکانی ئەوان هەڵنەهێناوەتەوە. دیارە لەوبەینەدا دۆخی مامۆستایانی گرێبەست زۆر خراپترە و نەک هەر موچەی مانگانەیان زۆر کەمە، بەڵکوو هەمیشە مەترسیی ئەوەیان لەسەرە گرێبەستەکانیان نوێ نەکرێتەوە. ئەو دیاردەیە لە کوردستان زۆر بەرچاوترە و ڕێژیم هەوڵی داوە لەبری تازەکردنەوەی گرێبەستی مامۆستا کوردەکان، کەسانی غیرەکورد دابمەزرێنێ؛ هەربۆیەش دەبینین لە هەموو ناڕەزایەتییەکاندا، مامۆستایان و چالاکە فەرهەنگییەکانی کوردستان بەشداریی بەرچاویان کردووە.

لە کوردستان زۆر مامۆستا و چالاکی فەرهەنگی وەک زۆربەی چالاکانی بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردەواری تەنیا لەسۆنگەی ماف‌ویستی، کەوتوونەتە بەر سەرکوت و بەندیخانە و سزای توندیان بەسەردا سەپاوە. شک لەوەدا نییە ڕێژیم وەک هەمیشە لە ڕوانگەی ئەمنییەتیەوە دەڕوانێتە کوردستان و بە هەستیاری و چاوی هەڕەشەوە سەیری هەرچەشنە چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەییەکان دەکا و بێبەزەییانە دەست دەداتە سەرکوتکردنیان؛ بەڵام هەر وەک چۆن سەرکوت و چاوسوورکردنەوە لە ڕابردوودا نەیتوانیوە مامۆستایان و چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی لە ئێران و بەتایبەت کوردستان بێدەنگ بکا، ئێستاش ناتوانێ بەر بە ناڕەزایەتیی بەربەرینی مامۆستایان بگرێ و چاوترسێنیان بکا.

دۆخی ژیانی مامۆستایان لە ئێران زۆر خراپە و ئەوان بەتایبەت لە شارە گەورەکان بەو موچە کەمەی وەری دەگرن ناچارن بۆ دابینکردنی بژیویی ژیان ڕوو لەکاری دیکەی وەک دەستفرۆشی و مسافیرکێشی و کرێکاری و... بکەن؛ ئەوەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسەی خوێندن و فێرکردنی قوتابیان دادەنێ. ئەو ڕاپۆرتانەی لە میدیاکان، تەنانەت میدیا و ڕۆژنامەکانی سەر بە ڕژێم بڵاو دەکرێنەوە پێمان دەڵێن مامۆستایان لەوپەڕی نەهامەتیدا دەژین. لە ڕاستیدا نەک هەر مامۆستایان وەک بەشی گەورەی چین‌وتوێژی مامناوەندیی ئێران لە ساڵانی ڕابردوو بەهۆی ئابووری دارماوی ئێران تێکەڵ بە چین‌وتوێژی کەمداهات بوون، بەڵکوو چین و توێژی مامناوەندی کە دەبێ لە ئابوورییەکی سڵامەتدا لەسەدا حەفتای کۆمەل پێکبێنێ لە هەموو کاتێک زیاتر چووک و لاواز بووەتەوە، ئەوەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کەلێنی چینایەتی گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و لە کۆمەڵگەی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکاندا چینی مامناوەندی و هەژارەکان ڕۆژبەڕۆژ هەژارتر و لەبەرانبەریشدا دەستڕۆیشتووەکان و کەسانی سەر بە ئاڵقەی دەسەڵات و مافیای سپای پاسداران دەوڵەمەندتر دەبن.

بارودۆخی خانەنشینکراوەکان لە مامۆستایانیش خراپترە و هاوسەنگیی موچەی مانگانەی ئەوان بەلەبەرچاوگرتنی ئاوسانی ئابووریی و گرانی هەوسارپچڕاوی پێداویستییەکان ڕۆژبەڕۆژ خراپتر بووە. تراژێدیای خانەنشینکراوەکان لەوەدایە کە بەهۆی بەساڵاچوون هێزی کاریان وەک مامۆستاکانیشیان نییە کە بگەڕێنەوە بازاری کار و داهاتێک دەستەبەر بکەن. زۆربەی خانەنشینکراوەکان تا ئێستا بە پاشەکەوتی ساڵانی ڕابردوویان ژیاون، پاشەکەوتێک کە گرانی پێداویستییەکان و کرێ خانوو و ... لەمێژە کۆتایی پێ هێناوە.

کۆماری ئیسلامی لەئاست ئەو نەهامەتییەی تووشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هاتووە هەموو جارێ قامکی تاوان بۆ دەرەوە و گەمارۆکانی ئەمریکا ڕادەکێشێ، بەڵام هیچکات لە خۆی ناپرسێ کە بۆ گەمارۆی لەسەرە و زیاتر لە سەت میلیارد دۆلاری لە دەرەوە بلۆکە کراوە؟ باسی ئەوە ناکا کە ئەوە سیاسەتە چەوت و دژی گەلییەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەیە کە جیهانی دەرەوەی ناچار کردووە لە بەرانبەریدا ڕاوەستن و سنوورێک بۆ پەلهاویشتنەکانی دابنێن! کۆماری ئیسلامی دەڵێ بەهۆی گەمارۆکان بوودجەی پێویستمان بۆ مامۆستایان و خانەنشینکراوەکان و کارمەندانی دەوڵەت نییە؛ بەڵام ناڵێ ئەدی بۆچی بودجەیان بۆ هێزەکانی قودسی سپای پاسداران و دەستەوتاقمە تێرۆریستییەکانی خۆیان لێ نابرێ؟

ئێران لە هەموو بارێکەوە بەرەو وێرانی دەڕوا و ئەو دۆخەش بە دڵنیاییەوە دەبێتە ڕادیکاڵبوونی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران؛ هەروەک چۆن لەباری زەمەنییەوە ناڕەزایەتییەکان لێک نیزیک بوونەوە، هەرئاواش لەباری ڕویکەردەوە قووڵتر لە پێشوو ئامانجدارتر بوون. قۆناخێک لە خەباتی خەڵکی ئێران کە دەکرێ بە قۆناخی نائومێدی و لەهەمانکاتدا تووڕەیی خەڵک لەلایەک و لەلایەکی دیکە داماوی و سەرلێشێواوی دەسەڵات دابندرێ. جگە لەوەش هەتا کەی سەرکوت و دامرکانەوەی ڕقی پەنگخواردووی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران! ئەگەر ئاخوندەکان و بەگشتی نیزامیی گەندەڵ و گنخاوی کۆماری ئیسلامی پێیوایە دەتوانێ بە سەرکوت و زەبروزەنگ و خوێنڕشتن چارەنووسی خۆی بگۆڕێ، ئەوە لە هەڵەدایە. مێژوو پێمانی سەلماندووە ئەگەر هەموو شتێک لە تەسکی بپسێ، ئەوا زۆڵم و زۆرداری لە ئەستووری دەپسێ.

# یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد:

# خوێندکاران و قوتابییان پێشەنگی خەبات دژی دیکتاتۆڕی و سەرەڕۆیین

یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕێوڕەسمێکی بۆ قوتابییان و خوێندکارانی سەرکەوتووی بنکەکانی حیزبی دێموکرات کە دەرچووی ئاستە جۆراوجۆرەکان خوێندنی ساڵی ڕابردوو پێکهێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە ٦ی سەرماوەز بەڕێوە چوو، سەرگوڵ شابازی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە پەیامی ڕێکخراوکەیان بەو بۆنەیە ڕایگەیاند: لە ئێستادا کە خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دۆخێکی ناخۆش و پڕ لە دڵەڕاوکێ دان و تەنیا هیوایان بە داهاتوویەکی باشتر، لابردنی کۆماری ئیسلامی و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی گەلی و دێموکراتیکە، خوێندکاران لە نێوخۆی وڵات زیاتر لە هەمیشە لەژێر فشار و سەرکوتکارییدان. ئەوان کە لە زۆربەی بزووتنەوەکانی دژ بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆریدا ڕۆڵی کاتالیزۆر و پێشەنگایەتی دەگێڕن، لە ئاکامی گرینگی‌نەدانی ڕێژیم بە زانین و زانکۆ و داهاتووی خوێندەواران لە لایەک و فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە لایەکی دیکەوە، بە تەواوەتی پشتگوێ و پەراوێز خراون.

لە بەشکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتەیەکی کورتدا پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە نەتەوەکەمان پێویستی بە جیلێکی نوێی خوێندەوار و پێگەیشتووە کە بتوانن لە ڕێگەی زانستیشەوە یارمەتیدەری گەیشتن بە ئامانجەکانمان بین و لە سەرکەوتن نزیکمان بکاتەوە.



لە بڕگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا قوتابییانی دەرچووی ١٢ی ئامادەیی و هەروەها خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکان بۆ خوێندنی دوو ساڵی ڕابردوو ڕێزیان لێ گیرا.

# هێما نەتەوەییەکان، ڕەمز و نیشانی نیشتمانن



عەلی فەتحی



نیشتمان ئەو سەرزەمینەیە کە مرۆڤ لێی لەدایک دەبێ. ئەو خاکەیە کە بەلای ئینسانەوە پیرۆزە. ئەو وڵاتەیە کە تێیدا گەورە دەبێ. ئەو مڵکەیە کە ئیتر دانیشتووی ئەوێی. لە زۆربەی شوێنەکانی ئەو جیهانە بە نیشتمان دەڵێن: "***دایک***". کەوابوو نیشتمان لەباری ڕێز و خۆشەویستی و گرینگی و جوانییەوە هاوتەرازە لەگەڵ دایک. دایک، ئەویش نۆ مانگ کۆرپە لە هەناوی خۆیدا پێ دەگەیەنێ و کاتێک جگەرگۆشە چاویشی بە دنیا دەپشکوێ و بەرەو پێشکەوتن هەنگاو دەنێ، ئەوە هەر دایکە پتر لە هەر کەسێک چاوی لەسەر هەڵناگرێ و هەر خۆشەویستیی دایکە دەبێتە هەوێنی ژیانی ئەو مرۆڤە. کەوابوو ئێمەی مرۆڤ، وەختێک لە هەناوی ئەو نیشتمانەدا پێ دەگەین و چاومان بە دنیا دەپشکوێ و دەژین، پێویستە هەمان خۆشەویستی کە بۆ دایکمان هەیە، بۆ نیشتمانیشمان هەبێ. ئا لێرەدا وێژەکانی "نیشتمانی دایک جوانە، باوەشی نیشتمان گەرمە، دڵی نیشتمان بەسۆزە، فێرگەی نیشتمان بەوەجترین شوێنی پەروەردەیە و..." لەخۆڕا نەهاتوونەتە نێو ئەدەبیاتی گەلانی جیهان.

یونانی و ڕۆمییەکان لە سەردەمی خۆیاندا، نیشتمانیان بە باوک شوبهاندووە، چونکە باوکیان بە ڕەمز و نیشانەی باروەری زانیوە و هیچ شتێک بەقەرا نیشتمان بەلایانەوە پیرۆز نەبووە. وێژەکانی پاتریدا(١) و پاتریۆتیسم، نیشتمان و نیشتمانپەروەری بەرلە هەر خەڵکێکیتر لەلایەن ئەوانەوە پێناسە کراون. ئەوان هەردەم گوتوویانە کە هیچ شتێ پیرۆزتر لە نیشتمان لەگۆڕێدا نییە کە بایەخ و گرینگیی ئەوەی هەبێ تۆڵەی بۆ بستێنییەوە و خۆی بە قوربان بکەی. بەلای ئەوانەوە ماقوڵ نییە کەسێکی خاوەن ڕێز کە لە سەر خاکێکی پیرۆز لەدایک بووە، گەورە بووە و پەروەردە کراوە و بە ئامانجەکانی گەیشتووە، بێ و بڵێ نیشتمان هیچ و بێبەهایە و بە چاوی سووک سەیری بکا. ئەوان دەڵێن نیشتمان واتە ئەو سەرزەمین و خاکەی لەسەری دەژین و لێی لەدایک بووینە و ئەرکی سەر شانمانە بیپارێزین و ناخوازین چ جارێ کۆچ بکەین و جێی بهێڵین، چونکە کەس حەز ناکا بێشکەی بەختەوەرییەکانی خۆی جێ بهێڵێ. ئەو سەرزەمینە وڵاتێکە، دایکێکە شیر بە کۆرپەی خۆی دەدا و هیچ جگەرگۆشەیەکیش دڵی بەرەدایێ نادا دایکی تووشی ئازار بێ. هەر لەو بابەتەوە **یووانیس پۆلێمیس** یەک لە شاعیرەکان بەو جۆرە دەدوێ:

*" نیشتمانی ئێمە چییە؟*
*نەکا چەند دەشتێک بێ؟*
*یا هەر تەنیا کۆمەڵە شاخێکی هەڵنەکۆڵدراو،*
*خۆرێکی تیشکزێڕین و*
*چەند ئەستێرەیەکی درەوشاو؟*

*نەکا دەڤەرێک و چەند گوندێ*
*یا دوورگەیەکی تەماوی و*
*بەحرێکی تەنک و*
*دەشتێکی پانوگۆڕ بێ؟*

*نەکا هەرتەنیا خاکێکی کاول و چۆلکراو*
*کە پڕ بێ لە ئاسەوارە کۆنی ئاوزێڕکراو*
*لەو ئاسەوارانەی دەستکردی هونەرن و*
*هونەریش ئەبەدییەتی پێبەخشیون*
*بەڵێ، نیشتمانی من هەمووی ئەوانەن!*
*ئەمیش و ئەویش و گەلێکیتر کە نەدیون*
*لەگەڵ هەستێک لە دڵماندا*
*ئەو هەستەی*
*وەکوو تیشکی خۆر دەدرەوشێ،*
*هاوارە و دەخرۆشێ: "بۆ پێشەوە هاوڕێیان"*
*زۆر بە نهێنی لە هەناوی یەکیەکماندا*

کە لێمان ڕوون بۆوە وڵات چییە، ئەوکات نیشتمانپەروەرییش خۆی لە خۆیدا دەبێتە فەرهەنگ و تێگەیشتنێک لە زەینی تاکتاکی کۆمەڵگاکەدا. ئەویش تێگەیشتنێکی گرێدراو بە عەشق و خۆشەویستی بۆ گەل و خاکەکەی و ئامادەبوون و فیداکاری ئەو تاکانە بە مەبەستی پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووریی ئەو نیشتمان و خاکەی باسی دەکەین و بەرگریکردن لە شوناسی میللی نەتەوەیی فەرهەنگییەکەی دەبێتە ئەرکێکی نەتەوەیی بەسەر شانی هەمووماندا. دیارە زۆربەی جاران لە کات و ساتی ئەو فیداکاری و قوربانیدانەدا نەیارەکانیش ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەردەخەن و تێکۆشانی میللەت بە زێدەخوازی دادەنێن. وەک **ڤۆڵتێری** فیلۆسۆف و نووسەری فەڕانسەوی لەوبارەوە قسەیەکی بەجێی هەیە و دەڵێ: ***"ئەوە چارەنووسی مرۆڤەکانە، هەرکات گەورەیی نیشتمانی خۆیان ئارەزوو بێ، خێرا مانای خراپەویستیی دراوسێیەکانی لێ دەکەوێتەوە."***
بەڵێ، ئەوە یەک لەو هەستە نەگریسانەیە کە بەدرێژایی سەدەکان لەلایەن دراوسێیەکانەوە بووەتە مایەی خولقاندنی چارەڕەشی بۆ کورد لەسەر خاکەکەی خۆی، چونکە چاویان بە سەربەستی و باڵاکردنی ئەو نەتەوەیە هەڵنایە.

وەختێک لێمان ڕوون بۆوە نیشتمان چ نرخێکی هەیە، پێویستە ئەوەش بزانین هەر ئەو نیشتمانە، ئەو مەوتەنە چەند هێمایەکی بەوەجیشی هەیە کە وەکوو پێناسەی نەتەوەیی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ و بە هێما نەتەوەییەکان ناسراون. ئەوانە بە هێمای ئەو کۆمەڵگەیە دەگوترێن کە دەخوازێ وەکوو وڵات و نەتەوەیەک خۆی بناسێنێ، جا سەربەخۆ بێ یا ژێردەستە، خاوەن دەوڵەت بێ یا لە هەوڵی خۆڕزگارکردندا. ئەو هێمایانە لە هەمووی ئەو حاڵەتانەدا دەبنە هۆکارێک بۆ یەکگرتوویی تاکەکانی ئەو گەلە لە کۆمەڵگەدا، ئەویش بە خولقاندنی تابلۆیەکی عەینی و زێهنی و زیندووکردنەوەی نرخ و ئامانج و مێژووی مرۆڤەکان.

سێ لە سەرەکیترین و گرینگترین هێماکانی نەتەوەیی گەلانی جیهان دەبێ بڵێم ئەوانەن: سروود، نیشانی نەتەوەیی و ئاڵا. نەتەوەی کورد لە کۆنەوە لەگەڵ سروود و ئاڵا ئاشنایە. گزنفۆن لە کتێبی مێژوویی "ئاناباس"دا بەڕوونی ئاماژەی پێ دەکا و دەڵێ وەختێک گەیشتینە وڵاتی کاردوخەکان، هەموویان سەر دوندی چیاکانیان گرتبوو و ئامادەی شەڕ و بەربەرەکانی دژی ئێمە بوون. ئەوان پێیانوابوو ئێمە داگیرکەرین. هەرکە شەڕ دەستی پێ کرد، ئەوان بە ئامێرێکی بلوێری هەوایەکی موسیقییان ژەنی و "سروود"ێکیان دەگەڵ گوتەوە و پەلاماریان دەست پێ کرد... .

بۆ بابەتی ئاڵاش، کورد وەکوو گەلانیتر خاوەن کەوڵێکی چەرمی و دواتر پارچە بووە و هەرجارێ بە هێما و بابەتێک نەخشاندوویەتی. ئەوەی کەمتر لەلای کوردەکان دیتراوە، هێمای سەرکەوتنی نەتەوەییە، یا هەمان نیشانی نەتەوەیی ئەمڕۆ، کە زۆربەی زۆری گەلان هەیانە. یونانی و ڕۆمی و میسرییەکان هەرکاتێ لە شەڕێکدا سەرکەوتبن، خێرا هێمای سەرکەوتنی وڵاتەکەیان لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا چەقاندووە. هەر ئەو هێمایە لە سەردەمی مۆدێرنی ئێستادا بووەتە میداڵی ئیفتیخاریش و لە بەرۆکی قارەمانەکانی نەتەوەیی دەدرێ.


سروود و ئاڵا و نیشانی سەرکەوتن (نیشانی نەتەوەیی)، مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێویان تێپەڕ کردووە و بەردەوام ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە، هەڵبەت هەوڵی تەواو دراوە نێوەرۆکی ڕەسەنی خۆیان وەکوو ڕەنگ و مەبەست و مێژوو و بەیتە شێعرییەکانیان بپارێزن. ئەوەش لەبەر ئەوە بووە، کە ئەو هێما نەتەوەییانە خاوەن ڕێز و نرخی تایبەت تا سنووری پەرستن لەلایەن گەلانی خۆیانەوە بوون. بۆ وێنە ئاڵای یونان لەبەر ئەوەی خاوەن ڕەنگی شینی بەحرە و سەلیبی ئایینەکەیان و نۆ خەتی سپی کە واتای نۆ پیتی وشەی ئازادی دەدا، ڕووبەرەکەی ڕازاندووەتەوە. هەرکات حکوومەتەکانی ئەو وڵاتە گەرەکیان بووبێ شتێکی لێ کەم و زیاد بکەن، ئەو سێ خاڵەی باسم لێوەکردن، خەتی سوور بوونە و کەس بۆی نەبووە بیانگۆڕێ. بە هەمان شێوە ئاڵای فینلەندییەکان ئەوەندە بەلای خەڵکی خۆیانەوە خاوەن ڕێزە تەنانەت کۆمپانیا خاوەن دەسەڵاتەکانیش بەپێی یاسا بۆیان نییە وەکوو ڕێکلام بۆ کەرستەکانیان کەڵکی لێ وەرگرن.

ئەگەر بڵێین تەمەنی ئاڵا بەپێی زانیارییەکان بەقەرا مێژووی مرۆڤە، ڕەنگە زێدەڕۆییمان نەکردبێ، هەڵبەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی جسنی ئاڵاکە. چوونکە وەختێک گەشتێک بە نێو مێژوودا دەکەین لە قوڵایی هەناوی ئەودا چاومان بە گەلانێک دەکەوێ، لەجیات ئاڵای چەرم، کەللەسەری ئاژەڵ و مرۆڤەکانیان بەسەری دارەکانەوە کردووە و چەقاندوویانە. لەو پێوەندییەدا لە کتێبی "ئەنسیکلۆپێدیای سوودا"ی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی بیزانسی ڕۆمی، هاتووە کە هۆزە سکیتییەکان بەردەوام کەللەسەریان بەسەری دارێکەوە کردووە و ئەوە ئاڵای ئەوان بووە. تەنانەت هێرۆدۆتیش لە مێژووی خۆیدا باسیان دەکا. ئەوەش بڵێم، کە ئاڵا تەنیا هێمایەک نەبووە کە لە ویشکایی کەڵکی لێ وەرگیرێ، دواتر گەلانی سەر ئاوەکانیش بوونەتە خاوەن ئاڵا و لەسەر گەمییەکانیان شەکاوەتەوە. بەپێی هەندێ زانیاری باس لەوە دەکرێ یەکەمجار لە سەردەمی کۆندا چینییەکان بوون ئاڵایان بەرز کردووەتەوە و دواتریش بەپێی ئینجیلی قەدیم یونانییەکان لەجیات ئاڵا، هەندێ سیمبۆلیان دەست داوەتێ کە یا ئەلفوبێیەکەیان بووە یا هێمای ئاژەڵانی وەکوو شێر، کەڵەکێوی و هەڵۆ و هتد. بەپێی توێژینەوەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ئاڵایانە پتر لە مەیدانەکانی شەڕدا بەدەست سپای وڵاتانەوە بووە و بەمانای ئەوڕۆیی ئەگەر لێی بڕوانین، ئەوانە هەر لەو گۆڕەپانانەدا ڕەسمییەتی خۆیان دەستەبەر کردووە و لەوێشەوە بوونەتە ئاڵای پاشایەتی و ئیمپراتۆریەتەکان. ئاڵای فەرمی بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ساڵی ١٧٧٦ی زایینی لە وڵاتی ئەمریکا چەقێندراوە و ساڵی ١٧٧٧یش لەلایەن گۆنگرێس بەڕەسمی ناسراوە. دوای ئەمریکییەکان، ئەوجار فەڕانسەوییەکان ئاڵای سێ ڕەنگیان لە ساڵی ١٧٩٠ی زایینی کردە هێمای ڕەسمیی وڵاتەکەیان.

وەختێک سەیری ئاڵای زۆربەی وڵاتان دەکەین، بێئارایشییەکی جوانیان تێدا بەدی دەکەین و گەلێک سادەن و ڕەنگە ئەوەش لە سادەبوونی ئاڵای فەڕانسەوییەکانەوە سەرچاوەی گرتبێ. هێماکانی سەر ئەو ئاڵایانە ڕیشەیان لە کولتووری نەتەوەکانیان داکوتاوە. یونانییەکان ئازادی و دەریا و خاچیان بەلاوە گرینگ بووە. کانادایییەکان گەڵای پەنجەیی پێنجگۆشەی داری ئەفرای قەندییان کردووەتە سیمبۆل، چونکە بە فراوانی کوێستانەکانی ئەو وڵاتەی داپۆشیوە و جوانە و لە پاییزدا جوانتریش دەنوێنێ و بۆ دروستکردنی کەرستە چێوییەکان نەخشی گرینگی هەیە. ئاڵمانییەکان کەڵکیان لە سێ ڕەنگی ڕەش

---

هەگبەی شاخ و شۆڕش



## هەمزە سارتکەیی
## ڕچەشکێنێک لە سەردەمی بێدەنگیدا



براییم چووکەڵی

هەر کاتێک کە بە مەبەستی ئاوڕدانەوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەست بۆ قەڵەم دەبەی، ڕەنگە یەکەم شت بیر لەوە بکەیتەوە کە خوڵقێنەرانی ئەم مێژووە پڕ هەوراز و نشێوە کێن کە جیاواز لە ناکامییەکانی، چیرۆکی وای تێدایە بۆ نەوەکانی داهاتوو کە بە چاوی خۆی نەیدیتبێ، بڵێی ئەمە ئەفسانەیە!

کاتێک بیری ئاڵۆز بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە دەچێتە ناخی ئەم دەورانە، دەبینی کە خوڵقێنەرانی ئەم مێژوە پڕ لە شانازییە تەنیا کەسان و یا بنەماڵە گەلێکن کە هەرچی هەیانبووە بە گیان و بە ماڵ و منداڵ پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەیان کردووە. هەربۆیە لەگەڵ ئەم بیرە تاڵ و شیرینە دەیان بنەماڵەی سەربەرز و ناودار خۆیان دەخزێننە نێو خەیاڵەوە کە بەڕاستی قەڵەم لە ئاست گەورەیی و لە خۆبووردووییان دەرەقەتی نووسین و بەسەرهاتیان نایە.

بەڵێ، گەلی ئێمە باشترین ڕۆڵەکانی خۆی فیدای کوردستان کردووە و باخچەی ئاوات بە خوێنی پاکی شەهیدان خەملیوە. هێندێک لەوان وەک ئەستێرەیەکی گەشی کوردستان لە مێژوودا پرشنگدارن و ناو و یادی ئەوان هەردەم لە دڵی هاوڕێ و هاوسەنگەر و درێژەدەرانی ڕێگای خەباتی ئەواندا دیارن. هەمزە عەبدوڵڵاهی، ناسراو بە هەمزە سارتکەیی کە هەموو ژیانی بۆ گەلی کورد دانا و لەو پێناوەشدا لە بەنرخترین سەرمایەی ژیانی واتە گیانی شیرینی مایەی دانا.

هەمزە سارتکەیی ساڵی ١٣٤٣ی هەتاوی لە سارتکێ، یەکێک لە گوندەکانی سەر بە شارستانی ڕەبەت لە بنەماڵەیەکی دەستکورت و زەحمەتکێشدا چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو توانی تا سێهەمی ناوەندی بخوێنێ و ژیانی ناخۆشی ئەو سەردەم ڕێگای نەدا لەوە زیاتر درێژە بە خوێندن بدا، بۆیە وێڕای بنەماڵەکەی ڕووی کردە کاری وەرزێڕی.

ساڵی ١٣٥٧ کە خەڵکی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتی ڕاپەرین و لەئاکامدا تەخت و بەختی شا و نیزامەکەی سەرەونەخون کرا و پاشان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕی بە سەر گەلی کورددا سەپاند، هەمزە سارتکەیی یەکێک لەو لاوانە بوو کە سەرەتا وەک لایەنگری حیزب دەستی بە تێکۆشان کرد. ساڵی ١٣٦٠ هەمزە کاتێک بۆی دەرکەوت کە پێویستە پتر خزمەت بە نیشتمانەکەی بکا، چەکی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردە شان. هەمزە وەک کوڕە کوردێکی بوێر ئامادەی پارێزگاری لە مان و مەوجوودییەتی نەتەوەکەی بوو. ئیمانی قووڵ بە ڕێبازەکەی، ورەی بەرزی، تێکۆشانی بێوچان، هەمزەیان کردە خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی. کاتێک کۆنەپەرستانی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو پەلاماری کوردستانیان دا، هەمزەی قارەمان لە مەڵبەندی سەردەشت و ڕەبەت وەک هەڵۆیەکی بەرزەفڕ چاوەدێریی خاک و نیشتمانی دەکرد و دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەستاوە.

هەمزە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەزموونی لە ژیانی پێشمەرگایەتی دەخستە سەر یەک، بە چەشنیک کە بەهۆی کارامەیی، بەهۆی دڵسۆزی و بیروباوەڕی قایمی ئەو کە لەم تەمەنەدا ورە و ئیرادەی پۆڵایینی بۆتە هاودەمی شاخ و کێوەکانی کوردستان و بۆ ڕزگاری و وەدیهێنانی ئامانجی حیزب بۆتە هاوسەنگەری لاوانی دیکەی خوێن گەرم و بەهەست، بەتەواوی بووە وێردی سەر زمانی خەڵک و ڕۆڵە شۆرشگێرەکانی دێموکرات و سیمبولی خۆڕاگری و ئازایەتی. ئەم تایبەتمەندییانە بوو بەهۆی ئەوە کە هەمزە سارتکەیی ساڵی ١٣٦٢ بە جێگری فەرماندەری دەستەیەک لە پێشمەرگەکان دیاری بکرێ و بە کردەوە نیشانی بدا کە شیاوی وەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتیی قورستریشە. لە درێژەدا بەهۆی سەرکەوتنی بەرچاوی لە ئەرکە نیزامییەکانیدا، ساڵێک دواتر بە فەرماندەری دەستە دیاری کرا، هەمزە وەک فەرماندەیەکی بەوەج و کارامە لە شەڕەکاندا لە سەنگەری پێشەوە بوو. شەڕە حەماسییەکانی ناوچەی سەردەشت و ڕەبەت، وەک شەڕی گرتنەوەی ڕەبەت، گرتنی پایەگای پشت ماڵی سارتکێ، چەککردنی چەکدارەکانی بریسوێ، گرتنی موڵگەی بەسرێ، گرتنی پایگای بایزکوژاو، تەفروتوناکردنی موڵگەی سیسێر، شەڕەکانی قەڵاتی کەوان، فەقێ مادین، ئەستۆک، شەری بەناوبانگی پشتی کانیەڕەش، سێوەسوورە، شەڕی پشتی مامەزینە وخولیسان، کەمینەکانی دەراوی سارتکێ و زمزیران، شەڕی شاخەڕەشان، سوورکێوی بانە و دەیان شەڕ و حەماسەی دیکەی ئەو مەڵبەندە شاهیدی بۆ بوێری و ئازایەتیی ئەم قارەمانە نەمرە و ئەم دڵسۆزە نیشتمانپەروەر و فەرماندە هەڵمەتبەرە دەدەن. دوژمن بە بیستنی ناوی هەمزە زراوی دەچوو، چونکە دەیانزانی لە هەر شەڕێکدا بەشداری بکا چارەنووسی دوژمن تێداچوون یان هەڵاتن و خۆڕزگارکردن لەدەست هەمزە دەبێ.

هەمزەی قارەمان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لێهاتوویی و کارامەیی خۆی پتر دەر دەخست هەربۆیە لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری هەبوو وەک: جێگری لک، فەرماندەری لک، جێگری هێز، سەرپەرستی هێز، فەرماندەری دەستەی کۆماندۆ و جێگری فەرماندەری تیپ و بەرپرسی تەداروکاتی گشتیی حیزب. هەمزە لە کەمترین ماوەدا نیشانی دا کە فەرماندەرێکی باش و خاوەن تەرح و گەڵاڵەی سەرکەوتووانەیە. لە ماوی پێشمەرگایەتییدا چەندین جار بریندار بوو کە هەموو جارێ پاش سارێژبوونەوەی برینەکەی بە گوڕتر دەهاتەوە سەنگەری خۆڕاگری و بەرخۆدان.

هەمزە لە سەرەتای مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزب ڕووی لە ناوچەی ڕەبەت کرد، هەمزە سارتکەیی ناوێکی ئاشنا لەنێو خەڵکی سەردەشت و ڕەبەتدا بوو. ئەگەرچی چەند ساڵێک بوو خەڵکی ناوچەی ڕەبەت چاویان بە دیداری کوڕە تێکۆشەرەکانیان ڕوون نەببۆوە، بە دیتنی هەمزەی فیداکار و هاوڕێکانی کە هەڵگری پەیامێکی گەورە لە مانەوەو زیندووبوونی حیزبەکەی بوو ڕوون بۆوە. ڕابردووی پڕ لە سەروەری و شۆڕشگێریی هەمزە بەڵگەیەکی بەهێز بوو بۆ ئەوەی باوەشی گەرمی خەڵکەکە جارێکی دیکە بۆ هەمزە و هەواڵانی بکرێتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە هیچکات لە ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر هەمزە سارتکەییدا توانای نەبوو و هەمیشە لەئاستی هەڵمەتی ناوبراودا زەبوون بوو، ڕۆژی ٢٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٧ ئەو و تیمەکەیی لە کاتێکدا خەریکی بەڕێوەبردنی مەئمووریەتی حیزبی بوون، لە ئاوایی گردێنەی ناوچەی سەردەشت خستە کەمینەوە. لەو شەڕ و لێکدانەدا بەداخەوە هەمزە سارتکەیی و دوو هاوسەنگەری بە ناوەکانی قادر نەزمی و قادر قادری گیانیان پێشکەش بە بارەگای بەختەوەری و سەربەستیی نەتەوەکەیان کرد.

و سوور و زێڕین وەرگرتووە و ساڵی ١٨٤٨ وەکوو ئاڵای فەرمی ناسێندراوە. هەرچەند ئەو وڵاتە دواتر دابەش بوو، بەو حاڵەش ئاڵاکە هەروەکوو خۆی مایەوە و تەنیا بەشی ڕۆژهەڵات چەند هێمایەکی کۆمۆنیستییان پێوە زیاد کرد، ئەگەرنا ڕەنگەکان لەجێی خۆیاندا دەستیان لێ نەدرا. تەنانەت جاری واهەبووە کە وڵاتێک کەڵکی لە ڕەنگ و هێماکانی وڵاتێکی‌تر وەرگرتووە و بە ئاشکراش ڕایگەیاندووە. وڵاتی سویس، لەسەر ئاڵای سوور، خاچێکی سپیی داناوە کە ناسراوە بە خاچی یونانی، چونکە یونانییەکانیش هەمان خاچیان لەسەر ئاڵاکانیان هەیە و هەموو قۆڵەکانی بەقەرا یەکن. یا سویدییەکان ئێستاش بەلایانەوە گەلێک ئاساییە کە ئاڵاکەیان ساڵی ١٤٤٢ ئیلهامی لە ئاڵای دانمارک وەرگرتووە و تەنیا ڕەنگی شینی ئاسمانی بووەتە تەختی ئاڵا و خاچەکەشی بە ڕەنگی ئاڵتوونی نەخشێندراوە.

سروودیش وەکوو ئاڵا پیرۆزیی خۆی هەیە. ڕێزی لێ گیراوە و ڕێگەپێنەدراو بووە کە ئاڵوگۆڕی تێدا پێکبێنن. لە بەشی هەرە زۆری سروودی گەلاندا باس لە ئازادی و سەربەخۆیی گەلی خاوەن سروودەکە کراوە. خۆشەویستیی خاک و مەوتەن زەق کراوەتەوە و بە شتێکی پیرۆز داندراوە. لە نێوەرۆکیدا کەمتر لە وشەی خوێن کەڵک وەرگیراوە، بەڵام خۆشەویستی بۆ نیشتمانی تێدا کراوەتە بنەما. بۆ وێنە وەختێ گوێ لە سروودی وڵاتی سوید دەگرین، هەرچەند ناوی سوید بە زەقی تێیدا نەهاتووە، بەڵکوو لەجیات ئەو وشەی **باکوور** دێ، بەو حاڵەش وەسفی جوانی ئەو بەشە لە گۆی زەوی دەکا:

***ئەی بەساڵاچوو، ئەی سەربەست، ئەی باکووریی کوێستانی***
***ئەی ئارام، ئەی تژی لە جوانی و شادمانی***
***سڵاوت لێ بێ، ئەی ڕازاوەترین سەرزەمینی ئەو جیهانە***
***بە خاکت، بە ئاسمانت، بە شیناورد و دارستانت***
***تۆ لەسەر مێژووی پڕشکۆی ڕابردووت دانیشتووی***
***وەختێ ناوی تۆ بە سەرفیرازی لە سەرتاسەری دنیا دەنگ دەداتەوە***
***ئەوکات دڵنیا دەبم تۆ هەی، دەبی و چی بوویە***
***بەڵێ، بۆیە دەخوازم لە باکوور بژیم و لە باکوور بمرم.***

هەر ئەو سروودە فەرمییەی وڵاتی سوید سەرەتا ساڵی ١٨٤٤ لە دوو بەشدا نووسراوە، لە یاسای سویددا وەکوو سروودی نەتەوەیی دیاری کرا. ساڵی ١٩١٠ هەوڵ درا چەند بەیتێکی پێوە زیاد بکرێ و ساڵی ٢٠٠٠یش ژمارەیەک پارلەمانتار ویستیان بەیتی یەکەم دەستکاری بکەن، بەڵام نە جاری هەوڵی ڕێگە بە زیادکردنی درا و نە جاری دواییش کۆمیتەی پارلەمانی ڕێگەی دا دەستکاری بکرێ.

نیشانە نەتەوەییەکان شێوەی سروود و ئاڵاکان سادە نیین و زۆریش ئاڵۆزن، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن هێما میتۆلۆژییەکانن. پیاو کە سەیری نێوەرۆک و مێژووی هەرکامیان دەکا، دەبینێ خوێن، هەڵۆ، شمشێر، ئەژدیها، گۆڕەپانی شەڕ، ئاگر و زۆر بابەتی دیکە لەواندا دەبینێ. لە نیشانی نەتەوەیی سویدیدا دوو شێری تووڕە تاجی پاشایەتی دەپارێزن، لە هی فەڕانسەوییەکاندا شێر و هەڵۆ پاسەوانی لە دوو پیتی "ف" و "ڕ" دەدەن و داربەڕوو و داری تیروێ زەق کراونەوە. ڕووسەکان نیشانی نەتەوەیی خۆیان بە هەڵۆی دوو سەری تووڕە و حەزرەتی جرجیسی موقەددەس کە خەریکی کوشتنی ئەژدیهایە، ڕازاندووەتەوە و هۆلەندییەکانیش پشتیان بە شێرەکانیان بەستووە و سێ شێریان داناون کە دوویان تاجی پاشایەتی ڕادەگرن و شێری سێهەم بەدەستێک شمشێری ڕاگرتووە و بەدەستێکیش کۆمەڵێک تیر. ئۆتریشییەکان کە ئەوانیش وەختی خۆی خاوەن ئیمپراتۆری بوون، هەڵۆی ڕەشی زمان سوور کە بە دەستێک داس و بە دەستێکیش چەکوچ ڕادەگرێ، زنجیری کۆیلەتی دەپسێنێ. ئینگلیسییەکان لەوەشدا جیاوازن، لەسەر پاشخانی سوور، سێ شێری درندە دیارن کە چنگ و ددانەکانیان زەق کراونەوە. کەوابوو لەخۆڕا نییە کە بەدیتنی هەرکام لەو نیشانە نەتەوەییانە، مرۆڤ خێرا شەڕ و خوێنی بیر دەکەوێتەوە و کە لە زەینی خۆشیدا مێژووی ئەو دەوڵەتانە وەردەداتەوە، دەبینێ کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمدا چۆن خوێنی گەلانی ژێردەستەی خۆیان ڕشتووە و لە ئازادی بێبەشیان کردوون. بە واتایەک نیشانی نەتەوەیی بە قیمەتی خوێنی میللەتانی ژێردەست، کە ئەمڕۆ تەنانەت وەکوو میداڵی ئیفتیخار لە یەخەی قارەمانەکانیان دەدرێن.

ناتوانم بڵێم کوردیش ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێکی ئەوتۆ بایە بەو جۆرە هەڵسوکەوتی دەکرد، چونکە بە خوێندنەوەی مێژووی ئەو نەتەوەیە، بە دەستنیشانکردنی هێماکانی بۆمان دەردەکەوێ جیاوازییەکی بەرچاو هەیە. کورد نە لە سروودەکەیدا و نە لە سەر ئاڵاکەی ڕەمز و نیشانی زێدەخوازی دانەناوە و نیشانی نەتەوەییشی نییە کە شێر و هەڵۆکانی هەڕەشە بکەن و چنگ و ددانیان بەخوێن بێ. خاوەن ئاڵایەکە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٧ی زایینی، واتە بۆ سەردەمی شۆڕشی ئارارات بە سەرکردایەتیی ئیحسان نووری پاشا. هەر ئەو ئاڵایە، بەو ڕەنگانەی هەیبوو لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد کەڵکی لێ وەرگیرا و دوایین جار لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩ی زایینی لە پارلەمانی باشووری کوردستان پەسند کرا. ڕەنگەکانی ئەو ئاڵایە گەشترین ڕەنگن. کە باسی جیاوازیی ئەو ئاڵایەم لەگەڵ ئاڵای زۆر نەتەوەی‌تر کرد، هیچ هێمایەکی ئایینی، نێژادی، جوغرافیایی لەسەر نییە. هەموو شاعیرە کوردەکان تەنانەت لە وەسفی ڕەنگی سووری ئەو ئاڵایەدا باسی خوێنی گیانبەختکردووانی ڕێگای ڕزگاری دەکەن، لەحاڵێکدا ڕەنگی سوور لە ئاڵای ڕەسمیی کانادادا، تەنیا لەبەر ئەوەی ساڵی ١٩٢١ پاشا جۆرجی پێنجەم حەزی لێ بووە، دایانناوە و دەکرێ بڵێم هیچ پاشخانێکی ڕوحیی لە پشت نەبووە وەکوو ئەوەی کوردستان کە ڕێزگرتنی شەهیدانی مەبەستە. وەختێک سەوزەکەی دێنینە بەرچاو، شانازییەک بە مێشک و دڵماندا تێدەپەڕی، لەبەر ئەوەی خاوەنی یەکێک لە جوانترین شوێنە جوغرافییەکانی ئەو جیهانەین.



بەدڵنیاییەوە قەت هەوڵیشمان نەداوە چەوسێنەر بین، داگیرکاری بکەینە فەرهەنگ و لە ڕەفتار و کرداریشدا خەیانەت بکەین، بەڵکوو هەردەم وەکوو ڕەنگی سپی ئاڵاکەمان دڵ و دەروونمان گەش و پاک و خاوێنە. خۆرمان کردووەتە جوانترین هێما، وەرگیراو لە فەرهەنگی ڕۆشنایی مێشک و ڕوح، ئەویش بە کۆمەڵێک تیشکی زێڕین کە پێمان دەڵێ نەورۆزی هەستانەوەی سروشت و ئینسان کەیە. کەوابوو پرسیارێک دێنمە گۆڕێ، ئەگەر ئاڵای کوردستان بەو جوانییە لەهەر بارێکەوە، کوتەپەڕۆیەک زیاتر نەبێ، ئەی ئاڵای بێنێوەرۆکی زۆربەی وڵاتان دەبێ چی بێ کە ئەوەندە زۆر لەلایەن خەڵک و دەسەڵاتەکانیانەوە ڕێزی لێ دەگیرێ. خۆ پێشتر باسی نیشانی ئیفتیخاری ئەو دەوڵەتانم کرد کە چەندە خوێن لە داوێنیان دەچۆڕێ و لەژێر سایەی ئاڵاکانیشیان چۆن بە ڕووبار خوێنی خەڵکی بێدەسەڵات ڕشتراوە. خۆ سروودی نەتەوایەتی کورد واتە **"ئەی ڕەقیب"** هەڕەشەی لە کەس نەکردووە. تەنیا دیالۆگێکە لەنێوان تاکی کورد و نەیارەکەی. تاکی کورد بە زمانێکی سادە پێی دەڵێ کە تۆ ناتوانی من بفەوتێنی، چونکە تۆپی زەمانیش نەیتوانیوە ئەو کارە بکا:

***ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان***
***نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان***

کە باسی خوێنیش دێتە گۆڕێ، مەبەستی هەڕەشە نییە و دەڵێ:

***لاوی کورد هەستایە سەر پێ وەک دلێر***
***تا بە خوێن نەخشی بکا تاجی ژیان***

واتە خوێنی لاوی کورد دیسانیش لەپێناو گەشەی ژیاندا بەخت دەبێ نەک بەدیاری هێنانی مەرگ بۆ مرۆڤەکانی‌تر.

ئەگەر وایە، ئاڵای کورد لەباری ئەخلاقی و مانا و نێوەرۆک و ئامانجەوە ئەگەر لە ئاڵای وڵاتانی‌تر بستێک سەرتر نەبێ، نزمتر نییە. ئەگەر ئەوان دەزانن ڕێز لە ئاڵای خۆیان بگرن، تاکی کوردیش دەبێ لەگەڵ ئەو فەرهەنگە ڕابێ. تاسۆس لیڤادیتیس لە وەسفی دەستکەوتنی ئاڵادا جوانی گوتووە:

***"ئاڵاکان"***
***شەو دادەنیشتین و***
***لەسەر کراسی خوێناویی گیانبەختکردووان،***
***تابلۆی بەختەوەریی داهاتووی جیهانمان نەقاشی دەکرد،***
***ئا بەو چەشنە ئاڵاکان لەدایک بوون.***

تاکی کورد با بۆ جارێکیش بێ قەناعەت بە خۆی بێنێ کە ئاڵای کوردستان ملکی ئەو نەتەوە و نیشتمانەیە. ملکی هیچ حیزب و حکوومەتێک نییە. سەیری وڵاتانی پێشووی سەر بە سۆڤییەت بکەن، ئەگەر سیستەمی دەسەڵاتداریەتیشیان گۆڕاوە، تەنیا چەکوچ و داسێک یا ئامێرەکیان بە ئاڵای پێشوویانەوە زیاد کردووە، بۆ وێنە ئاڵمانی شەرقی. میللەتانی دیکە هیچکات بۆخاتری تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لە سیستەم و حوکمڕانی نەکردووەتە ڕق و کین بەرامبەر ئاڵا و سروود و نیشانە نەتەوەییەکانیان. ئەوان فێری ڕێزگرتنی هەر شتێکی خۆیانن. تەنانەت سەگێکی ئاوی، ڕێوی، ماسی یا دار و گوڵێک، چیا و ئەشکەوت و ڕووبارێک، ڕووەک و پێڵاو و کڵاوێکیش دەکەنە نیشانی نەتەوەیی و بەوپەڕی ڕێزەوە دەیکەن بە وەسیلە بۆ ناساندنی خۆیان بە میللەتانی جیهان. تورکی دراوسێی ئێمەی کورد، بە چێشتی دۆڵمە و فارس بە قۆرمەسەوزی و یونانی بە خەیارماست دنیایان تێگەیاندووە کە نەتەوەیەکی خاوەن سەروەرین، بەڵام ئێمە سەدان بابەتی بەنرخمان هەیە و خۆمان لێ بێبەری کردوون و گاڵتەیان پێ دەکەین و تەنانەت بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە ئاگریشیان تێبەر دەدەین.

هەر تاکێکی کورد ئەگەر چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە کە سەربەست و بەختەوەر وەکوو میللەتانی جیهان بژی، سەرەتا دەبێ ئەو پەروەردەیە وەرگرێ کە نیشتمانەکەی بە هی خۆی بزانێ. خۆی لە هێماکان، شەهیدەکان و مێژووەکەی بە ڕەش و سپییەوە بەساحێب بکا. نابێ سامانی نەتەوەیی خۆی لەلا سووک بێ و گڵی خاکی بێگانە سوورمەی چاوی بێ. هەرکات لەو بارەوە سەرکەوت، ئەوسا بەدڵنیاییەوە شێرکۆ بێکەسەکانی ئەو وڵاتە، چارەنووسی نیشتمان وەکوو داهاتووی بێوەژنێک نابینن و ناڵێن:

***ئاااخ نیشتمان! ئەی بێوەژنە بەدبەختە چاوسەوزەکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. شووت بە هەموو وەرزەکان کرد، شووت بە هەموو ڕەنگەکان، دەنگەکان و بۆنەکان کرد، مەخابن گشتیان دەستیان بڕی و دەریان کردی.***

***

١- پاتێرا واتە باوک، پاتریارخی (باوکسالاری)، پاتریۆتیسم (نیشتماندۆستی، نیشتمانپەروەری)

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# وەزەی ئەتۆم بۆ بەرزکردنەوەی نرخان

بە ناشوکری نەبێ، منی کورد ئەوەندە ساردم، بەم هەموو نفووس و حەشیمەت و ژمارەیەی لە ناوچەکە بە سەریەکەوە هەمە ئێستاشی دەگەڵ دابێ ئەوەندە هەژارم خاوەنی یەک فلس یان دووشایی پارەی خۆمان نیم و لە باب و باپیرانمەوە هەر بە هەناسەساردی ماومەتەوە. دراوسێکانیشم هەر دەڵێی زڕدراوسێن. لەوەتەی لەم ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە شوێنێک ڕاوەستاوم، هەرچی دەرودراوسێیە بەشێک لە لەشی هاویشتووەتە سەر جەستەی من. یاڕەبی ئەو شادیەی بێ من هەیانە، لێیان وە شین بگەڕێ.

من خۆم لەبەر ئەوەی لە چند سەد ساڵ لەمەوبەرەوە پارەی خۆم نەبووە، ناچار بە پارەی دەروجیرانیان مامەڵە و ساتوسەودام کردووە. زۆر سەیروسەمەرەیە خۆت پارەت نەبی پارەی وڵاتانی دیکە بخەیە گیرفانت و هەست بە ئاسوودەییش بکەی.

هەزار خۆزگە بەو سەردەمەی پارەی کاغەز واتە ئێسکیناس کەم بوو و هەر پارەی سپی و کانزامان دەخستە گیرفانەوە و ساتوسەودامان پێ دەکرد. ڕاستە پارەی ئاسن قورسە و ئەگەر بڕێکی کەمیش بێت، گیرفان دادەچۆڕێنێ، بەڵام هەر لە ئێسکیناس و پارەی کاغەز باشترە. ئێسکیناس یان پارەی کاغەز بۆ من کێشەی دیکەی هەیە. کێشەکەش ئەمەیە هەر جارەی لیرە و دینار و تومەن لە گیرفانت دەردێنی سەیری ئەو وێنانەی سەریان دەکەی، چاوت زەق دەبن و تووشی ئەشکەنجەی دەروونی دەبی. ئەوکاتەی مستەفا کەماڵ و ڕەزاشا و حەمەڕەزای کوڕی و بەشار ئەسەد و سەدام حوسێن و خومەینی وێنەیان دەردەکەوێ نازانم چۆنە وەزگ نادەم؟ هیچ بیرتان لێ کردوەوتەوە ئێمە چۆن وێنەی ئەمانە لە گیرفان و نێو قاسە و دۆڵاب و کەنتۆر و کۆمێد و جزدان و کێسە و میساندا دەپارێزین؟

ئەمانە لە کاتێکدا بەخوێنی سەری یەکتری تینوون و بەردەوام کێردی دوژمنایەتی لە یەکترین دەساون، ئەوکاتەی دێنە نێو گیرفانی ئێمە ئەوندە بەیەکەوە تەبان دەڵێی هەزاران ساڵە عاشق و مەعشووق و ژن و مێردن. بەپێی ڕەوشت و کولتووری خۆیان، ئەگەر یەکیان پیاو بێ ئەوە سێیانەکەی دیکە دەتوانن ببن بە ژنی. هەرچۆنێک بێت، هەتا لە گیرفانی ئێمە دان، بەردەوام وەک ماری عاشقە و ماشقە لەیەکتری دەهاڵێن. گیرفانی ئێمە بووەتە شوێنی حەسانە و بەیەکەوە ژیانیان. ئەوکاتەی لە گیرفانی ئێمە دەر دەکەون و دەکەونە نێو ساتوسەودای بانکان و سەر بەرزەکی بەر دەمی ئەوانی پارە دەگۆڕنەوە، بەردەام مۆڕە لە یەکتری دەکەن و دەڵێی دوژمنی باوککوشتەی یەکترین. حەمەڕەزا و خۆمەینی و مچەی کەماڵ پاشا و سەدام و ئەسەد و مەسەد وەک دوژمنی ترسنۆک لە یەکتری دمڕێنن و لە ژێرلێویانەوە یەکتری دەبوغزێنن.

منی بێ پارە تەنیا دڵم بە دۆلار خۆشە. ڕەنگە وابزانن بەهۆی پارەخوازی و پارەپەرەستی حەزم لە دۆلارە. وا نییە و تەنیا لەبەر ئەمەیە وەک پارەی باڵدار دەیبینم. ئێستا ئەو پارەیەی لەبەرانبەر هەموو پارەی ئەم ناوەدا باڵی دەرکردوون و خەریکی فڕینە، دۆلارە. بەتایبەت لەو وڵاتەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کەوتووەتە سەر، فڕینەکەی زۆر بە قەوتترە. بەتەنیا نافڕێ. قەند و ڕۆن و کەلەم و داش کەلەم و مارەیی ژن و پێخەفی خەو و برنجی سەدری و بابۆڵەی ماکارۆنی و بێنزین و ڕۆنی ئۆتۆمبێل و خواردن و دەست پێ چەورکردن و داروبەردی کردووەتە باڵدار و لەگەڵ خۆیدا فێری فڕینی کردوون.

هەتا ئێستا کەس نەیتوانیوە فڕینی دۆلار و کەلوپەلی پێویستی خەڵک ئەوا فێرە فڕین بکا و ئەوا بەجوانی ڕێگەی فڕاندن و بەرزبوونەوەی ئەم هەموو شتە دابین بکا، بەڵام دیسان لە هەوڵدایە نرخی دۆلار و شتومەک بە زەبری مووشەک بەرز بکاتەوە. هەر بەم مەبەستە ئێران لە گەڕی نوێی دانووستانی ئەتۆمیی نێوان ئێران و وڵاتانی زلهێزی جیهان، هەوڵ دەدا پەرە بە بەرهەمهێنانی وزەی ئەتۆم بدا و ئەم وزەیە بۆ زیاتر فڕینی نرخی شتومەک پێداویستی و دۆلار بەکار بهێنێ. دەسەڵاتی ئێران پێی‌وایە ئەگەر باسکردنی وزەی ئەتۆمە بەم شێوەیە نرخی دۆلار و شتومەک بفڕێنێ، ڕەنگە وەزەی ئەتۆمی زیاتر وابکا ئەم نرخانە ئەوەندە بفڕن هەر نەگەنەوە زەوی.

دەرئەنجامی ژیرانە: بە فڕین و لەبەرچاوان ونبوونی ئەم نرخانە، هۆمێدیک بۆ لەنێوچوونی ئەم نەتەوە جۆراوجۆرانەی ئێران دەخوڵقێ.

دەرئەنجامی خۆمانە: وێنەی بینجامین فرانکلین لە وێنەی ئەم خومەینی و مومەمینی و ئاتاتورک و ماتاتورک و شتی دیکەیە خاسترە.

دەرئەنجامی دەرئەنجامان: وزەی ئەتۆمی باشتر پاڵ بە نرخانەوە دەنێ.



کوردستان
ژمارە ٨١٢
١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢١

درێژەی لاپەڕەی ٦

## زمانی کوردی لە ئێران
## دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو

کرانەوەیەک بە ڕووی زمانی کوردی و زمانە نافارسییەکانی دیکەش لە هێندێک بواردا هەبووە وەک ڕێگەدان بە بڵاوبوونەوەی چەند گۆڤار یا چاپی هێندێک کتێب و هتد. بە وتەی توێژەر (د.جەعفەر شێخولئیسلامی) ئەم لادانە چ پەیوەندییەکی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەوڵەتدا نەبوو، بەڵکوو پتر حاسڵی گۆڕانی کۆمەڵایەتی- سیاسیی ئەو سەردەمە بوو. زمانی کوردی هەر وەک زاراوەیەکی زمانی فارسی دەهاتە ئەژمار. لە فێرگەکان پێی نەدەخوێندرا، تەنیا لەنێو بنەماڵە و لە شەقامدا قسەی پێ دەکرا. لە ئاکامدا "نیشانەکانی گۆڕانی زمانیی لە کوردییەوە بۆ فارسی لە ناوەندە شارنشینە گەورەکانی لە چەشنی ئیلام، کرماشان و سنە دیار بوون..." (لاپەڕی ٤٣)

پاش ڕووخانی ڕێژیمی شایەتی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ماف و داواکانی کورد کە بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانە لە کوردستان، یەک لە گرینگترینیان بوو، گوێی پێ نەدرا."حکوومەتی دینیی نوێ هیچ تێگەیشتنی بۆ بابەتگەلی قەومیی تایبەت نەبوو کە وڵاتی فرەقەومیی ئەوان پێناسە بکات، و بارگرژییەکە خێرا تەشەنەی سەند." (لاپەڕی ٤٥)

ئایا لە ئێران دان بە فرەزمانیدا نراوە و زمانەکانی ئەو وڵاتە، هیچ مافێکیان پێدراوە؟ ناوی توێژینەوەکە کە لە ڕاستیدا بووە بە ناوی کتێبەکەش، دەستەواژەی "دانپێدانانی سنووردار و چاوەدیریکراو"، زۆر لەجێی خۆیدایە. لە ئێران هەر لەو کاتەدا کە تەنانەت لە دەستووری وڵاتیشدا باس لە جۆراوجۆریی زمانی لە ئێران دەکرێ و دان بە زمانە ناوچەیی و خۆجێییەکان دەنرێ و، تەنانەت لە ئەسڵی ١٥ی قانوونی ئەساسیی وڵاتدا هاتووە "زمانە ناوچەیی و خۆجێییەکان لە ڕاگەیاندن و ماس میدیا، هەر وەها بۆ گوتنەوەی ئەدەبیات بە وانە لە فێرگەکان وێڕای زمانی فارسی ڕێگایان پێ دەدرێ"، بەڵام بە وتەی توێژەر: "دەکرێ بگوترێ دانپێدانانێکی لەمجۆرە چ نییە جگە لە دەمامکێکی لێبڕاوانە".

هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ئێران لە بوارەکانی میدیا و پەروەردەدا شی کراونەوە. دەسەڵات لە ئێران لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن زمانی کوردی بۆ بانگەشەی سیاسیەکانی خۆی بە کار دێنێت. بەڵام چۆن بەکارهێنانێک؟: "زۆربەی ڕۆشنبیران، ڕۆماننووسان، شاعیران، و ڕۆژنامەنووسان لەو زمانە کوردییەی ئەم وێستگانە بە کاری دەهێنن، ڕازی نین، و پێیان وایە هەندێک هەوڵی بەئەنقەست بۆ تێکدانی زمانی کوردی لەژێر چاوەدێریی وردی کاربەدەستاندایە، زۆربەی جار لە ڕێگای وەرگێڕانی بابەتەکان یان شێوەزاری ترەوە، چونکی زۆربەی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی وێستگەکانی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن خەڵکی ناوچەکانی تری ئێرانن و بە کوردی ناپەیڤن. بە هەمان شێوە هەموو بڵاوکراوەکان دەبێ لەلایەن وەزارەتی کولتوور و ڕێنمایی ئیسلامییەوە پەسند بکرێن." (لاپەڕی ٥٠). سەرەڕای ئەو کۆنترۆڵ و چاوەدێریکردنە، گۆڤاری "سروە" کە بە ئیمکانات و ئیجازەی حکوومەت دەردەچوو، بەو هۆیەوە کە کەسانێکی دڵسۆز و بەئەزموونی وەک مامۆستایان هێمن موکریانی و ئەحمەد قازی سەرپەرستییان دەکرد، توانیی ڕۆڵی گرنگ لە ڕاکێشانی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لاوان بۆ لای فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی وەئەستۆ بگرێ.

بەڵام لە دەرەوەی ئیرادەی دەسەڵاتی وڵات، هێندێک هەوڵ هەبوون کە توێژینەوە گرنگیی باشی پێداون. چالاکیی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، هەروەها هەوڵێکی بەرچاو لە هەموو پارێزگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە زانکۆکانی ئێران بۆ بڵاوکردنەوەی گۆڤار و بڵاوڤۆک و کتێب بە زمانی کوردی هەبووە. بە تایبەتی لە سەرەتای دەیەی ١٣٩٠ کە هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕین گۆڕانی سیاسیی بەسەردا هات، دواتریش لە سەردەمی بزووتنەوەی ڕێفۆرمخوازی و هاتنە سەرکاری محەممەد خاتەمی وەک سەرکۆماری ئێران، ئەم جۆرە تێکۆشانە زیاتر بوون.

توێژینەوە لە باسی بە کارهاتن یا نەهاتنی زمانی کوردی لە بواری پەروەردەشدا ئاماژە بە کۆمەڵێک هەوڵ دەکا بۆ جێبەجێبوونی نێوەرۆکی مادەی ١٥ی دەستووری وڵات کە دەسکەوتێکی ئەوتۆیان لێ نەکەوتۆتەوە. دەسکەوتەکە لە ڕادەی ملدانی حکوومەت بۆ خوێندنی دوو یەکەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆی کوردستاندا بووە. بەڵام بزووتنەوەیەکی بەرفرەوان لە ڕۆژهەڵات بە بەشداریی نووسەران و ڕۆشنبیران بە شێوەی خۆبەخش بۆ فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی لە شار و گوندەکان وەڕێ کەوتووە. توێژینەوەکە ئاماژەیەکی دەوڵەمەند لە بارەی ئەو بزووتنەوەیەی تێدایە هەر چەند بە "بزووتنەوە" ناوی نەبردووە.

**ئەنجام:**

ئایا کۆماری ئیسلامی لە پرسی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ زمانە نافارسییەکانی ئێراندا بە ڕێگەی ڕێژیمی شایەتیدا ڕۆیشتوە؟ دەتوانین وڵامی ئەو پرسیارە لە بەشی کۆتایی یا "مژار و ئەنجام"ی توێژینەوەکاندا بخوێنینەوە:

"کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو لە سیاستگەلی زمانیی سەردەمی پاشایەتیی لای نەداوە (a) پەروەردەی فرەزمانیی بە تەواوی فەرامۆش کراوە و وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکگرتوویی خاک و وڵات چاوی لێ دەکرێ؛ (b) بەکارهێنانی زمانە نافارسییەکان سنووردار و چاوەدێریکراوە؛ (c) سەرەتی و باڵادەستیی زمانی فارسی وەک پێگەیەک بۆ یەکدەستکردنی سیاسەتی پەیکەرەیەکی هاوشێوە و یەکگرتوو لە بارەی قەومی و زمانییەوە ڕەچاو دەکرێ، ئەویش نەک هەر لە لایەن دامودەزگاکانی حکوومەتەوە، بەڵکوو هەر وەتر لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەکادیمییە ئێرانییانەی کە لەسەر بابەتی سیاسەت و پلاندانانی زمانیی نووسیویانە، یان ئەوانەی لە بواری سینەمادا کار دەکەن، و هەروەها چاپخانەکان و میدیا جۆراجۆرەکان." ( لاپەڕەی ٦٩)

# ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژێکی ساڵ و ئەرکێکی بەردەوام



شەهێن زادئەحمەد

مێژووی ٢٥ی نۆڤامبێر دەگەڕێتەوە بۆ مەرگی سێ خوشکی خەباتکەری سیاسی کە زیاتر لە ٦٠ ساڵ لەمەوبەر دژ بە سیستەمی حکوومەتی کۆماری "دۆمێنیکەن" بوون، دوای سێ مانگ بەندکرانیان لە بەندیخانەدا، دەکەونە ژێر ئازار و ئەشکەنجە و دەبنە قوربانیی ویست و ئامانجەکانیان. بیستویەک ساڵ دوای ئەو ڕووداوە لەشاری بۆگۆتا پێتەختی کۆلۆمبیا لە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتیی بەربەرین کە بە بەشداریی چالاکانی بواری مافی ژن بەڕێوە چوو، پێشنیار کرا کە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر بۆ ڕێزگرتن لە خەباتی ئەم سێ خوشکە و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژن، دیاری بکرێ. ئەم پێشنیارە لە ساڵی ١٩٩٩ لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بە ڕەسمی ناسرا و دوای ساڵێک شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەژێر ناوی "ژن، ئاشتی و ئەمنییەت" کە تەوەری ئەسڵیی بڕیارنامەی ١٣٢٥بوو پەسەند کرا. لەو بڕیارنامەیەدا هاتووە کە هەر چەشنە توندوتیژیەک بەرانبەر بە ژن ڕووبەڕووی یاسا و لێپرسینەوە دەبێتەوە. بەپێی مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش هەر چەشنە زەبروزەنگ، ئازار و بێحورمەتییەک بە ژن، لە ڕووی جەستەیی، جنسی، ڕەوانی و دەروونی دەچێتە خانەی توندوتیژییەوە.

و بەردەوامیی نیزامەکەی بەرژەوەندیی گشتیی وڵاتی بە هەموو شێوەیەک فیدای سەرەڕۆیی و سەرکێشیەکانی خۆی کردووە، بە جۆرێک یارمەتیدەرن بۆ کێشە کومەڵایەتییەکان. هەروەها یاسای ئەم نیزامە بە هۆکاری نافەرمانی لە بەرانبەر یاسای پەسەندکراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، خۆی بۆتە خولقێنەری قەیران لە کۆمەڵگەدا، خەڵک لەوپەڕی بێکاری و هەژاریدا ژیان بەسەر دەبا، ئەمە خۆی هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکانن، سەرەڕای ئەمانە خەڵک زۆرجار لە دەرەوەی ویست و ئیرادەی خۆی لە فەزایەکی داخراو و لە سیستمێکی دیکتاتۆریی ئیسلامی و لە فەرهەنگ و کولتووری داسەپاوی ئەم هێژمۆنیەدا دەمێنێتەوە.

لەواقعدا ژیانی ئاسایی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و ئاسایشی گشتیی ئەم خەڵکە دەستی بەسەردا گیراوە. نیزامێک کە بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی دەستکەوتەکانی خۆی، مافی مرۆڤ پێشیل دەکا، نادێموکراتیکە و نامۆیە لەگەڵ یەکسانی و مافی وەک یەک، هەر بۆیەش ئەم حکوومەتە ٢٥ ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان بەڕەسمی ناناسێ، کە وایە خەڵک نە لە کۆمەڵگە، نە لە چوارچێوەی بنەماڵەدا ئەمنییەت و ئاسایشیان بەهیچ جۆرێک پارێزراو نییە و ژیانیان پڕە لە سترێس و کەڵکەڵەی ڕوحی.



ئێستا پاش تێپەڕینی پتر لە بیست ساڵ لەو بڕیارە ئەگەر چاوێک بە ئاماری ساڵانەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بەتایبەت ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافی ژناندا بخشێنین، دەبێنین کە توندوتیژی لە گشت وڵاتانی جیهان کەم یان زۆر دژ بە ژن بوونی هەیە، کە وایە ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە تایبەت بە وڵاتێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو نییە، ئەم کردەوانە لەگەڵ مرۆڤایەتی بوونیان هەیە و بەردەوامن، یانی ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە باری ڕەوانیی مرۆڤەکان، بە ژینگە و شوێنی ژیان، کولتوور و نەریتی خۆجێییەوە هەیە. دەکرێ بڵێین ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژن لە وڵاتانی پێشکەوتوو، دێموکراتیک، وڵاتانی دواکەوتوو و غەیرە دێموکراتیک وەک یەک بەراورد ناکرێ، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک فینلاند کە بناغەی لەسەر سیستمی سۆسیالیستی و دێموکراتیک و مافی وەک یەک دارێژراوە، ئەو وڵاتە بەپێی سەرچاوەیەکی ڕەسمی لە ساڵی ٢٠١٦، کە لە ناوەندێکی ئوروپاییدا کراوە، لە سەتا ٤٧ی ژنانی ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە، بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو یاسا و سیستەمی حکوومەتی لە کاناڵی جۆراوجۆرەوە بۆ دابینکردن و پەرەپێدان بە ئاسایشی گشتی و ئەمنییەتی تاکەکانی گۆمەڵگە و بنەبڕکردنی کردەوەی توندوتیژی، بە دەیان ناوەندی زانستی، پەروەردەیی و دەروونناسییان بۆ ڕاهێنان و پەروەردەی خەڵک دابین کردووە، بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگەدا توندوتیژی دەخوڵقێنن. سیستەمی حکومەتی هەموو ئەو کردەوانەی کە دەبنە مایەی بێبەندوباری و توندوتیژی، بە بەرنامەڕێژی و پرۆژەی گونجاو لە هەوڵی چارەسەرکردنیاندان وهەوڵ دەدەن کیشە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژەیەکی کەمتر بگەیەنن. بەڵام پێچەوانەکەی لە وڵاتانی دواکەوتوو، سیستەمەکان دیکتاتۆر و کۆنەپەرەستن، بەتایبەت لە ئێران یاساکانی حکوومەتی مەزهەبی سەرەکیترین هۆکاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێژێمێک کە بۆ خۆسەپاندن

تاکی کۆمەڵگە لە بواری ئێتنیکی، دینی، ناوچەیی و ڕەگەزی بەرەوڕووی تەبعیز و سووکایەتی دەبنەوە. ئەم ڕاستییانە کە باڵیان بە سەر بواری ڕوحی و ڕەوانیی تاکەکانی کۆمەڵگەکەماندا کێشاوە، سەرەڕای بوونی هەمووی ئەم لەمپەرانە، بەخۆشییەوە دەبینین ڕادەی خوێندەواری و چوونەسەری زانیاریی کوڕان و کچانی نیشتیمانەکەمان بە تێگەیشتنی سەردەمیانەوە بەرەو هەڵکشان و گەشەکردنە. ئێمەی ژنیش هەست بەم زەرورەتانە دەکەین کە بتوانین بەرەو بنیادنانەوەی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسانیخواز هەنگاو بنێن. چالاکوانان چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی وڵات بۆ بنبڕکردنی هەر چەشنە زوڵم و ستەمێک و هەر چەشنە توندوتیژییەک کە لە بەرانبەر ژناندا دەکرێ، بە هەر ڕێگایەک کە بۆمان دەلوێ دەبێ هەوڵ بدەین بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە ڕاستای پرسی گشتی و ویست و داخوازییەکانمان کاریگەریمان هەبێت.

لەم سەردەمەدا پێویستە ژنی کورد هەنگاوەگانی خێراتر بکاتەوە بۆ ئەوەی کە لە ژیانی ڕابردوو دەرباز ببێ و وریاتر پێ بنێتە ژیانی نوێ. ئەگەرچی ژنانی کۆمەڵگەکەمان بەرەوڕووی گیروگرفتی یاسای نیزامی مەزهەبیی حکومەتی ئێرانن، کە بەداخەوە زۆربەی ژنان نەیانتوانیوە توانا و هێزی کارامەی خۆیان پێشان بدەن و لە بوارە گرینگەکانی بەڕێوەبەریی وڵات و نیشتماندا شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و شوێندانەرییان هەبێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە سەرەڕای بوونی بەربەستەکانی کولتووری و یاساییش، کەم نین ژنانی چالاک و خەباتگێڕ، خوێندەوار، ڕووناکبیر، ئەدیب، شاعیر، ڕۆژنامەنوس و مێدیاکار.

ژنان لە کەشی داخراوی نیزامی سەرکوتکەری مەزهەبی، لە مەیدانی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان ڕێژەیان دیار و بەرچاوە. لە ڕیزی حیزب و ڕێکخراوەکاندا چالاکن، دیارە ئەو ڕێژەیە بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەت کە ژن نیوەی کۆمەڵگە پێک دێنێ ئەوەند نییە کە بتوانێ کاریگەریی باشی بەسەر پرسی گشتی و بەتایبەت پرسی ژنەوە هەبێ، بە بڕوای من ژنانی چالاکی کورد پێویستە لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خۆپێگەیاندن و زانستی نوێ و کەرەسەکانی تێکنۆلۆژی دەبێ بەهەر شێوەیەک کە بۆمان بکرێ کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆمان بە سەر پەروەردە و ڕاهێنانی تاکی کۆمەڵگەدا هەبێ، تا بتوانین ڕێژەی ژنانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەرکدار بکەین بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری ئەوان لە مەیدانی خەبات لە پێناو ئاڵوگۆڕ، چاکسازی و ڕیفۆرمی گشتیگیر و بنەڕەتیی خۆمان ببینینەوە. بێگومان لەو نێوەدا ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەر شانی سازمان و ڕێکخراوەکان، بژاردە و نوخبەی ژنی ڕووناکبیر و پیاوانی یەکسانیخواز و دێموکراتیکی نیشتیمانەکەمان، کۆڕ و کۆبوونەوە و سمیناری سیاسی، زانستی، کۆمەڵایەتی پێک بێنن، تا مەنتقی دیالۆگ و ڕۆشەنگەری بتوانێ ڕەفتاری تاکی کۆمەڵ سەبارەت بە پرسی ژن، ماف و ویستی ژنان بە شێوەی سەردەمیانە بێنێتە ئاراوە و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگەکەمان هەبێ.

هەر لەو سۆنگەیەوە ڕێکخراوەکان و چالاکوانانی پرسی ژن پێویستە گرینگیی پەیامی ئەم ڕۆژە پیرۆزە، بە بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی خۆمان بگەیەنین، هەروەها وەک بایەخێکی ئوسوولی لەنێو بەرنامەی کاریدا، بە شێوەی جۆراوجۆر یارمەتیدەر بن لە ڕیشەکێشکردن یان کەمکردنەوەی ئەم کردەوە نامرۆڤانەی کە دژ بە ژنان لەئارادایە. ئەگەرچی توانا و ڕەنگ و دەنگی ئێمەی ژنان لە ڕابردوو هەتا ئێستا، ڕاستەوخۆ نەیانتوانیوە وەک پێداویستییەکی حەقیقی و واقعبینانە، بنەچەک و بەندەکانی بنەڕەتیی یاسای نیزامی حکومەتی بگۆڕێ، بەڵام ناڕاستەوخۆ ڕێکخراوەکانی ژنان بەتایبەتی "یەکیەتیی ژنانی دێموکرات" لە تریبونەکانی جۆراوجۆر لە کاناڵە سیاسییەکان، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بە کۆڕ و کۆبوونەوەی پەیوەندیدار لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە ناحەزانە کە بەرانبەر بە ژن دەکرێ، ئەم دۆخەی بەمێدیایی کردووە و بە دەیان پسپۆر وشارەزای بانگهێشت کردووە تا زیان و خەساری ئەم کردەوانە لە گشت بوارەکاندا بناسێنێ. مەبەست و ئامانجیش ئەوە بووە تا تاکی نێو کۆمەڵگە ئاگاداری ئەم دۆخە زاڵکراوەی حکوومەت بێ بۆ ئەوەی کە چەندە دەتوانێ لە دژ بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی و ئەمنییەتی وڵاتدا بێ و بەربەست دابنێ بۆ ئازادی، یان بە پێچەوانەکەی، چەندە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێوەرەکانی بنەمای دێموکراتیزەبوونی وڵاتدا دەبێ.

ئێمە مانان پەیامی ئەم ڕۆژە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر چەشنە ئازار و توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژن و پرسی ژن بەرز دەنرخێنین و بۆ جێگیربوونی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی پێشوازی و پشتگیری لە میکانیزمە گونجاوەکان دەکەین، بەو هیوایە هەموو لایەکمان بەرپرسانە بە وردبینیەوە خەسارەکانی ڕابردوو بێنینە بەرباس و شییان بکەینەوە هەتا لەو پێناوەدا بە خوێندنەوەیەکی پێشکەوتوانەوە هەوڵ بدەین بەرەو داهاتوویەکی گەش و ڕووناک هەنگاو بنێین، بۆوەی نەسلی نوێ لەبەرانبەر پاراستنی بەهاکانی نیشتمانی و وڵات پارێزی و وڵات خۆشەویستی دا، لە گێژاوی کیشەکانی داسەپاوی فەرهەنگی کلاسیکدا نەمێنێتەوە و ئەزموونەکان دووپات نەکاتەوە، بەڵکوو هەموو توانا و وزەکان بەبێ جیاوازی لە ڕاستای متمانە دروستکردن، خزمەت و خزمەتگوزاری بە یەکتر و ئاوەدانیی نیشتمانەکەماندا بێت.

***

کوردستان
• ژمارە: ٨١٢
١٥ی سەرماوەزی ١٤٠٠ _ ٦ی دێسامبری ٢٠٢١

# «ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان»

## (بەبۆنەی تۆمارکردنی سەربردەی ١٠٠ پێشمەرگەی نیشتمانەوە)



کەریم فەرخەپوور



بەرنامەی "ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان" سەدەمین بەشی لە تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ و ڕادیۆی دەنگی کوردستان بڵاو کرایەوە. سەت دیدار لەگەڵ سەت تێکۆشەری نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باس لە بەشێکی کورت لە ژیان و سەربردەی ئەو ڕۆڵە دەروەست و خۆنەویستانەی گەلی کورد بوو کە زۆربەیان بەشی زۆری تەمەنیان و بە تایبەت لاوەتیی خۆیان بەختی ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەیان کردووە.

لەم کورتە نووسینەدا و وەستان لەسەر ژیانی ئەو ئازیزانە، دمهەوێ باس لەو بیروباوەڕە پتەوە بکەم کە ئەوان بە هێز و ئیرادەی شۆڕشگێرانەیان وازیان لە هەموو خۆشییەکانی ژیان هێناوە و گیان لەسەر دەست و چەک لە شان شانیان داوەتە بەر ئەرکێک کە کەم کەس پێی دەکرێ و لە دەستی دێ و خۆی لەبەر دەگرێ.

بێگومان سروشتی ئینسان جۆرێکە کە هەوڵ دەدا ژیانێکی خۆش و ئاسوودە و دوور لە شەڕ و نەهامەتی تێپەڕ بکا و دەکرێ بڵێم بەدوای خۆشترین ژیاندا دەگەڕێ، ئەوەش مافی هەر مرۆڤێکە کە لەسەر ئەم زەوییە دەژی. بۆیە نەک تەنیا لاوەکان بەڵکوو بەساڵاچوانیش هەردەم هیوای ژیانێکی ئارام و جەستەیەکی تەندروست و ساڵ و مانگ و بگرە ڕۆژێک ژیانی زیاتر دەکەن، بەڵام ئەوەی لەو بەرنامەیەدا دیتمان، هیواکان پێچەوانە بوون، ئەوە نەک بەو مانەیەی کە ئەو پێشمەرگانە لارییان لەو ژیانە ئارامە بێ، بەڵکوو هیوای ئەوان هزر و هێزێکە کە ئەو شۆڕشگێرانەی هان داوە ژیانی خۆیان فیدا بکەن و گیانیان بەخت بکەن بۆ ئەوەی هیوای ئەو ئینسانانە بەدی بێنن کە ئارەزووی ژیانێکی ئارام دەکەن و لە ژێردەستی و لەژێر نیری زۆرداریدا دەچەوسێنەوە و حاکمان ژیانێکی شیاوی ئینسانییان پێ ڕەوا نابینن.

گەلی کورد لەگەڵ ئەوەی کە گەلێکی ئاشتیخوازە، بەڵام بەداخەوە سەدان ساڵە نیشتمانی داگیر کراوە، دەکوژرێ و قەڵاچۆ دەکری، لەسەر خاکی خۆی خوێنی دەڕژی و ڕاو دەنرێ و پەڕیوەی هەندەران دەبێ، هیچ مافێکی ئینسانیی پێ ڕەوا نابینرێ و هەر کە داوای ماف لە داگیرکەری نیشتمانەکەشی دەکا، سەری بە داردا دەکرێ و حاشا لە بوون و زمان و خاک و کولتووری دەکری. هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی کە گیانبازانی ئەو میللەتە ئازایانە بێنە مەیدان و بڵێن ئەم خاکە خاکی کوردە و زوڵم و زۆری داگیرکەر قبووڵ ناکەین.

ئەو ژن و پیاوانەی کە بەشداری ئەو بەرنامەیە بوون، هەموو لەو ڕۆڵە ئازایانەی گەلی کورد بوون کە حوکمی بێگانەیان قبووڵ نەکرد. ئەوان تەمەنیان جیاواز بوو، تەمەنی خەباتیان وەک یەک نەبوو و سەربردە و بەسەرهاتەکانیشیان هەر یەکەی بۆخۆی کتێبێک و مێژوویەک و داستانێک بوو. بەشێک لەوان ئەوانە بوون کە لە هەڕەتی لاوەتیدا چەک لە شان و خاوەن باوەڕ هاتوونەتە مەیدانێکەوە کە لە یەکەم ڕۆژەوە لەگەڵ گڕ و ئاگری شەڕ ئاوێتەی یەک بوون. ئەوان هەموو ئەو کەسانە بوون کە موو چەرموو لە شاشەی تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ دەرکەوتن، بە لاوی هاتن و بە پیریش هەر بەردەوامن. ئەوان لە زانستگە و ئاکادیمای شەڕ پێنەگەیشتوون و ئەلف و بێی شەریان نەخوێندووە، بەڵکوو ئەوان لە کوورەی خەباتێکدا قاڵ بوون و ڕاهاتن و پێگەیشتن کە ڕووبارێک خوێن و فرمێسکی بۆ دراوە. ئەوان لەو مەیدانەدا بوونە سەرکردە و فەرماندە و لە بەرانبەر یەکێک لە درندەترین هێزی داگیرکەری سەدەی بیست و یەکدا وەک قەڵا وێستان و نەبەزین و نەنەوین. دوای ئەو تەمەنە و دوای ئەو هەموو سەختی و نەهامەتییەی ژیانیان، کە باسیان لە سەربردە و بەسەرهاتی خۆیان دەکرد بە هەمان ئیمانی ڕۆژی یەکەمی پێشمەرگایەتییەوە هێز و ئیرادەیان لێ دەباری. ئەوان نەک لە فیداکردنی تەمەنی گەنجییان لە ڕێی نیشتماندا پەشیمان نەبوون، بەڵکوو بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە دەیانگوت ئەوەندە تەمەنەی کە ماویشە پێشکەشی بارەگای ئازادیی گەل ولاتەکەمانی دەکەین.

کە دەهاتنە سەر شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی لەشکری دژمن، دەچوونەوە ئەو ساتەوەختەی کە لەمەیداندا بەگژ هێزی داگیرکەردا دەچوونەوە و تووشی شەڕی دەستەویەخە و سەنگەر بە سەنگەر و کۆڵان بە کۆڵان دەبوون. ئەوان تەنیا بە کلاشینکۆفێک لە قووڵایی خاکی نیشتمانی پیرۆزدا، لە باشووری کوردستان هەتا باکوور، لە ئیلام و کرماشانەوە هەتا خۆی و سلْماس و ورمێ لەبەرانبەر سپایەکی دەوڵەتیکی پۆشتەوپەرداخدا ڕاوەستاون. دژمن لە هەموو لایەکەوە و بەهەموو چەکوچۆڵ و تێکنۆلۆژی سەردەم بەگژ هێزی پێشمەرگەدا دەهاتن بەڵام بە شاهیدی دۆست و دژمن و خەڵکی کوردستان ئەوەی لەشەڕدا برا برای خۆی نەدەناسییەوە و مەیدانی چۆڵ دەکرد، هێزی ڕێژیم و داگیرکەری کوردستان بوو. دەمهەوێ بڵێم لەو مەیدانەدا چەک و هێز ئاکام و کۆتایی شەڕی یەکلایی نەدەکردەوە، بەڵکوو ئیمان و بیروباوەڕ و ئیرادەی پێشمەرگە بوو کە لەشکری زۆر و بۆری دژمنی بەچۆکدا دێنا و ئاڵای سەرکەوتنی دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر هەر سەنگەرێک و هەر لووتکە شاخێک دەشەکایەوە.

ئەم جەنگاوەرانە وێرای ورە و ئیرادە و ئازایەتی، جارجاریش بۆ لەدەستدانی هاوڕێ شەهیدەکانیان فرمێسک لە چاوەکانیاندا قەتیس دەما و بە حەسرەت و شانازییەوە یادیان دەکردنەوە و باسیان لە ساتەوەختی شەهیدبوونیان دەکرد. کە باسیش دەهاتە سەر پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە، بەوپەڕی سەخاوەتەوە باسیان لەو شەڕانە دەکرد کە خەڵک چۆن بۆتە یارمەتیدەریان. چۆن چەک لە شان وێڕای پێشمەرگە لە سەنگەری پێشەوەی شەڕدا بوون. ئەوەی لێرەدا گەلێک گرینگ بوو، ئەوە بوو کە لە یارمەتیدانی پێشمەرگەدا ژنان و کچانیش شانبەشانی پیاوان لە هێندێک شەڕگە و جەبهەدا زیاتر لە پیاوان پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە بوون و ئاواتەخواز بوون ڕۆژێک لە کوردستانی ئازاددا پاداشی ئەو هەموو خزمەتەی خەڵک بدەنەوە. ڕاستە پێشمەرگە لە بەرانبەر پشتیوانیی خەڵکدا ئامادە بووە لە پێناوی ئەواندا گیانی خۆی بەخت بکا، بەڵام ئەوان ئەمەگناسانە هیوایان ئەوەیە کە ڕۆژێک بتوانن خزمەتی زیاتر بە گەلەکەیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەی کە لەشەڕدا زۆر لە یاساکان پێشێل دەکرین و لەشەڕدا کەس گوڵ نابەشێتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرەنجە ئەوەیە کە پێشمەرگە لەگەڵ ئەوەی کە دژ بە هێزێکی داگیرکەر جەنگاوە و لەشکری دژمن هاتووە خاک و نیشتمانی داگیر کردووە، بەڵام ئەوەندەی لە توانایدا بووبێ یاساکانی شەڕی لەبەرچاو بووە و باشترین بەڵگەش ئەو هەزاران دیلەی هێزی داگیرکەرە کە چۆن و بە چ شێوەیەکی ئینسانی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردوون و لە مەیدانی شەڕدا نەیانکوشتوون و گیانیان پاراستوون. ئەوە لە کاتێکدا کە لایەنی بەرانبەر دەستی لە هیچ جینایەتێک نەپاراستووە و ئەگەر پێشمەرگە بەدیلگیراوەکانی لە مەیدانی شەڕدا نەکوشتبی ئەوا حەتمەن لە بەندیخانەکاندا بە دڕندانەتری شێوە ئەشکەنجەیان داون و سەرەنجام لە سێدارەیان داون.

بەشێک لە میوانەکان ئەوانە بوون کە بە چاوی پڕ لە فرمێسک بەڵام بە ئیرادەیەکی پتەو و پۆڵایینەوە باسیان لە شەهیدبوونی کەسوکاریان و وێرانییماڵەکانیان و گرتن و لێدان و زیندانی و ئەشکەنجەی بنەماڵەکانیان لەلایەن کاربەدەستانی دەوڵەتەوە دەکرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ مافێکی ئینسانی، لە هەموو ڕێگەکانی سەرکوت کەڵکی وەرگرتووە و ئەوەی لە توانایدا بووە بۆ بەچۆکداهێنانی ڕۆڵە بوێرەکانی ئەم گەلە، درێغی نەکردووە. چ ئیرادەیەکی بەهێزە کاتێک برا لە دوای برا شەهیدەکەی یان لە دوای باوکی دێتە مەیدان و ناهێڵێ چەکی دەستی برا و باوکە شەهیدەکەی بکەوێتە سەر زەوی و ئیزن نادا سەنگەری براکەی یان باوکی چۆڵ بێ. چ دڵهەژێنە کاتێک ژنێک باسی هاوسەرە شەهیدەکەی دەکا یان کەسێک باسی باوکی شەهیدی دەکا و چلۆن نەفرەت لە شەڕ و شەڕخوازان دەکەن و لە حەسرەتی دیداری ئازیزانیاندا ئاوات بۆ باوەشێکی گەرمی باوکانە یان ڕستەیەکی ئاشقانەی هاوسەرە شەهیدەکانیان دەخوازن. بەشێک لەوان ژیانیان پرە لە تراژیدیا بەڵام دڵیان پڕە لە پەیڤی خۆشەویستیی نیشتمان.

بەشێکی دیکەی بەرنامەی "ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان" ئەو تێکۆشەرانەی خەباتی نێو شار و گوند و بەندیخانەکان بوون کە لە ڕۆژە سەختەکانی خەباتدا بەگژ زوڵم و زۆرداریدا دەچوونەوە و سەنگەری بەندیخانەیان بە خوێنی جەستەیان ڕەنگاندووە. ئەو ڕۆڵە ئازا و نەبەزانەی گەلی کورد عەیامێکە لەو سەنگەرەشدا دژمنیان بە چۆکدا هێناوە و بۆ سەربەرزیی گەلەکەیان بەشێکیان سەربەرزانە چوونە سەر دار و سەربەرزانە مردن. بەشێکیشیان بە ئیرادەی لەشکاننەهاتوویان چۆکیان بە ترس و نائومێدی داداوە و تا ئەمڕۆش لە سەنگەری بەرگریی لە گەلی کورددا بوێرانە سینگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی گەل و وەفاداری ڕێگەی پیرۆزیی شەهیدانی سوورخەڵاتی گەلی کوردی مافخوراو و زوڵملێکراون.

ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوە تاڵانەی کە لە ژیانی ئەو شۆڕشگێڕانەدا تۆمار کراون، هەر کامەیان بۆ خۆیان ڕۆمانێکن و پێویستە نەسڵی داهاتوو بیکەنە ئەزموون و وانەی نەبەزین و خۆڕاگری و هیوا و ئاواتەکانی ئەوان بیننە دی و نەهێڵن ئەو ڕێبازە بێ ڕێبوار بمێنێتەوە. بێگومان هەست و شعووری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لەنێو لاوانی کورددا ڕۆژبەڕۆژ زیاتر پەرە دەسێنێ و ئەو سەنگەرە هەر ئاوەدان و ئەو تێکۆشەرانەش بە ئەمانەتەوە ئەم ڕێگەیە بە ڕێبوارانی خوێنگەرم و تۆڵەستێنی نیشتمانی کورد دەسپێرن.

***

بەرنامەی "ساتێک لەگەڵ پارێزەرانی نیشتمان" دوای دیدار لەگەڵ ١٠٠ تێکۆشەری دێموکرات کۆتایی هات. بۆ درێژەدان بە بەرنامەکە ساغ بووینەوە کە لەمەودوا بە شێوەیەکی دیکە بە ناوی "ئۆگرانی ئازادی" درێژە بە بەرنامەکەمان بدەین. مەبەست ئەوەیە بتوانین لەگەڵ خەڵکێکی زۆرتر چاوپێکەوتنمان هەبێ و ڕەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی ئەو خەباتە و تێکۆشانی ئەو خەباتگێڕانە لەسەر هەستی ئەوان لە زمان ئەو کەسانەوە بیسین کە لە لاوە شاهیدی ئەو قارەمانەتییە بوون یان تەنیا بەشێوەی زارەکی و لە ڕادیۆ و مێدیاوە بیستوویانە، یان وەک نەسڵێکی دیکە هاتوون ئەم ڕێگەیە درێژە پێ بدەن. دیارە هەر لەم بەرنامەیەدا جێگە بۆ ئەو تێکۆشەرانەی دەورانی خەباتی چەکداری هەر ماوە کە تا ئێستا نەمانتوانیوە دیداریان لەگەڵ پێکبێنین.

# یەکیەتی

چیا شنۆ

هۆ دارستان!
ئەوە دەستێکی ناپاک کەوتۆتە جەستەتان
هەتا پوازێک
تێژتر لە دەمی چەقۆ داتاشێ
بۆ بڕینی دەماری برایەتیتان

هۆ ئاوەکەی بناری کێوەڕەش!
ئەوە پیلانێکی قیزەوەن
لە دڵی بەردەوە
ئەڕژێتە قەڵبەزەتان
خەریکە جۆگەیەک لە خوێن
هەڵبەستێ
بۆ ئاودانی گوڵەگەنمەکان

هۆ کوڕانی لە دایکبووی باخی سێو
مەهێڵن دارەکانی دارستان لێک داڕسێن
مەهێڵن ئەم کانیاوە
بە ئاقاری خوێندا ڕێگەی باخ بگرێتەبەر
ئەو دەستە ببڕن
دار و گەڵای پێشکەشی پاییز کردووە
ئەو دێوەزنەیە بسووتێنن
بەرۆکی ئاوەدانی گرتووە
ببنە مەسیح
دووبەرەکی لە خاچ دەن
مناڵەکانتان فێر کەن
وانەی یەکیەتی بڵێنەوە

# درەنگان

ڕابوون ڕۆژهەڵاتی

پێشی ڕووبار بگرن، دەبمە نەهەنگی سەرەڕۆ
تا ببەستن دەمی مانگ، بوومەتە دەنگی سەرەڕۆ

ئەو کچەی تورتە وتەی، کورتە نیگای تاریکی
باغچەیەک شێعرە لەلام ئەی کەلی شەنگی سەرەڕۆ

بوومە نەققاشیی چیا، وێنەیی کەونارایيم
بە قەرز داوەتە تابلۆیێ بە ڕەنگی سەرەڕۆ

هەڵکراوە لە تەلی ساز و بزەی شۆڕشدا
گڕی گۆرانییەکی کوردی بە چەنگی سەرەڕۆ

هێند لە نێو سەنگەری سەوزا لەشی من ڕاکێشرا
بوومەتە ساتێ لە خوێنێکی درەنگی سەرەڕۆ

دادەبارێ بە سەر ئەو دەشتی برینانەمدا
دەرفەتی ڕوونی ئەویندارى شەبەنگی سەرەڕۆ

ڕوو بە سێدارە لەمێژ ساڵە ئەتۆ حیلەت دێ
ئەی قەڵەم! سوێند بێ بە خۆت، بوویە تفەنگی سەرەڕۆ

لە منارەی ئەوی ئێوارەیە هەر زایەڵەیە
دەنگی خۆر، دەنگی بەیان، بوونەتە زەنگی سەرەڕۆ

کوا لە لێڵاوی هەموو ڕستەیە من دادەکەوم
هەر لە دەریایە دەژیم، بوومە نەهەنگی سەرەڕۆ



# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:812 6 December 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## بەر لە ماڵاوایی

# دواپەردەی شانۆکە



عەلی بداغی

کاتێک خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦ بە توندی سەرکوت کران، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی پێیان‌وابوو بۆ ساڵانێکی زۆر توانیویانە پاشەکشە بە جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک بکەن. بەڵام خەزەڵوەری ٩٨ گەیشتێ و ئەوان بە زەبری کوشتنی لانی‌کەم ١٥٠٠ کەس و بریندارکردن و گرتنی چەند هێندەی ئەوەندە کەسە توانییان گڕ و بڵێسەی خۆپیشاندانەکان دابمرکێنن. دواتر ئەو درندەیی و جینایەتە سامناکەش نەیتوانی ببێتە کۆسپ لەبەردەم بەردەوامیی نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان کە هەر جارەی لە سووچێکی وڵات و لە سۆنگەی قەیرانێکەوە سەر هەڵدەدەن.

بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵک بۆ نارەزایەتی‌دەربڕین بە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کەرتی تەندروستی، ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان، ئابووری و بازاڕی کار، هەروەها گرانی و بێکاری و، کەمی و دواکەوتنی مووچە و حەقدەستەکان ڕەوتێکی بەردەوامە و دەوڵەت و حکوومەتیش لە چارەسەری ئەو قەیرانگەلە داماون. ئەو داماوییەش هۆکاری زۆرە: ئەولەوییەتەکانی ڕێژیم لە سەرەتاوە «مەیدان» و سیاسەتی دەرەوەی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بووە، ئەمەش چەند پێداویستییەکی بەدوای خۆیدا ڕیز کردووە کە دروستکردنی گرووپ و میلیشیای جۆراوجۆر لە وڵاتانی ناوچە و بەخێوکردن و تەیارکردنیان بە چەک‌وچۆڵ، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی، وەگەڕخستن و پەرەپێدانی پیشەسازیی مووشەکی بەشێک لەوان بوون. ئەمەش سەدان میلیارد دۆلار لە دارایی و سامانی گشتیی وڵاتی بۆ تەرخان کراوە و ئەوەی دەبوا لە پەرەسەندن و ژێرخانی ئابووریی وڵات خەرج کرابا، بۆ مەرامە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم داندراوە. ئەوە جیا لەوەی لە سۆنگەی ئەو مەرام و سیاسەتانەوە دوو دەیەیە شریتی سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لەدژی ئێران نەپساوە و شوێنەواریی سزاکانیش ئێستا پتر لە هەموو کاتێک بە ژیانی خەڵک و پایەکانی کۆمەڵگەوە دیارە.

کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ پووڵی بۆ دروستکردنی قوتابخانە و ژیاندنی مامۆستایان نییە، کە ئیدیعا دەکا ناتوانێ مووچە و مزی کرێکاران بباتە سەرێ، کە دەڵێ بە هۆی کورتی‌هێنانی بودجە توانای تەواوکردنی پرۆژە نیوچڵەکانی بواری ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی نییە، بەڵام بۆ بەرنامە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی خۆی و ژیانی حوسییەکانی یەمەن و حیزبوڵڵاییەکانی لوبنان و میلیشیاکانی دیکەی لە وڵاتانی دیکەدا یەک کێشەشی نییە.

گەندەڵیی سیستماتیک کە سەرلەبەری حکوومەتی داگرتووە، ناکارامەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات کە بەشی زۆری بە کارتێل و مافیای سیاسی ئەمنییەتی و ئابووریی سپای پاسداران سپێردراوە، زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنییەتی بۆ مودیرییەتی پرسە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە خۆی سەرچاوەی زۆر کێشە و قەیرانی دیکە بووە، بەشێکی دیکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دۆخەن کە چارەسەرکردنیانی لە توانای ڕێژیمدا نییە. تەنیا یەک نموونە: لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک خۆپیشاندان لە پارێزگاکانی خوزستان و ئیسفەهان بەهۆی قەیرانی ئاوەوە ڕووی دا. هۆکاری ئەم قەیرانە بەر لەوەی دەرەنجامی ویشکەساڵی و گۆڕانکارییەکانی سروشت و کەشوهەوا بێ، ئاکامی سیاسەتی ئاویی ڕێژیمە. لەلایەک زۆر پرۆژەی ئابووریی ئاوپێویست کە دەبوا لە قەراغەکانی خەلیج و دەریای عومان دروست کردبا لە پارێزگا ویشک و ڕووتەنەکانی وەک یەزد و ئیسفەهان و ئەراک داناوە و دوایە ناچار بووە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەوە ئاویان بۆ بگوازێتەوە کە خۆی ئەمە قەیرانی کەم‌ئاویی لە ناوچە پڕئاوەکانی پێشوودا دروست کردووە. ئێستا خۆ ئەگەر بیانەوێ بە هەڵەکەشیاندا بچنەوە تازە کار لە کار ترازاوە و نە ئەو پیشەسازییانە جێگۆرکێیان پێ دەکرێ و نە لە توانایاندایە چارەسەری قەیرانی بێ‌ئاوی و بێکاری بن کە لە سۆنگەی ئەم سیاسەتەوە ئاوقای ئەو ناوچانەیان کردووە. لە ئاستی گشتیی وڵات و کەرتەکانی دیکەشدا بارودۆخەکە هەر هەمان شتە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا توندترین گوشاریان لەسەرە و یان دەبێ چالاکییە مووشەکی و ئەتومییەکانیان بوەستێنن، یان خۆیان بۆ سزای زیاتر لەوەندە ئامادە بکەن. ئەوەش یانی حکوومەت ئەوەندەی دیکەش داماوتر دەبێ و خەڵک هێندەی دیکەش دەکەونە تەنگانەوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە خەڵکیش چیدی دەست لەسەر دەست دانانێ. بۆیەشە ڕێبەرانی حکوومەت کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشی سامناکەوە. نە دەتوانن دەسبەرداری بۆمبی ئەتوم و مووشەک بن کە بەهۆی پشت‌تێکردنی خەڵک و نەبوونی شەرعییەتەوە و هەروەها دوژمنایەتیی دنیا بە تەنیا گەرەنتیی مانەوەی خۆیانی دەزانن؛ نە ئینتیمای گەڕانەوە و چارەسەری دۆخەکەش لە خۆیاندا شک دەبەن و؛ نە چیدیش دەرەقەتی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران دێن.

حکوومەت پتر لە هەموو کاتێک لە ڕووخانی نیزیک بۆتەوە. داماوی لە سیاسەتی دەرەکی، نەبووبی شەرعییەتی گەلی و کۆمەڵایەتی لە تەنیشت بەردەوامی و بەربڵاوی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و تۆکمەتری نارەزایەتییەکانی خەڵک، ڕێبەرانی ڕێژیمیان هەراسان کردووە. ڕێژیم کارتێکی دیکەشی لە دەستدا نەماوە هەتا بۆ ڕازیکردنی خەڵک دەکاری بکا و نە دروشمی «ئیسلاحات»، نە بانگەشەی «هێنانی پووڵی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک»، نە وادەی «بەئاکام‌گەیشتنی بەرجام» چیدی دادی نادا.

گرینگتر لەوانەش سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتە کە لەوەندە زیاتر بڕ ناکا و خەڵکی پێ چاوترسێن نابێ، چونکی لەمێژە بوێری و چاونەترسیی خەڵک جێگەی بە زمانی فیشەک و ئاگری ڕێژیم لێژ کردووە. خەڵک بەرەو یەکگرتوویی و ڕێکخستنی خۆیان و جووڵانەوەی نارەزایەتییەکانیان هەنگاو دەپێون. تەمەنی ڕێژیم ئاوا بووە، ئەگەر وڵاتانی زلهێز دیسانەکەش نەیگرنەوە و ئاهێکی دیکەی بەبەردا نەکەنەوە.

# جووڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی سمکۆی شکاک



ڕۆژی ٤شەممە، ٣ی سەرماوەز لە زانکۆی کۆیە، توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەلایەن «کوێستان نستانی» خوێندکاری قۆناغی ماستەر لە بواری مێژووی هاوچەرخدا لەژێر ناونیشانی «جووڵانەوە سیاسی و سەربازییەکانی سمکۆی شکاک» لەلایەن لیژنەی زانستییەوە گفتوگۆی لەسەر کرا.

توێژەر لە دوو توێی باسەکەیدا بە وردی سەرنجی خستە سەر ئەو نووسین و لێدوانانەی بە تایبەت لەلایەن ئێرانییە ناوەندگەراکانەوە لەسەر کەسایەتی و سروشتی جووڵانەوەی سمکۆ خراونەتەڕوو. بە تێڕوانینی توێژەر لە زۆربەی ئەو نووسراوانەدا هەوڵ دراوە ڕوخسارێکی شەڕەنگێز و سروشتێکی خێڵەکی و خاڵی لە ڕەگەزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەو جووڵانەوەیە پێشان بدرێ و بۆ ئەو ئامانجە زۆرجار ڕووداوەکان بەراوەژوو کراونەتەوە و چەواشە کراون. ئەوە لەحاڵێکدایە کە سمکۆی شکاک هەڵگری پڕۆژەیەکی نەتەوەیی بووەو، ئەوەش بە هەڵسەنگاندن و سەرنجدان بە هەڵسوکەوتە سیاسی و ئیداری و سەربازییەکانی سمکۆ و ئەو بەڵگەنامانەی کە لەو سەردەمدا بەردەستن و لە پاشکۆی توێژینەوەکەدا داندراون، بە ئاشکرا دەردەکەوێ.

مەبەستی توێژەر لە ماستەرنامەکەدا، ڕاستکردنەوەی چەواشەکارییەکانی مێژوونووسانی ناوەندگەرای ئێرانی و پێداگری لەسەر ئەو واقعییەتە بووە کە جووڵانەوەی سمکۆی شکاک هەوڵێکی جیددی بوو بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی و، ئازادکردنی بەشێکی بەرچاو لە ناوچەکانی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی پاشایەتی و بایەخدان بە زمان و فەرهەنگی کوردی و دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی و هەروەها کرانەوەی قوتابخانەی کوردی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن.

# وێبیناری سەد ساڵەی مامۆستا هەژار شەرەفکەندی



ڕۆژی شەممە، ١٢ی سەرماوەز بەبۆنەی یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی مامۆستا عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) وەرگێڕ و فەرهەنگنووس و زمانەوانی ناسراوی کورد وێبینارێکی زانستی بەڕێوە چوو.

ئەم وێبینارە بە دەستپێشخەریی ڕێکخراوی جیهانی کورد و ئاکادێمیی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە واشینگتۆن (مێراو) بەبۆنەی سەدەمین ساڵی لەدایکبوونی مامۆستا هەژار بە بەشداریی چەند کەس لە مامۆستایانی زمانناس و لێکۆڵەر بەڕێوە چوو کە تێیدا لەسەر ژیان و بەرهەمە بەنرخەکانی مامۆستا هەژار بابەت و وتاری خۆیانیان پێشکەش کرد.

لەم وێبینارەدا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە بە باسێک لەژێرناوی «ئەو (هەژار)ەی من ناسیومە!»، ماجد مەردۆخ ڕۆحانی بە باسێک لەژێر ناونیشانی «تایبەتمەندیی وەرگێڕاوەکانی مامۆستا هەژار»، خانیی شەرەفکەندی بە باسێک لەژێر ناوی «هەژار لە ڕۆچنەی ژیانی ڕۆژانەیەوە»، عەبدولخالق یەعقووبی بە باسی «کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی هەژار لەسەر گوتاری ڕۆشنبیریی کوردی» و ناسر باباخانی بە بابەتێک لەژێر ناوی «چوارینەکانی خەییام لە بەستێنی هێرمێنۆتیکیکی «هەژار»انەدا» بەشدار بوون.

سەرجەم ئەم بابەتانەی لەم وێبنارەدا پێشکەش کراون لەگەڵ وتارەکانی وێبنیاری سەدساڵەی هێمن لە دووتوێی کتێبێک بە ناوی «یادی سەدساڵەی هێمن و هەژار» بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە.

# لە هەولێر بە شکۆوە یادی جەلال مەلەکشا بەرز ڕاگیرا

یەکیەتیی نووسەرانی کورد لە شاری هەولێر ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی سەرماوەز ڕێوڕەسمێکی بۆ یادکردنەوەی مامۆستا جەلال مەلەکشا، شاعیری ناوداری کورد بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەلایەن د. سالار عوسمان خوێندرانەوە کە باسێک بوو لەسەر بەرزنرخاندنی پێگەی ئەدەبی و نووسینی جەلال مەلەکشا. دواتر فیلمێکی دیکیۆمێنتاری لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی نەمر مەلەکشا پێشان درا.

لە بڕگەیەکی دیکەدا پانێڵێکی ئەدەبی بە بەشداریی د. عەدنان بەرزنجی نووسەر و توێژەر و ڕەحیم لوقمانی شاعیر و نووسەر لەبارەی شێعر و بەرهەم و پێگەی جەلال مەلەکشا لەنێو ئەدەبی کوردی بەڕێوە چوو. پاشان وتاری بنەماڵەی جەلال مەلەکشا لەلایەن برای شاعیر بێهرووز مەلەکشاوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی کاری ڕێوڕەسمەکەدا سێ کتێبی جەلال مەلەکشا بە ناوەکانی «زڕەی زنجیری وشە دیلەکان (کۆ شێعر)، «جەلال مەلەکشا لە ئەدەبی کوردیدا» (کۆمەڵە وتار)، گوێزەل (وەرگێڕانی چیروکێکی مەحموود دەوڵەت‌ئابادی)، بەسەر ئامادەبوواندا دابەش کرا.

جەلال مەلەکشا ساڵی ١٣٣٠ لە گوندی «مەلەکشان»ی سەر بە شاری سنە لەدایک بوو و پاش تەمەنێکی خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



# چیرۆکەشێعری «خرتێ» لە سنە چاپ و بڵاو بۆوە



ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٨ی سەرماوەز، لە کتێبخانەی ناوەندیی شاری سنە و بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدەبدۆستان و شاعیران و نووسەرانی ئەو شارە ڕێوڕەسمی پەردەلادان لە چیرۆکەشێعری «خرتێ» لە نووسینی فەرید ڕاژین بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا مامۆستا ماجد مەردۆخ ڕوحانی، دوکتور نەزیر مۆزەفەری (دەروونناسی منداڵان) و خاتوو زلێخا بەهمەنی (شاعێری منداڵان)، لەبارەی ئەدەبی منداڵان وتاریان پێشکێش کرد و هەروەها تەوفیق ئیبراهیمی، لەتیف پێندار، ماشەڵڵا مەیهەمی، ئێقباڵ بەرقی و خاتوو ژالین پەردیس بە خوێندنەوەی شێعر و؛ هونەرمەندان زانیار پێندار و حامید پیرا بە مووسیقی کۆڕەکەیان ڕازاندەوە.

لە بەشی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا پەردە لەسەر چیرۆکەشێعری "خرتێ" لادرا و فەرید ڕاژین «خرتێ» شێعرێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.